# خەرمانە

گۆڤارێکی وەرزی ئەدەبی
ڕۆشنبیرییە لە سوید بڵاودەکرێتەوە

ژمارە 3
سپتیمبەر
1991

# خەرمانە

گۆڤارێکی وەرزی ئەدەبی رۆشنبیرییە لە سوید بلاودەکرێتەوە

ژمارە 3
سپتێمبەر
1991


## لەم ژمارەیەدا


**بابەتی ئەدەبی**

کورتەی مێژووی شیعری نوێ
لە کوردستانی ئێراندا 3 هێدی
چەند گوتنێکی فروغی فروخزاد 7 و. بەرۆژ ئاکرەیی
ئایدۆلۆژیا ملەی رۆشنبیرییە 14 رێبوار سیوەیلی

**سێ بابەتی جیاواز** حەمەسەعید حەسەن
ماچەکەی عەبدوللا پەشێو 19
بۆ جەمالی عەلی فایز 23
نامەیەک بۆ سەرانی بەرەی کوردستانی 26

**چیرۆک**
دووکەڵ و بەرد 30 محەمەد فەریق حەسەن

**شیعر**
چاوەی رۆحی بریندارم 32 مەهاباد قەرەداغی
ئێوارەیەکی پڕ هەژان 34 هوشیار بەرزنجی
ئاونیشانی یادێکی کۆچکردوو 35 جەلال میرزا کەریم
چەند شیعرێکی لانگستن هیوز 37 و. ئاشتی ( جەعفەری شێخولئیسلامی )
دیوارەکانی سنوور 39 فروغی فروخزاد و. باوکی ئامانج
شەوێکی ئایار 40 ئەلفرید دی مۆسیە و. دڵزار

**فایلێک بۆ راپەڕین و کۆچ**
کرۆنۆلۆژیای جەنگ تا وتووێژ 44 فەرهاد پیربال
راپەڕین سەرکەوتن نووشستی 53 پشکۆ
هەلومەرجی راپەڕینی ئازار 58 نەژاد
پەیامنێرتان لە سلێمانییەوە 60 رۆژا

**چاوپێکەوتن**
لەگەل سەرۆکی کۆمەڵەی کوردی
رۆناهی لە گورجستان 63 مەهاباد کوردی ، باقیێ بارزان

بەرهەمی نوێ 66
نامەی نۆستان 67
روونکردنەوەیەک 68



**دەستەی نووسەران**

حەمەسەعید حەسەن - سەرنووسەر -
فازیل کەریم
پشکۆ

**دەرهێنانی هونەری**

عەباس ئیسماعیل حەمەد



پۆستگیرۆ ........ 6222726 - 9

ئەدرەس ........ *KHARMANA*
Box 8
641 21 Katrineholm
Sweden



چـــاپـــخـــانـــەی هـــەڵەبـــجـــە



هەواڵنامەی کتێب

ئەو کاتانەی
گوێزانی با
باڵی پەپولەی ڕەوانی
منداڵێ هەڵدەوەرێنێ،
ئەو کاتانەی
کێو هێرش بۆ
داری وشکهەڵاتووی عومری
پیری دێنێ،
ئەو کاتانەی
واشەی برسییێتی خێزانێ
وەکوو جووجەڵە دەفڕێنێ
ئەو کاتانەی
میللەتێ زەمین ڕادەخاو
لێفەی بەفر
لە خۆیەوە دەئاڵێنێ،
خوا چاوە دووربینەکانی دەنووقێنێ!

# کێ ڕچەی کوتا؟

## کورتە مێژووی شیعری نوێ لە کوردستانی ئێراندا

هێدی
بەهاری
1991

لە سەدەی هەژدەهەمدا تاقمێک نووسەری فەڕەنسی دژی شیعر ڕابوون. لەڕاستیدا مەبەستیان لە دژایەتی دەگەڵ شیعر، دژایەتی دەگەڵ کێش‌و سەروا (قافیە) بوو. ئەو ئەدیبانە کێش‌و سەروایان بە شتێکی بێ سوود دەزانی. بۆ سەلماندنی ئەو بیروڕایەمان دەیانگوت کێش‌و سەروا دەبنە بەرهەڵستی شاعیر لەپێناو دەربڕینی مەبەستدا.

لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم‌و سەرەتای سەدەی بیستەمدا بزووتنەوەیەکی دیکە لە ئەورووپا سەریهەڵدا کە بزووتنەوەی شیعری نوێ بوو. ئەوجار شاعیرەکان بۆخۆیان بوونە ئالاهەڵگری ئەو ڕاپەڕینە‌و مەبەستیان وەکو جاری پێشوو دژایەتی دەگەڵ کێش نەبوو بەڵکو پێیان وابوو کە بنەمای شیعرو شاعیری هەر «کێش»ەو بەو پێیە شیعرو مۆسیقاش پێکەوە خزمن.

ئەو بزووتنەوە نوێخوازییەی ئەورووپا لە سەرەتای شۆڕشی دەستووری «مەشرووتە»دا (1906)و تەنانەت پێش ئەویش بە وەرگێڕانی بەرهەمی ئەدەبی ئەورووپا لە ئێراندا پەرەی گرت‌و شتی تازەو بیری نوێ ڕوویان دە وڵاتی ئێران کرد.

«نیمایوشیج» (عەلی ئیسفەندیاری)یش (1895 - 1959) کە بە بابی شیعری نوێی فارسی ئێودێر کراوە لە قوتابخانەیەکی فەڕەنسی‌دا خوێندوویەو شارەزای زمان‌و ئەدەبیاتی فەڕەنسا بووە. دیارە ئەو شارەزایی ڕچەی نوێخوازی پێشان داوەو ئەویش بوێرانە شکاندوویە. لە ئێران‌دا زۆر کەس ئەو نوێخوازییەیان بەبێ سەروبەری دەزانی‌و شیعری نوێیان پێ وڕێنە بوو، بەڵام شیعری نوێ لە بوار کل نەبووو خۆی سەقامگیر کرد.

کورد بە پێچەوانەی دەروجیرانەکانی زۆر نامۆی شێوەی شیعری نوێ نەبووەو هەر لە سەرەتاوە لەبەر ڕووناکی بەیتە فۆلکلۆرییەکانەوە گوێی بەو شێوەیە ڕاهاتووە. هێندێک پێیان وایە ئەدەبیاتێکی فۆلکلۆرێکی کورد لە سەردەمی پاشایەتی سەفەوییەکان (1678 - 1715ز)دا سەریهەڵداوەو تەمەنی ئەو ئەدەبیاتە لەو سەردەمەی کۆنتر نییە، بەڵام چونکە مێژووی دانانی بەیتەکان دیاری نەکراون ناکرێ پشت بەو وتەیە ببەستین‌و هەر وەک بۆچوونێک جێگای سەرنجە.

زۆربەی بەیتە فۆلکلۆرییەکانی کوردی بە شیعری جوان‌و تەڕو پاراو لەسەر کێشی خۆماڵی‌و تایبەتی کوردی داڕێژراون. لە هێندێکیاندا تەنانەت سەرواو سەنعەتی شیعریش لەبەر چاو گیراوە، بەڵام دانەرەکانیان خۆیان لەبەر شەکەت نەکردووە، واتە ئەو دابە نەبۆتە هۆی ئەوەی کە شاعیر لە مەبەستی بنەڕەتی دوورکەوێتەوە. ئەگەر زانیویە قافیە دەیخاتە تەنگانەوە زۆڕی لەسەر نەڕۆیوەو زووی بڕیوەتەوە. دیارە زۆربەی بەیتەکان دانەرەکانیان نەناسراون‌و هەر بە دەم بەیت بێژە دەنگخۆشەکانەوە لە بەرەیەکەوە بۆ بەرەیەکی دی ژیاونەوە. وێشانچێ هەموو شاعیری بەیتەکان بێسەواد بووبن.

دە بەیتی «زەمبیل فرۆش»دا دیارە کە دانەرەکەی خوێندەوار بووەو بۆ ئەوەی کە خوێندەوارییەکی دەربخا بەیتەکەی بە وشەی عەرەبی‌و فارسی ئاخنیوەو تەنانەت بە کێشی عەرووزیش دەستی پێکردووە:

«حەق! دڵ وەرە جارێک بە جۆش،
جامێ جە ئەشقە مەی بنۆش،
کێن قەزیەتی زەمبیل فرۆش،
ئەسیح بکەم حیکایەتێ،
دەست دە کورسی سەناعەتێ.»

بەیتی «لاس‌و خەزاڵ»یش یەکێکە لەو بەیتانەی کە زۆر وەستایانە داڕێژراوە، میسرەعەکانی کورت‌و درێژن، بەڵام لە کاتی درێژبوونەوەی میسرەعەکان کێشی بەیتەکان پارێزراوە:

«یای خەزاڵ، نە قەوڵت قەوڵە، نە شەرتت شەرتە، نە دینت دینە،
هەزار باری دەنەحلەتانت بێ لە پیرە داکێ، لە برای گچکەڵە،
لە بابی ردێن شینە،
ئەمن بۆ تۆ دەچوومە کوێستانی عەزیمو بۆززگینە،
دەسکێکی سۆسنو هەلاڵەم دەچنینە،
دەسک بە دەسکم کردن بە ئاوریشمی نوکانیم بەستینە.»

عەلی بەردەشانی کە شاعیری هێندێک لە بەیتەکان بووەو ویدەچێ سەوادیشی بووبێ، لە داڕشتنی بەیتەکاندا ئەوەندە شارەزاو وەستا بووە کە کەس نەیوێراوە خۆی لە قەرەی بدا. بەیتی «خەزێم» کە لەوانەیە ئی وی بێ ئەو لێهاتوویییە دەردەخا:

«سەد وەستام دەوێ لە بانی کۆیە
هەشتا لە موسڵێ شێست لە شنۆیە
کراس بدروون لە گوڵی لیمۆیە،
دەبلاێ تەنک بێ
ناسکو شلک بێ
بۆ چاو هەڵۆیە.»

بەیتە فۆلکلۆرییەکانو شێوەی داڕشتنیان کە بۆنو بەرامەی خۆماڵییان پێوە بوونە بنەمای داڕشتنێکی نوێ کە شیعری نوێی ئەمڕۆشمان دەگەڕێتەوە سەر ئەو بنەمایەو هەر ئەو بۆنو بەرامەیەی لێدێ. سەرەڕای ئەوەش ناکرێ چاوپۆشی لە دەورو کارتێکردنی ئەدەبیاتی دەروجیران بکەین. لە کوردستانی عێراقدا «شێخ نوری شێخ ساڵح» (1896 - 1958ز)و «گۆران» (1904 - 1962ز) لە ڕێگای ئەدەبی تورکی عوسمانییەوە ئاشنای شێوەی نوێ بوونو شیعری کوردیان تازە کردەوە. گۆران کە گیانی وەبەر شیعری نوێی کوردی نازمانی ئینگلیزیشی دەزانیو شارەزای ئەدەبی بێگانە بوو. بۆ هێنانە بەرچاوی کارتێکردنی ئەدەبی بێگانە دەکرێ ئیشارە بە شیعری «سۆنێت» ( Sonett ) بکەین کە جۆرەشیعرێکی رۆژئاواییەو لە سەدەی سێزدەهەمدا لە ئیتالیا سەریهەڵداو هەموو رۆژئاوای گرتەوە. ئەو شێوە شیعرە فرەچەشنە، شێوەی ئیتالیایی یازدە برگەیەو فەرەنسی دوازدەو ئینگلیزی دە. قافیەی یەکەمو سێهەم، دووهەمو چوارەم لە شیعری «سۆنێت»دا وەک یەکنو لە کۆتاییشدا دوو قافییەی جووت بە دوای یەکدا دێن. شیعری «دواسەرنج»ی گۆران نموونەی هەرە سەرەکەوتووی «سۆنێت»ە. دیارە مەولەویو مەلای جزیریش شیعریان بەو شێوەیە هەیە.

گۆران بۆی دەرکەوت کە کێشی عەروزی دەگەڵ تەبیعەتی زمانەکەمان ناگونجێو کێشە خۆماڵیو فۆلکلۆرییەکان کە لە باوکو باپیرانەوە بۆمان بەجێماون باشتر دەگەڵ سروشتی زمانەکەمان رێکدەکەون.

بەر لەوەی بێینە سەر شیعری نوێ لە کوردستانی ئێراندا پێویستە یادێکیش لە «حەسەنی سەیفی قازی (سەیفولقوزات)» (1877 - 1944ز) بکەین کە رێبازی تایبەتی هەڵبژاردو هەنگاوی بەرەو نوێبوونەوەی شیعر هەڵگرت، شیعری کوردی لە وشەی رەقو عەرەبی بێزار کرد.

سەیفی قازی کە بە مامۆستای شاعیرانی موکریان ناسراوە ئەوەی بۆ روون ببۆوە کە دەبێ وشەی پەتیو رەسەن لە دێو نەخوێندەوار فێر بینو کێشی شیعر لە فۆلکلۆری کۆن وەرگرین.

هەرکە باسی شیعری نوێ لە کوردستانی ئێران دێتەگۆڕێ ناوی «سوارەی ئیلیخانیزادە» (1937 - 1975) دەبێتە ئەستێرەیەکی گەشی ئاسمانی هەراوی ئەو باسە. هەرچەند کاکە سوار سێهەم کەس بوو کە لە کوردستانی ئێراندا دەستی بە دانانی شیعری نوێ کرد، بەڵام لەو مەیدانەدا بوو بە شاسوارێکی لێهاتووو شیعری نوێی گەیاندە لووتکە. «خەو بەردینە»کەشی بەڵگەی ئەو سەرکەوتنەیە:

«لەناو ئەو هەموو ئاوە هەرچاوەیەک باوی هەنگاوی خۆشە
بە تەنیا ئەوە شارەزای کۆسپو کەنداڵی رێیە
هەوەڵ مەنزڵی زێیە، ئاواتی بەرزی زرێیە
ئەزانێ لە هەڵدێرە هاتی بەهێزی
لە ئەسکوندو چالایە هەڵدانو گێژی.»

سوارەو فاتیحی شێخەلئیسلامی (چاوە)و عەلی حەسەنیانی (هاوار) کە سێ سواری لێهاتووی مەیدانی شیعری نوێن، لە زانستگای تاراندا یەک دەگرنەوە. دیارە دەپێشدا هەرسێکیان بە فارسی شیعریان دەسپێکردبووە.

کاک عەلی حەسەنیانی (هاوار) (1939ز)کە لە ساڵی (1959)دا - دوو ساڵ بەر لەسوارەی- دەچێتە زانستگای تاران وردە وردە بە هانای هاوکلاسەکەی (کاک سەلاحی موهتەدی) کە کوردیزانو شیعرناسێکی باش بوو، بەلای شیعری کوردیدا کل دەبێ. هاورێیەتی کاک سەلاح پێی کاک

عەلی حەسەنیان (هاوار) بۆ خزمەت خودالێخۆشبوو (حاجی رەحمان ئاغای موهتەدی)، بابی کاک سەلاحی دەکاتەوە. حاجی رەحمان ئاغا کە شارەزاییەکی باشی لە ئەدەبیاتی کوردی‌دا دەبێ، چاوی کاک عەلی بە شیعری شاعیرانی کلاسیکی کورد دەکاتەوە. لەو سەروبەندەش‌دا دەگەڵ کاک فاتیحی شێخەلئیسلامی (چاوە) ئاشنا دەبێ. کاک فاتیح کاک عەلی دەگەڵ شیعری مامۆستا گۆران ئاشنا دەکا. شیعری گۆران لە لایەکو خوالێخۆشبوو حاجی رەحمان ئاغا لەلایەکی دیکەوە دەبنە هاندەری هەرسێک شاعیری نابراو کە زیاتر بە کوردی شیعر دانێن. کاک سەلاحی موهتەدیش لە لاوە دنەیان دەدا کە چوارچێوەی شیعری کلاسیک تێکبشکێنن‌و روو دە شیعری ئازاد بکەن.

سەرەنجام کاک عەلی حەسەنیانی (هاوار) لە ساڵی (1959)دا بە شیعری «جەللاد» بوێرانە رچەی شیعری نوێ لە کوردستانی ئێراندا دەشکێنێ:

وەرە جەللاد!
وەرە گیانم هەموو لەت لەت بکە تاکو بزانی چۆنە ئیمانم
ئەتۆ جەللاد
ئەگەر دەربێنی ئێسکانم
ئەگەر بێنی لەبەر چاوم بکوژی گشت عەزیزانم
بە وەڵڵاهی
بە خاکی پاکی کوردستان
ئەمن کوردم
قەتیش نالێم پەشیمانم

هاوار بە دوای شیعری «جەللاد»دا شیعرێکی دی بەناوی «بۆمباران» دەخوڵقێنێ. دەڵێن مامۆستا هێمنی نەمر کە چاوی بە شیعری «بۆمباران» دەکەوێ دەڵێ: «میللەتێک کە لە ئەدەبیاتەکەی ئەو شیعرەی هەبێ هەرگیز نامرێ»:

جار جار قرەی قەل،
لە بنەی دارو باخ،
یان دەنگی کوندێک،
لەلای شاخ‌و داخ،
یان لوورەی گورگێک،
لەلای تەل‌و گرد،
بێدەنگی دنیان لە نێو لادەبرد ...

جار جار دوو لکە دار،
هەروەک دوو دڵدار،
سەریان وێک دێنا سرتەیان دەکرد

دوای «بۆمباران» کاک فاتیح (چاوە) یەکەم شیعری نوێی خۆی دادەنێ کە لەوانەیە شیعری «نازدار» بووبێ:

باوکی نازدار
چووبوو بۆ شار
چووبوو جلی بۆ بستێنێ
سەڵتەی بەرویشت بە لاشە
نازداری خۆم پێی داپۆشێ رووتی لاشە ...

پاشان (چاوە) بە کۆمەڵێک شیعری سەرکەوتووی وەک (شەو، بووکی کۆست کەوتوو، گزە باو ...) سوارچاکی خۆی لەو بوارەدا دەسەلمێنێ.

بە دوای (چاوە)دا (سوارە) شیعری «شار»، لەسەر کێشی شیعری «کەژاڵێ»ی (هاوار) دەخوڵقێنێ.

دیارە «کەژاڵێ»ی هاواری ــ کە لە ساڵی (1961)دا دانراوە ــ و «هەسیرەکەم»ی چاوەی ــ کە دوای «کەژاڵێ» دانراوە ــ و «شار»ی سوارەی ــ کە دوای «کەژاڵێ»و «هەسیرەکەم» دانراوە ــ هەرسێک لەسەر کێشێکن. وێدەچێ «شار»یش یەکەم شیعری نوێ سوارە بووبێ:

گوڵم
دڵم پڕە لە دەردو کوڵ
دەڵێم بڕۆم لە شارەکەت
دەڵێم بە جامێ ئاوی کانیاوی دێیەکەم
عیلاجێ کەم کوڵی دڵی پڕم
لە دەردی ئێنتیزارەکەت

هەتا بەرەبەری ساڵی (1964) ماڵە حاجی رەحمان ئاغای موهتەدی مەکۆی ئەدەبدۆستان بووەو کۆڕی ئەدەبی لێ گیراوە، بەڵام لە نەورۆزی (1964)دا هەرسێک شاعیر (هاوارو چاوەو سوارە) دەگەڵ تاقمێکی دی بە تاوانی کوردایەتی لە زیندانی «قزلقەڵا»ی تارانێ ــ ئەو دەم بەندیخانەی «ئەوین» دروست نەکرابوو «قزلقەڵا» جێگەی زیندانییە سیاسییەکان بووە ــ دەگیرێن‌و پاشان کە بەردەبن کۆڕە ئەدەبییەکە خاو دەبێتەوەو نامێنێ. سوار شیعری «سوورە قەڵا، دایکی بەڵا» لە بەندیخانەی قزلقەڵا دادەنێ:

لە چاوی تۆ «باستیل» بەهەشتە     «ئالکاتراز»یش جێگای گەشتە

«شیلان» بە ڕەنگی وەک شیلان بۆتە جێی دیلان، بۆ دیلان
سوورەقەلا
دایکی بەلا

بە داخەوە مەرگ مەودای سوارەی نەدا لەو بوارەدا زیاتر باڵۆیەو زوو ماڵاوایی لێکردین. بەو هیوایەی (هاوارو چاوە) هەروا سەرکەوتووانە باڵۆینو ئۆخژن لە دڵی تامەزرۆیان نەبڕن.

ئەو سێ شاعیرە (هاوارو چاوەو سوارە) لە کوردستانی ئێراندا سێیەکی شیعری نوێنو لەوەتی ڕچەی شیعری نوێش کوتراوە گەلێ شاعیری لێهاتووی دیکە سەریانهەڵداوەو بەرەو سەرکەوتن داڵۆین.

سەرچاوەکان:


1 - «تحفه مظفریه»، گرداری ئۆسکارمان، ساغکردنەوەی مامۆستا هێمن
2 - پاشەرۆک، هێمن
3 - ئەنجومەنی ئەدەبی، ئەمین ئەیزی بەگ
4 - کۆمەڵێک نامەی کاک عەلی حەسەنیانی (هاوار)
5 - «وزن شعر فارسی»، دکتور پەرویز ناتل خانلری
6 - «مجموعه مقالها»، سەمەدی بەهرەنگی


## هەواڵێکی هونەریی لە کوردستانەوە

«نێرگزبووکی کوردستان»
ناونیشانی فیلمێکی سینەمایی کوردییە

محەمەد فەریق حەسەن
چیرۆکو دیالۆگەکەی نووسیوە

جەعفەر عەلی
دەرهێنەرێتی.
ساحب حەدداد
مۆنتاژی کردووەو
نهاد عەلی
بەڕێوەبەری وێنەگرتنێتی.

هونەرمەندان:
ئەحمەد سالار، سمکۆ عەزیز، بەدیعە دارتاش، شەماڵ عەبدوڵڵا، ڤیان عەبدوڵڵا، شادان فوئاد، عومەر عەلی ئەمین، ئاکام ئەنوەر،
ڕۆڵە سەرەکییەکانی تێدا دەگێڕن

سەلاح ڕەوفی هونەرمەند
بەرپرسی مۆسیقای فیلمەکەیەو
گۆرانی بێژان:
پەیمان عومەر، بورهان محەمەد، مەحموودە نۆم
گۆرانی تێدا دەڵێن.
فیلمەکە
تەرجوومەی ئینگلیزی لەسەرەو
دیمەنەکانی
لە دڵگیرترین ناوچەکانی کوردستان
هەیبەت سوڵتان، چیای ماکۆک، ڕەواندوز، تاڤگەی بێتواتەو نێرگزە جارەکانی شارەزوور
گیراون.

# چەند گوتنێکی (*) فروغی فروخزاد

بەرۆز ئاکرەیی
کردوویە بە کوردی

دیارییە بۆ «ئاریا» و دەستەکانی

- لە ساڵی 1935 لە تاران چاوی بە ژین هەڵێناوە .
- لە تەمەنی 16 ساڵیدا ، شووی کردووە . پاش ساڵێک کوڕێکی بووە و ساڵی دواتر دەبوا لە نێوان شیعر و ژیانی خێزانیدا یەکیان هەڵبژێرێ . شیعر هەڵدەبژێرێ و لە مێردەکەی جیا دەبێتەوە . تا کۆتایی ژیانی و ماوەی 16 ساڵ نەیتوانیوە چاوی بە کوڕەکەی بکەوێ .
- لە ساڵی 1953دا یەکەمین کۆمەڵە شیعری خۆی «دیل» بڵاودەکاتەوە . لە ساڵی 1958 «دیوار» و 1960 «یاخی بوون» و 1963 «لەدایکبوونێکی دی» بڵاودەکاتەوە .
- دوایین بەرهەمی شیعری فروغ ، کۆمەڵە شیعری «باوەڕ بە سەرەتای وەرزی سەرما بێنن» ،
- زستانی ساڵی 1966 بەهۆی لێکدانی ئۆتۆمبێل کۆچی دوایی دەکا و لە ڕۆژێکی سارد و سڕی بەفرانبارانذا دەنێژرێ .



«... من لەو کەسانە نیم، کە دەبینن کەسێک سەری بە دیوار دەکەوێ و دەشکێ، بەو ئاکامە دەگەن: نابێ ئیتر بەرەو دیوار هەنگاو هەڵێننەوە . من تا ئەو کاتەی سەری خۆم نەشکێ، دەرک بە مانای دیوار ناکەم . دەمەوێ بڵێم: تەنانەت دوای خوێندنەوەی «نیما»ش من گەلێک شیعری لاوازم نووسیون . من نیازم بەوە بوو لە دەروونی خۆمدا ، گەشەبستێنم . ئەم گەشەسەندنەش ، کات و زەمانی گەرەک بوو . دیارە بە خواردنی (حەبی ڤیتامین) بالای مرۆڤ بەرز نابێتەوە . درێژبوونی بەژن و بالا شتێکی رواڵەتییە . خۆ ئێسکەکان هەر لە خۆیاندا ئاتەقنەوە ! بەهەر حاڵ سەردەمایەک شیعرم دەنووسی . هەروا بە شێوەیەکی خۆڕسکی بگرە لە ڕووی غەریزەوە . ڕۆژی دوو ـ سێنیەکم دەنووسین : لە متبەقدا ، لە پشت مەکینەی بەرگ دوورین‌دا ... هۆیەکیشی دیارە ئەوە بوو کە هەر دیوان بە دوای دیواندا بوو کە دەمخوێندنەوە و پڕ دەبووم و چونکە پڕ دەبووم و ئەختێک بەهرەشم هەبوو، ناچار دەبا دەرمدابان . نازانم ئەمانە شیعر بوون یان نا ؟ ... تەنیا دەزانم زۆربەی «من»ەکانی ئەو سات و سەردەمە بوون . ڕاست و بێ پێچ و پەنا و بگرە خۆمانی بوون و ئەوەش دەزانم گەلێک سادە و ڕەوان بوون . من هێشتا وەڕێ نەکەوتبووم . زمان و شێواز و دونیای تایبەتی خۆمم پەیدا نەکردبوو . لە شوێنێکی تەنگ و بچوکدا بووم کە ناویان ناوە ژیانی خێزانی ! پاشان هەر بە جارێ

( * ) لە کتێبی «برگزیده اشعار فروغ فرخزاد» وەرگێڕدراوە ، بیژن جەلالی بلاوی کردۆتەوە . لە بلاوکراوەکانی «مروارید» 1356 تاران .

لەو قسانە خاڵی بووم. شوێنی ژیانم گۆڕدرا. یانی بە شێوەیەکی زەبری‌و سروشتی گۆڕینی بەسەر داهات. ئەوەی راستی بێ «دیوار»و «یاخی‌بوون» پەلەقاژەی نا ئومێدانەن لە نێوان دوو قۆناغی ژیاندا. یان دوا هەناسەدانەکانی بەر لە چەشنە رزگارییەکن. مرۆڤ دەگاتە قۆناغی بیرکردنەوە. لە تەمەنی هەرزەکاریدا، هەستەکان ریشەی لاوازو بێ‌هێزیان هەیە. تەنیا بەرەو خۆ کێشانیان بەهێزە. دیارە ئەگەر پاش چەندێک نەخرێنە ژێر کارتێکردنی هزرو بیرو بەم دووانەوە رابەریی نەکرێن، یاخود نەبن بە ئاکامی تێفکرین‌و قووڵبوونەوە، ئەوا وشک دەبن‌و لەناو دەچن. من سەیری دونیای دەورو بەرو شتەکانی دەورو بەرو مرۆڤەکانی دەورو بەرو هێڵە رەسەنەکانی ئەم دونیایەم کردو لێیان وورد بوومەوە، ئەوسا شیعرم دۆزیەوە. کە هاتم ویستم بنووسم بینیم پێویستیم بە وشە هەیە. وشەی تازە کە پێوەندییان بە هەمان دونیاوە هەیە. ئەگەر بترسابام: دەمردم. بەڵام نەترسام، وشەکانم هێنایە مەیدان. من چیم بەوە داوە کە ئەو وشەیە هێشتا نەبۆتە وشەیەکی شاعیرانە. خۆ خودی وشە گیانی هەیە کەواتە دەیکەمە شاعیرانە. وشەکان هاتنە مەیدا، لە ئاکامدا، نیاز بۆ گۆڕین‌و دەستکاری کردن لە باری کێش‌و مۆسیقای وشەکانەوە هاتە دی. ئەگەر ئەم نیازەیش بە شێوەیەکی ئاسایی نەهاتبایە دی، ئەوا «نیما» نەیدەتوانی کارم تێکا. «نیما» رێنیشاندەری من بوو. بەڵام من خۆم، سازاندەی خۆم بووم. من هەمیشە پشتم بە تاقیکردنەوەکانی خۆم بەستووە. دەبا لە سەرەتادا ئەوەم دۆزیبایەوە کە چۆن بوو «نیما» بوو بە خاوەنی ئەم زمان‌و شێوازە ئەگەر ئەم گرێیەم نەدۆزیبایەوە، هیچ سوودێکی نەدەبوو. چونکە ئەو کاتە، تەنیا دەبوومە لاسایی‌کەرەوەی بێ ویژدان. دەبوو هەرچۆنێک بووایە، ئەم رێگایەم بڕیبا. واتە: پەرەم بە ژیان دابا»

«من کاتێ دەڵێم: دەبێ! ئەم (دەبێ)یە، مانا لێکدەرەوەو شیکەرەوەی چەشنە کەلەرەقییەکی غەریزی‌و سروشتییە لە دەروونمدا. بێجگە لە «نیما» گەلێک کەسی تریش جادوویان کردووم. بۆ نموونە: شاملوو.

شاملوو، لە بارەی سەلیقەکانی شیعری‌و هەستەکانمەوە، نزیکترین شاعیرە لێم. کاتێ شیعرەکەیم خوێندەوە «ئەو شیعرەی کە ژیانە» ئەوسا زانیم بوارەکانی زمانی فارسی گەلێک بەرفراوانن‌و ئەم تایبەتمەندییەم لە زمانی فارسیدا دۆزییەوە کە دەکرێ بە ساکاری بدوێین. تەنانەت ساکارتر لە «ئەو شیعرەی کە ژیانە».(*) یانی هەر بەم سادەییەی ئێستا لەگەڵ تۆ دەدوێم. بەڵام تەنیا دۆزینەوە بەس نیە دەی باشە، ئەو زمانەم دۆزیەوە، ئەوسا چی؟ تەنانەت لاسایی کردنەوەش ئەزموونی دەوێ. دەبوا لە رەوتێکی ئاساییدا، لە دەروونمداو بە پێی پێداویستەکانی هەست‌و هزری خۆمەوە بەرەو ئەم زمانە ، هەنگاوم هەڵێنابا. ئەم زمانەش هەر لە خۆیەوە بۆم نەهاتە کایەوە. لە کەسانی تردا هاتبووە دی. ئێستا ئەختێک وا دێتە بەرچاو. وا نیە؟ ... من پێم وایە لەم زەمینەیەدا بە دوای ئامانجێکدا چووم. گەلێک کاغەزم رەش کردن. ئێستا وای لێهاتووە ئیتر کاغەزی زەردی «کایی» دەکرم. هەرزانترە»

دەزانی چیە؟ ... من ئینسانێکی گەلێک سادەم. بەتایبەتی کاتێ دەمەوێ بدوێم، زێتر هەست بەم کێشەیە دەکەم. من کێشەکانی عەرووزم نەخوێندۆتەوە بەڵکو ئەوانم لەو شیعرانەدا کە دیومن، دۆزیوتەوە. کەواتە بۆ من حوکم نەبوون. ئەو رێگایانە بوون کە خەڵکی تر پێیدا رۆیشتبوون یەکێک لە بەختەوەرییەکانی من کە نە زیاد خۆم لە ئەدەبیاتی کلاسیکی وڵاتەکەماندا خنکاندووە، نە هێندەیش شەیدای ئەدەبیاتی رۆژئاوام. لە سەردەمێکی دیاریکراودا کە ئەو سەردەمە لە بواری ژیانی‌و کۆمەڵایەتی‌و بیروبۆچوون‌و ئاهەنگی ژیانەوە، تایبەتمەندییەکانی خۆی هەیە، من لە دەروونی خۆم‌و دونیای دەوروبەرمدا، عەودالی شتێکم. هەموو رازو نهێنییەکەی کاریش لەوەدایە کە دەرک بەم تایبەتمەندیانە بکەین‌و بمانەوێ ئەم تایبەتمەندیانە، بهێننە ناو شیعرەوە، وشەکان بۆ من گرنگییەکی تایبەتیان هەیە هەر پەیڤێک رۆح‌و وڕەی تایبەت بە خۆی هەیە. شتەکانی تریش هەر وان. من لە پێشینەی شاعیرانەی پەیڤ‌و وشەکان بێ ئاگام. چیم بەوە داوە کە تا ئێستا هیچ شاعیرێکی فارس زمان، بۆ نموونە: وشەی «تەقینەوە»ی لە شیعرەکانیدا بەکار نەهێناوە. من لە بەیانییەوە تا شەو دادێ سەیری هەر لایەک دەکەم، دەبینم شتێک خەریکی

(*) یەکێکە لە شیعرە هەرە بەناوبانگەکانی‌و ئەو کاتەی ئەحمەد شاملووی مەزن. و.

تەقینەوەیە . کاتێ شیعر دەنووسم ئیتر ناتوانم ناپاکی لە خۆم بکەم. ئەگەر تێڕوانین تێڕوانینی ئەمڕۆ بێ، زمان هەم پەیڤەکانی خۆی دەدۆزێتەوە، هەم مۆسیقای نێوان پەیڤەکان. ئەو کاتەش کە زمان پوختەو پاراوو خۆمانی بوو، کێشی خۆی لەگەڵ خۆی دێنێ‌و بەسەر کێشە باوەکاندا دەیسەپێنێ.

کە رستەیەک دەنووسم، هەر بەو شێوەیە دەیهێنمە سەر کاغەز کە لە مێشکمدا ڕێکخراوە. خودی کێش، وەک داوەبەنێکە، کە لە نێوان پەیڤەکاندا تێپەڕیوەو بێ ئەوەی بێتە بەرچاو، ئەوانی پێکەوە گرێ داوەو نایەلێ هیچ کامیان بکەونە خوار. ئەگەر پەیڤی «تەقینەوە» لە کێشێکدا جێی نابێتەوە یاخود ـ سەکتە ـ دێنێتە دی، ئەوە ئەم سەکتەیە وەک گرێیەکی لێ دێ لەو داوەبەنەدا. ئەوسا لەگەڵ گرێیەکانی تردا، دەکرێ گرێی سەرەکیش بێننە ناو کێشی شیعرەکەوەو لە گشت گرێیەکان وێنەیەکی هاوکێش دروست بکەین، مەگەر «نیما» ئەم کارەی نەکردووە؟ بە ڕاوبۆچوونی من، ئێستا ئیتر سەردەمی گۆری‌<1> کردنی ناوەرۆک بۆ ڕێزگرتن لە کێش تێپەڕیوە. لە زمانی فارسیدا هەندێک کێشی وا هەن کە لە نزمی گفتوگۆ. خۆ دەکرێ هەر ئەوان بێنین‌و فراوانتریان بکەین. دەبێ سەرلەنوێ کێشەکان سازکەینەوە. ئەو شتەی کێش دروست دەکات‌و دەبێتە بەڕێوەبەری کێش [بە پێچەوانەی رابردوو] زمانە. واتە هەستی زمان، غەریزەی پەیڤەکان‌و مۆسیقای وتنی وان بە شێوەیەکی ئاسایی. من ناتوانم لەم بارەوە بە شێوەیەکی (فۆرمۆلیتە) بدوێم ـ هەرچەند کە دەڵێن ئەمە شتێکی مەنتیقییە ـ بەلام بۆ من شتێکی هەستییە. دەبێ گوێیەکانم وەریگرن. کە لێم دەپرسی: لە زەمینەی کێش‌و زماندا چیت وەدەستهێناوە؟ تەنیا دەتوانم بڵێم: گەیشتوومەتە قۆناغی سادەیی‌و خۆمانیبوون. ناکرێ ئەم بابەتە بە وێنە ئەندازەییەکان بخەینە بەرچاو. پێویستە ڕاستترین‌و لەبەردەستترین پەیڤەکان هەڵبژێرین. تەنانەت ئەگەر شاعیرانەش نەبن. دەبێ قاڵبەکە لەم پەیڤانەدا جێگیرکەین نەک پەیڤەکان لە قاڵبەکاندا. دەبێ شتە زیندەکانی کێش ببڕین‌و تووڕیان هەڵدەین. خراپ دەبێ؟ با خراپ بێ! ئەگەر هەستی وشەکانت ڕەوانی خۆیان هەبێ، دەستبەجێ تۆڵەی ئەم خراپییە ـ کە بڕیاری لەسەر دراوە ـ دەکەنەوە. هەر لەم خراپانەش، کە شتی نوێ ساز دەکرێ. کاتی هەست‌و هێزی بیستنی گوێ، کەم نەبێ، ئەوە ساتی دۆزینەوەی ئەم ئاهەنگە نوێیانەیە. بزانە! هێندەم قسە کرد، کەچی هێشتا کلیلەکە نەدۆزرایەوە. گرفتەکەش هەر ئەوەیە کە ئەم دوو کێشەیە، واتە زمان‌و مۆسیقا، لە یەکتری جیا نین. پێکڤە دێن‌و کلیلەکەش لە دەروونی خۆیاندایە. خۆ دەتوانم لەم بارەیەوە چەند نموونەیەک بێنمەوە کە لەم زەمینەیەدا کاریان لەسەر کراوە. با لە ناسراوەکان گەڕێین. بۆ نموونە: شیعری «ئەی هاوار دایکم»<2>ی شەهریار. بزانە کاتێ شاعیرێکی غەزەل نووسی وەک شەهریار لەگەڵ مەسەلەیەک ڕووبەڕوو دەبێتەوە کە ناکرێ لە ئاستیدا خۆمانی نەبێ، چۆن کێش‌و زمان بە شێوەیەکی ئاسایی دێن‌و بەرهەمەکە دەبێتە ئەم شتەی هیچ کەس چاوەڕوانی ئەو بەرهەمەی لەو شاعیرە نەبووە. ئەم شیعرە بەرهەمی ساتێک لە ژیان‌و ڕاستییەکانی ژیانی ئەمرۆمانە. ئەویش بە شێوە تایبەتیەکەی خودی ئەمڕۆ. دەمەوێ بڵێم کە هەموو بەرهەمی ئەم تێڕامانە ئاساییە دێننە دی ... بەلام ... »

«بەلام لەمەڕ شیعری خۆمەوە، ئەگەر پێت وایە، کێشەی فۆرم لە شیعری مندا، حەلکراوە یاخود چەشنە هاوکێشە بوونێک لە بەشە بچووکەکانی شیعرمدا هاتۆتە دی، ئەوە هەر وەک خۆت وتت، پێم وایە ئاکامی جۆرە گەیشتنێکە بە مەرزی هەڵبژاردن. هەڵبژاردن بە شێوەیەکی گشتی، نەک لە کاتی نووسیندا. دەبێ لە پۆلی یەکەمەوە دەرس بخوێنین تا ئامادەیی تەواو دەکەین. من نازانم خۆم لە پۆلی چەندەمم. بەلام دەزانم کە ئێستا ئیتر هەموو شتێک هەر بەخۆیان چێ‌دەبن‌و هەر ئەم بەخۆچێبوونەش ئاکامی بەخۆگەیشتنە. ئێستا ئیتر مگێزو بیرو هەست‌و بینینەکانمن

کە بە شێوەیەکی نهێنی بەلام بێ گەڕانەوە ڕێنوێنیم دەکەن. شیعریش وەک مرۆڤ لە سەرەتادا دەبێ باڵغ بێ، ئەوسا هەرچی ویستی‌و لەدەستیهات بیکا. دوای ئەم قۆناغەیە کە شیعر مافی ئەوەی هەیە بێتە سەر کاغەز. بەلام هەر چۆنێک بێ، دەبێ ئەم قۆناغە ببڕین. هەموومان بڕیومانە، یاخود پێمان وایە بڕیومانە. ڕەنگە هەر بێخودیش

<1> قوربانی کردن.
<2> تاقە شیعرێکی شاعیری ناسراوو غەزەلنووسی ئێرانیە کە بە شێوەی شیعری نوێ نووسراوەتەوە.

بێ کە بڕوامان بە خۆمان هەبێ. بەهەر حاڵ دەبێ بگەینە سنووری کامڵبوون. تەنانەت لە ژیانی ئاسایی‌و ڕۆژانەشدا ... »

« ... یەکێک لە خەوشەکانی کارەکانم ئەوەیە کە هێشتا هەموو ئەو شتەی دەمەوێ بیڵێم ناتوانم بیخەمە بەرچاو. من تەنبەڵم. زۆر تەنبەڵم. هەمیشە لە لایەنە چاکەکانی خۆم رادەکەم‌و خۆم دەدەمە دەست لایەنە خراپەکان. بە هەر حاڵ، ئەم حاڵەتانە ناتوانن لە شیعری مرۆڤدا، بێ تەئسیر بن. کە سەیری دیوانی «لە دایکبوونێکی تر» دەکەم داخ دەمگرێ. بەرهەمی چوار ساڵ ژیان زۆر کەمە. من تەرازووم لە دەست نەگرتووە و شیعرەکانم بەو تەرازووە هەڵناسنگێنم. بەلام لەمە زیاترم لەخۆڕا دەدی‌و دەبینم.

شەوان کە دەچمە ناو پێخەفەکەمەوە، لە خۆم دەپرسم ئەمڕۆ چیت کردووە؟ دەمەوێ بڵێم خەوشی کاری من ئەوەیە کە دەکرا زۆر باشتر بێ گەلێک خێراتر گەشە بکا. کەچی منی گێل لەباتی ئەوەی یاریدەم دابێ، پێشم پێ گرتووە. بە تەنبەڵی‌و خۆدزینەوە شان هەڵتەکاندن‌و نائومێدییەکانی فەیلەسووفانە و دڵساردییەکان کە بەرهەمی بیر تەسکین‌و لەخۆڕادیتنی گەوجانە لە ژاندا نەیانهێشتووە بزانم لە کوێدا سەرکەوتوو بووم. ناتوانم بزانم. چونکە دەبێ تێپەڕم. شیعر ڕەوتی هەیە ناتوانێ لە چوارچێوەیەکی ڕازاوەدا بمێنێتەوە. بۆچوونی هەمیشە سەرکەوتوو بوون، مرۆڤ هەمیشە فریو دەدا. واتە: لەخۆبایی‌و لەجێ وەستاوی دەکا. من دەمەوێ بژیم‌و شتی نوێ فێربم. بەلام کێشەی دووەم واتە: لە کوێدا سەرکەوتوو نەبووم، ئەوەی چاک دەزانم.

من پتر ناوەڕۆکم لەبەر چاوە. تەمەنم سی ساڵە. دیارە سی ساڵیش بۆ ژن تەمەنێکی تەواوە. هەرچۆنێک بێ چەشنە پێگەیشتنێکە. بەلام ناوەڕۆکی شیعرەکانم سی ساڵ نین. گەنجترن. ئەمە گەورەترین خەوشی کارەکانمە. دەبێ بە زانایی‌و تێگەیشتن پەرە بە ژیان بدەین. من شێواو بووم. پەروەردەی فیکریم لەسەر بنچینەیەکی ڕاست‌و دروست نەبوە. هەروا بە شێوەیەکی پەرت‌و بڵاو خوێندوومەتەوە و ئاکامەکەیشی ئەمەیە کە درەنگ وەئاگا هاتوومەتەوە. ئەگەر بکرێ ناوی ئەو کارانە (وەئاگاهاتنەوە) بنێن. من هەمیشە پتر بڕوام بە دوایین شیعرم هەیە تا شیعرەکانی ترم. ماوەی ئەم بڕواپێکردنەش گەلێ کورتە. پاشان لێی وەڕز دەبم‌و هەموو شتێکم بە پووچ دێتە بەرچاو. من ئەوە چەند مانگێکە نیتر لە دیوانی «لەدایکبوونێکی‌تر» جیا بوومەتەوە. سەرەڕای ئەمەش، پێم وایە، دەکرێ لە دوایین بەشی شیعری « لەدایکبوونێکی‌تر »ەوە دەستپێبکەم. چەشنە دەستپێکردنێکی فیکری. کێشەی زمان هەر خۆی حەل دەبێ‌و زمان بە دوای خۆیدا کێشەکە دێنێ. کەچی دیسان مەسەلەی سەرەکی بیرو بۆچوون‌و ناوەڕۆکە! من هەست دەکەم دەکرێ لە « پەریەکی خەمناک کە لە ئۆقیانووسێکدا دەژی‌و دڵی لە بلوێرێکدا دەژەنێ‌و دەمرێ‌و دیسان زیندوو دەبێتەوە » دەستپێکردنێکی‌تر وەدی بێنم.

من پێم وایە هەموو ئەو کەسانەی کاری هونەری دەکەن، هۆی کارکردنیان، یاخود بەلای کەمەوە یەکێک لە هۆیەکانیان چەشنە نیازێکی نائاگایانەیە بۆ بەرەو ڕووبوونەوە و چۆک دانەدان لە ئاست نەبووندا. ئەمانە کەسانێکن کە ژیانیان زیاتر خۆش دەوێ‌و لە ژیان دەگەن. یان بە پێچەوانەوە، یانی لە ئاست کێشەی مەرگ‌و نەبووندا.

کاری هونەری چەشنە هەوڵ‌و کۆششێکە بۆ مانەوە یاخود بەجێهێشتنەوەی (خود)‌و ڕەتکردنەوەی مانای مەرگ. هەندێک جار بیر دەکەمەوە: ڕاستە مردنیش یەکێکە لە یاساکانی سروشت. بەلام تەنیا لە ئاست ئەم یاسایەدایە کە مرۆڤ هەست بە شەرم‌و لاوازی‌و خۆ بە بچووکزانین دەکا. ئەوە کێشەکەیە، کە هیچ کاری لەگەڵ ناکرێ. تەنانەت ناکرێ بۆ لەناوبردنی خەباتیش بکرێ. هیچ کەڵکی نیە. دەبێ هەبێ‌و شتێکی چاکیشە. ئەمە ڕوونکردنەوەیکی گشتییە کە ڕەنگە گەوجانەش بێ. بەلام شیعر بۆ من وەک هاوڕێیەکە، کاتێ دەیگەمێ دەتوانم زۆر بە ئاسانی کۆڵی دڵمی بۆ هەڵڕێژم. وەک جووتێکە کە دێت‌و کاملم دەکا ڕازیم دەکا تەنانەت بێ ئەوەی ئازاریشم بدا. هەندێک کەس بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی ئەو شتانەی کە لە ژیاندا نیانە، پەنابردنەبەر کەسانی‌تر، خۆ ئارام دەکەنەوە و دەخافڵێن بەلام بەم چەشنە، هەرگیز شتێک نایەتە دەست ئەگەر دەهاتە دەست، ئایا خودی ئەم پێوەندییە نەدەبوو بە گەورەترین دونیا و ژیان؟ ... پێوەندی نێوان دوو مرۆڤ هەرگیزاو هەرگیز نابێتە شتێکی تەواوکەر یاخود پێگەیشتن. بەتایبەت لەم سەردەمەدا. بەهەر حاڵ کەسانێکیش پەنا دەبەنە بەر ئەم کارانە. یانی شتێک دروست دەکەن‌و پاشان

ئاوێتەی دەسکردی خۆیان دەبن و ئەوسا هیچ شتێکی کەمیان نیە . شیعر بۆ من وەک پەنجەرەیەکە ، کەوا هەر کاتێ رووی تێدەکەم ، هەر بەخۆی دەکرێتەوە . من لەو پەنجەرەیەدا دادەنیشم ، تێدەفکرم ، گۆرانی دەڵێم ، هاوار دەکەم ، دەگریم ، لەگەڵ وێنەی درەختەکان ئاوێتە دەبم و دەزانم کە لەو دیوی پەنجەرەکە ، فەزایەک هەیە و کەسێکی لێیە کە دەبیسێ . کەسێک کە رەنگە 200 ساڵی‌تر بێتە دی ، یاخود 300 ساڵ لەمەوبەر هەبووە . جیاوازییەکی ئەوتۆی نیە . ئەوە ئامرازێکە بۆ کردنەوەی پەیوەندییەک لەگەڵ ژیندا ، لەگەڵ بووندا ، بە مانای قووڵ و فراوانیەوە . باشیەکە لەوەدایە کە کاتێ مرۆڤ ، شیعر دەنووسێ ، دەتوانێ بڵێ : من هەم یاخود ، من هەبووم . بێجگە لەوە چۆن دەکرێ بگوترێ کە : من هەم یا من هەبووم ... »

« ... من لە شیعری خۆمدا بە دوای شتێکدا وێڵ نیم ، بەڵکو لە شیعری خۆمدا خۆم دەدۆزمەوە . بەڵام لە شیعری کەسانی تردا ، یان شیعر بە گشتی ... دەزانی چۆنە ؟ ... هەندێک شیعر وەکو دەرگای کراوەن ، کە نە لەملاو نە لەولایەوە هیچ شتێک بەدی ناکرێ . دەبێ بڵێین مخابن بۆ ئەو کاغەزانە . بەهەر حاڵ هەندێ شیعری تر هەن کە وەک دەرگای داخراون . کاتێ دەیان کەیتەوە دەبینی فرێوت خواردووە . نرخی ئەوەیان نەبووە بیانکەیتەوە . بەتاڵبوونی لایەکەی ناوەوەی هێندە ترسێنەرە کە تۆڵەی پڕبوونی ئەم لایەنە ناکاتەوە . کاکڵی سەرەکی « لای ناوەوەیە » ... دەی باشە خۆ دەکرێ ناوی ئەم کارانە بنێین : فێڵ لە چاوکردن ، یان ترپ و کەڵەکە ، یان گاڵتەیەکی سارد و بێ تام . بەڵام هەندێ شیعر تر هەن کە نە دەرگان ، نە کراوەن ، نە داخراون . تەنانەت چوارچێوەشیان نیە . شەقامێکن کورتی و درێژییەکەی گرنگ نیە . مرۆڤ هەر دەڕوا و دەگەڕێتەوە و ماندوو نابێ . ئەگەر وێستەیەکیش دەکا ، تەنیا بۆ بینینی ئەو شتەیە کە لە هات و چۆیەکەی پێشتردا نەیبینیبوو ... مرۆڤ دەتوانێ چەندین ساڵ لە شیعرێکدا راوەستێ و دیسان شتی نوێ ببینێ . لەو شیعرانەدا ، ئاسۆ هەیە ، فەزا هەیە ، جوانی هەیە ، سروشت هەیە ، مرۆڤ هەیە ، ژیان هەیە و چەشنە ئاوێتە بوونێکی راست و دوور لە درۆ لەگەڵ ئەم هەموو شتانەدایە و جۆرە بینینێکی زانایانە و پێگەیشتوو لە دەروونی هەموو ئەم شتانەدا کۆ بۆتەوە . نازانم . دەمەوێ شیعر دەستم بگرێ و لەگەڵ خۆی بمبا . فێری تێڕوانین ، هەست پێکردن و بینینم بکا و بەرهەمی بیر و تێڕوانین و دیتنێکی نوێم فێر بکا . من پێم وایە کە کاری هونەری دەبێ لەگەڵ زانین و وشیاریدا هاوجووت بێ . وشیاری لە ئاستی ژیاندا . لە ئاستی بووندا . لە ئاستی لەش و تەنانەت لە ئاستی ئەم سێوەی کە دەیگەزین ، ناکرێ هەر بە هۆی غەریزەوە بژین یانی هونەرمەند ناتوانێ و نابێ وابکا . مرۆڤ دەبێ لە ئاستی خۆی و دونیایەکەی خۆی ، بۆچوونێک هەڵبژێرێ ، هەر ئەم نیازەیشە کە مرۆڤ بەرەو بیرکردنەوە پاڵ دەدا . کاتێ بیرکردنەوە دەستی پێکرد ، ئەو کات مرۆڤ دەتوانێ ، رەقتر لە شوێنی خۆی راوەستێ و پێ بچەقێنێ . من ناڵێم شیعر دەبێ بیرۆزانە بێ ، نا ... ! ئەمە بۆچوونێکی گەوجانەیە . من دەڵێم شیعر دەبێ وەکو هەموو کارە هونەرییەکانی ، بەرهەمی ئەو هەست و زانینانە بێ کە بە هۆی بیرەوە پەروەردە و رابەری کرا بن . کاتێ شاعیر ، شاعیر بێ و لە هەمان کاتدا ـ شاعیر واتە وشیار ـ ئەوسا دەزانێ بیرەکانی بە چ شێوەیەک دەخزێنێتە ناو شیعرەکەیەوە ؟... بە وێنەی (شەمشەمەکوێرەیەک کە دێتە بەر پەنجەرە ) یان بە وێنەی (کیسەڵێک کە لەبەر هەتاو خەوی لێکەوتووە ) بەڵێ هەر بەم سادەیی و جوانیە ... »

« ... دەکرێ شیعر گەلێک شێوەی جۆراوجۆری هەبێ . هەندێ جار شیعر تەنیا (شیعرە ) لێرەدا مەبەستم لە وشەی شیعر ئەو مانایە پڕبەپێستە هەستیەیە کە لە ناخی ئەو وشەیەدا جێگیر بووە . نەک مانا گشتییەکەی . بۆ نموونە ، کاتێ لە زەردەپەڕدا سەیری درەختێک دەکەین و دەڵێین چەند شاعیرانەیە . هەندێ شیعر بەم چەشنەن ، واتە جوانن . دەمانلاوێننەوە . بەهەر حاڵ هەندێک شیعر شاعیرانەن . هەڵبەتە ئەمانە شیعرن . بەڵام شیعر تەنیا لەم چوارچێوەیەدا بەند ناکرێ . ئەمانە شوێنی تایبەتی خۆیان هەیە . شیعر شتێکە ، کە ئاسکی و جوانی تەنیا یەکێکە لە بەشەکانی . شیعر مرۆڤێکە کە لە شیعردا بوونی هەیە . واتە جوانی و ئاسکی بەشێکن لەو مرۆڤە . بۆ نموونە کاتێ من ئەم پلانە دەخوێنمەوە ، هەندێک جار پێم خۆشن . بەڵام دوای چی ؟ پێم خۆشن ئەوسا چی دەبێ ؟ ئایا هەموو ئەو زەحمەتەی کە ئێمە دەیکێشین هەر بۆ ئەوەیە کە یەکێک پێی خۆش بێ ؟ نا ... بەرسڤی هونەر ناتوانێ تەنێ پێخۆش بوون بێ . لەم چەشنە کارانەدا ، زێتر حاڵەتی دروستکردن لە ئارادایە تا خەللاقییەت .

«من پێم وایە ئەو شتەی کە شیعری ئێمەی خراپ کردووە ، هەر ئەم زێدە سەرنجدانەی سەر ناسکی و جوانییەیە . ژیانی ئێمە لەگەڵ ئەم شتانە جیاوازی هەیە . واتە سەر ڕێژی ڕق و قینە . پەروەردە نەکراوە . دەبێ ئەم حاڵەتانە بهێنینە ناو شیعرەکانمانەوە . بە هەڵکەوت شیعری ئێمە نیازێکی فراوانی بە تووڕەیی و پەیڤی نا شاعیرانە هەیە تا گیانی بێتەوە بەرو لە سەرڕا زیندوو بێتەوە ... »

« ... من لەم هەلومەرجەدا لە دەروونی خۆ ورد بوونەوە و پەنابردنە بەر ژووری داخراو قەبووڵ ناکەم و پێم درووست نیە . من دەڵێم دونیای تاکە کەسی مرۆڤ ، دەبێ ئاکامی گەڕان و ڕوانین و پێوەندی نەپچڕاو لەگەڵ دونیای دەرەوەی بێ . مرۆڤ دەبێ سەرنج بدا . تا ببینێ و بتوانێ هەڵبژێرێ . کاتێ خۆی لە نێوان خەڵکدا و لە قووڵایی ژیاندا دۆزییەوە ، ئەو کاتە دەتوانێ بۆ هەمیشە ئەو دونیایە لەگەڵ خۆیدا هەڵگرێ و لەو دونیایەدا پەیوەندی لەگەڵ دەرەوە بکاتەوە . کاتێ تۆ دەچیتە دەرەوە و دەگەڕێیتەوە ژوورەکەی خۆت ، هەندێ شتی ناو شەقامەکە لە زەینتدا دەمێنێتەوە کە پێوەندییان بە خودی خۆت و دونیای تاکە کەسی خۆتەوە هەیە . بەڵام ئەگەر نەچیتە ناو شەقام و خۆت زیندانی بکەیت و تەنیا ئەوەت مەبەست بێ بیر لە شەقام بکەیتەوە ، ڕەنگە بیرو بۆچوونەکانی تۆ لەگەڵ ئەو ڕووداوانەی لە شەقامدا ڕوو دەدەن یەکانگیر نەبن .

ڕەنگە لە دەرەوە هەتاو بێ و تۆ پێت وابێ هێشتا دونیا تاریکە . یان لەوانەیە ئاشتی بێ و تۆ پێت وابێ هێشتا شەڕە . ئەم حاڵەتە ، چەشنە دوورە پەرێزییەکی ناڕاستە ، نە مرۆڤ ڕزگار دەکاو نە بگرە سازەندەیشە . بەهەر حاڵ شیعر لە ژیانەوە دێتە دی . شتی جوان و گەشەسێن ، بەرهەمی ژیانن . نابێ ڕا بکەین و نابێ دەستبەردار بین . دەبێ بچین و تاقی کەینەوە . تەنانەت ناخەزترین و دەردناکترین ساتەکانیشی . هەڵبەتە نە بە وێنەی منداڵێکی واق وڕماو . بەڵکو بە وشیاری و چاوەڕێکردنی هەر چەشنە ڕووبەڕوو بوونەوەیەکی نابەدڵ . پێوەندی کردنەوە لەگەڵ ژیان ، بۆ هەموو هونەرمەندێک پێویست و گەرەکە . دەنا ئەگەر وا نەبێ چۆن سەرڕێژ دەبێ ؟ ... »

« ... من هەرگیز بە شێوەیەکی تەسک لە بارەی شیعر بیرناکەمەوە . من دەڵێم لە شیعردا هەموو شتێک هەیە . تەنیا دەبێ بدۆزرێتەوە و هەستی پێ بکرێ . چاوێک بەم هەموو دیوانە شیعرانەی کە هەمانە بخشێنین ، بزانن بابەتی شیعرەکانمان چەند تەسکن . یان لەو مەعنەویاتانە دەدوێن کە هێندە بەرزن ئیتر ناکرێ ئەو مەعنەویاتانە ئینسانی بن ، یان سەر ڕێژن لە پەندو ئامۆژگاری و شینگێڕی و پێدا هەڵگوتن و هەزەل . زمانیش کە زمانێکی تایبەتی و لە قاڵب دراوو چەسپیوە . دەی باشە دەبێ چی بکەین ؟ دونیای مە ، دونیایەکی ترە . ئێمە خەریکین دەچینە سەر مانگ ـ هەڵبەت ئێمە نا ... خەڵکی تر ـ ڕەنگە پێت وابێ ئەم کێشەیە گەلێک شتێکی زانستی بێ ، نا ... ئەوسا وەرە و شیعرێک بۆ مووشەک بنووسە . زانایەکان دەڵێن : نەخێر ، ئەی خودی شاعیر کوانێ ؟ وەک بڵێی ئەم «خود» ە دەبێ تەنیا مشتێک ئاهوناڵەی بە سۆزی ئەڤیندارنە ، یان «خود» ێکی هەمیشە دەردمەندو کەساس بێ . «خود» ێکی وا کە هەر کاتێ دەستی لێدەیت تەنێ دەزانێ یەک شت بڵێ : من دەرد دەکێشم . لە شیعری «ئەی سنووری پڕ لە گەوهەر»<*> دا ، ئەم «خود» ە خودی کۆمەڵە . کۆمەڵێکی وا کە ئەگەر ناتوانێ قسە جیدییەکانی خۆی بقیژێنێ ، هەر هیچ نەبێ دەتوانێ بە فشە و گاڵتە پێکردن جارێ بیانڵێتەوە . لەم شیعرەدا ، من لەگەڵ مشتێ کێشەی تووڕە و بۆگەن و گەوجانە بەرەوڕوو بوومەوە . خۆ هەموو شیعرەکان نابێ بۆنی گوڵاویان لێ بێ . بهێڵە هەندێک شیعر هێندە نا شاعیرانە بن کە نەکرێ لە نامەیەکی دڵداریدا بنووسرێ و بۆ دەسگیران بنێردرێ .

من ناتوانم کاتێ لەمەر کۆڵانێکەوە دەدوێم ، کە پڕە لە بۆنی مێزو پیسایی ، دانیشم و لیستەی گوڵاوەکان لە پێشم دانێم و بۆنخۆشترینیان بۆ خستنە بەرچاوی ئەو کۆڵانە هەڵبژێرم . ئەمە فێڵ و کەڵەکە . فێڵێکە کە مرۆڤ لە سەرەتادا لەخۆی دەکات ، ئەوسا لە کەسانی تر ... دەبێ مرۆڤ بگاتە پلە و قۆناغێک لە ناسین ـ هەر هیچ نەبێ لە کارەکەیدا ـ من لە ڕێگەی خوێندنەوەی پەرتووکەکانەوە فێری شیعر نەبووم ، دەنا ئەگەر وا با ، ئێستا قەسیدەم دەنووسین . هەر بەخۆم وەرێ کەوتم . وەک منداڵێک کە لە دارستانێکدا ون دەبێ سەرم بە هەموو شوێنێکدا کردو لە هەموو شتێ ورد بوومەوە و هەموو شتێک ڕایکێشام . تا

< * > یەکێکە لە شیعرە هەرە بەهێزەکانی شاعیر کە زیاتر بە شێوەی تەوس و پلارتێگرتن هۆنراوەتە . و.

گەیشتمە کانیاوێکو لەو کانیاوەدا خۆم دۆزییەوە . خۆم کە بریتیە لە خۆمو هەموو تاقیکردنەوەکانی ناو دارستان .

ئێستا ئیتر شیعر بۆ من کێشەیەکی جیدیە . چەشنە بەرپرسیارییکە ، کە لە ئاست بوونمدا هەستی پێدەکەم . جۆرە بەرسڤێکە ، دەبێ بە ژیانمی بدەمەوە . من هێندە ڕێزی شیعر دەگرم کە مرۆڤێکی ئایینی ڕێز لە ئایینەکەی دەنێ . پێم وایە ناکرێ ، تەنیاو تەنیا پشت بە توانایی‌و لێهاتووییەوە ببەستین . نووسینی شیعرێکی چاک هێندە سەختە و هێندە لێوردبوونەوە و ماندووبوونی دەوێ کە دۆزینەوەیەکی زانستی گەرەکیەتی . بڕوام بە شتێکی تریش هەیە کە ئەویش (شاعیری بوونە ) لە گشت ساتەکانی ژیندا .

شاعیربوون ، واتە : مرۆڤبوون . هەندێ کەس دەناسم کە هەڵس‌و کەوتی ڕۆژانەیان هیچ پێوەندییەکی ئەوتۆیان بە شیعرەکانیانەوە نیە . یانی ئەو کاتەی شیعر دەڵێن ، شاعیرن . کە شیعرەکەیان تەواو دەکەن دیسان دەبنەوە بە مرۆڤێکی دەمچەفتی زگپەرستی زاڵمی بیرتەسکی چاوچنۆکی بێ سەروپێ . هەر بۆیە باوەڕ بە قسەکانی ئەم جۆرە کەسانە ناکەم . من زێتر گرنگی بە ژیان دەدەم‌و کاتێ ئەم بەڕێزانە مشتیان دەکەنە گرێ‌و هەڵیدێنن‌و هاوار دەکەن لە شیعرو وتارەکانیدا ، نەفرەت دەمگرێ‌و باوەڕ ناکەم ڕاستگۆ بن . دەڵێم مەبادا هەر بۆ قاپە برنجێک هات‌وهاواریانە . با واز لەم باسە بهێنین !

پێم وایە ئەو کەسەی کاری هونەری دەکا ، دەبێ لە سەرەتادا خۆی ساز بکا و پێبگەیەنێ ، پاشان لە قاوغی خۆی بێتە دەرو وەک یەکێک لە هەبووەکانی ژیان لە خۆی بڕوانێ‌و لە دەروونی خۆی ورد بێتەوە ، تا بتوانێ مانایەکی گشتی بە هەموو زانین‌و هەست‌و بیرەکانی خۆی بدا .

91.9.9

Norrtälje

## بە دەنگی بەرز

ئێمە کە لە ئەورووپا دەژین‌و ڕەخنەمان لە سەوداو مامەڵەو سازشکارییەکانی بەرەی کوردستانی هەیە ، یان هەر لە بناغەوە بەرەی کوردستانی ڕەت دەکەینەوەو نەک هەر چاوی ئومێدمان نەبڕیوەتە شەقاوەکانی ، بەڵکو بە گومانەوە سەرنجی هەموو جووڵەیەکی دەدەین ، ئێمە کۆمەڵێ کەسانی هەڵاتووی گێلو گەمژەو حەپۆلو سەرلێشێواوی دوور لە واقیعین‌و بە فامی خاومان دەمانەوێ لێرەوە ڕێگە نیشانەی ئەوانەی ئەوێ بدەین .

باش بوو ، دوای ماچو مووچەکە نازناوی گەمژەمان پێ برا ، دەنا پێشتر هەر یەکێک لە ئێمە سووکە ڕەخنەیەکی هەبوایە ، فزەی بکردایە ، ئەوا بێ یەکو دوو پیاوی ڕژێم بوو .

ئەی گێلو گەمژەوحەپۆلینە : ئەم هەلە زێرینە لە دەست مەدەن ، فرسەتە ، چی ڕەخنەتان هەیە بیگرن ، ئیدی ئەو سەردەمە گوزەشت کە بە پیاوی ڕژێم لە قەڵەم بدرێن ، لەم سەردەمەدا ئەوانەی دۆستی ڕژێم نەبن ، تاوانبارن‌و ناپاکیی لە عێراق (بە دوو قاف) دەکەن .

بانێکەو دوو هەوا ، ئەوانەی لێرەوە ، شێلگیرانەداکۆکی لە ستراتیژی ماچو موچ دەکەن ، ئەوانە وەک ئێمە نین ، وشیارو وریاو زیتەڵەو لێزان‌و دڵسۆزو دەست ڕەنگین‌و کوڕی باش‌و وەتەنی‌و (بە تێ ، نەک طاء) دووربین‌و لەم دوورەوە بە چاوە شینەکانیان کە وەکی ئەوانەی زەڕقای (بە ڕێی قەڵەو) یەمامە وان ، واقیعەکە دەبینن‌و کارەساتەکان هەست پێدەکەن‌و هەلومەرجەکان ، نەک خوانەخواستە بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیان لەبەرچاو دەگرن ، نای فەقیرانە ! ئەو واقیعە لە دوورەوە بینە فەقیرانە ببڕای ببڕ بە ئومێدی پلەو پایە داکۆکی لە هێشتنەوەی بەعس ناکەن ، بەڵکو هەر خۆیان لە خودی خۆیانەوە وای بۆ دەچن کە ماچو موچ لەگەڵ شۆڕەسوارانی کیمیاوی باراندا ، لە داهاتوویەکی نزیک یا نەختێ دووردا لە بەرژەوەندی چارەنووسی گەلی کوردی قەلاچۆکراوی ڕاونراو دایەو هیچی دیکە .

« دەستکورتێکی زمان درێژ »

# ئایدۆلۆژیا
# ملەی پرۆژەی رۆشنبیرییە

رێبوار سیوەیلی

رۆشنبیرانی چەپی کورد‹1› بەو هۆیەوەسالانێکی زۆر هەموو چالاکییەکی خۆیان لە بۆتەی سیاسەت‌و سیاسەتیشیان لە چوارچێوەی ئایدۆلۆژی (ئایدۆلۆژی مارکسیزم لینینیزمی بە ستالینیزم کراو)دا سەقامگیر کردبوو؛ لە پاش رووداوەکانی ئەم دواییەی جیهان گۆمی ئەندیشەی هاوکێشەکانیان شڵەقا. بۆیە پێویستیان بە هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی تازە هەیە تا بە هۆیەوە خۆیان لە سەرجەمی ئەو پەرێزانە بە دوور بگرن کە تا دوێنێ دەیانپاراستن. ئەم دیارەدەیە بەرەو دوو حاڵەتی کردوونەتەوە:

1 ـ چۆن دەتوانن بە چەکو رۆشنبیری ئایدۆلۆژیا، لە کاروانی رۆشنبیری سەردەم جێنەمێنن،
2 ـ چۆن ئایدۆلۆژیا بتوانێ خۆی دەمەزەردو تازە بکاتەوەو بە هۆی ئیستدلالە نیمچە عەقلانی، زانستی‌و فەلسەفییەکانەوە تەکانێکی دی بە خۆی بدات، تا لە کورەی مۆدێرنیزمدا بۆ ماوەی چند ساڵێک خۆی بدەمێنێ؟

ئەم دوو پرسیارە، لە زۆر وتاری رۆشنبیری هاوچەرخی مەنفادا بەر چاو دەکەون. بەر لەوەی بچینە سەر ئەو باسە، بە پێویست دەزانرێ زۆر بە کورتی‌و بە گەڕانەوەمان بۆ چەند سەرچاوەیەک، لە ئاست مەفهومی ئایدۆلۆژییانەدا هەڵوێستە بکەین‌و لە پاشانیشدا دیسکۆرسی (وەرگێڕان = تەرجەمە) وەک نموونەیەک لە بواری گۆڤارەکاندا دەهێنینەوە تا ئاشکرا بێت کە چۆن ئایدۆلۆژیستەکان گەرەکیانە لە کورترین ماوەدا (ئینکار)ی رابردووی فیکرییان بەهۆی بەردەوام باسکردن‌و ناوهێنانی خێرا خێرای تەیارە نوێیەکانی ئەورووپاوە بکەن‌و خۆیان بە لیفەی نوێکاری ( Modernity ) داپۆشن دیارە مەبەستمان ئەوە نیە کۆسپ لە بەردەمی هیچ پرۆژەیەکی رۆشنبیریدا دابنێین، بەڵام پرۆژەی رۆشنبیری خوازیاری بەرنامە و میتۆدو پاشکۆیەکی رۆشنبیرانەیە، نەک لە دوورەوە هێما کردن‌و ناوهێنانی بزوتنەوە رۆشنبیری‌و فیکرییەکانی خۆرئاوا، نەک بە کەمگرتنی وەرگێڕان لە زمانی عەرەبی‌و فارسییەوە.

ـ 1 ـ

ئایدۆلۆژیا سڵ لەوە ناکاتەوە بۆ چەسپاندنی مەبەستەکانی پەنا بۆ فەلسەفەو زانست‌و ئایینیش ببات چونکە، پێویستی بەوەیە لە (ئێستا)دا (پێویستی بوون)ی خۆی بسەلمێنێ، بۆیە جارێک بە هۆی عەقلی فەلسەفییەوە جارێک بە هۆی ئەزموونگەری زانستانەوە، جارێکی دیکەش بە هۆی دوالیزمی ئایینییەوە (خێروشەڕ، منی بڕوادارو ئەو ـ ئەوانی بێدین) رەهایی بوونی خۆی لە چوارچێوەی ئازادی بیروباوەڕو دیموکراسیدا بە شێوەیەکی ئاسایی پیشان دەدات. بەڵام لە راستیدا (ئایدۆلۆژیا، نە فەلسەفەیە، نە زانستە، نە ئایینیشە)‹2›

ئەگەر فەلسەفە دژی دۆگما دەوەستێتەوەو لە هەموو بوارەکانی ئەبستمۆلۆژیادا (معرفە) بە دوای ئەو وەڵامانەدا دەگەڕێ کە پەیوەندیان بە هەلومەرجی وجودی مرۆڤەوە هەیە، ئەوا ئایدۆلۆژیا بەو هۆیەوە کە خاوەنی سیستەمێکی داخراوە، لە ناو ئەم سیستەمەدا چند نیمچە راستیەک بەدی دەکرێن، هەوڵ دەدات ئەم نیمچە راستییانە لە رێژە داماڵێ‌و بەرگی رەهاییبوونیان بەبەردا بکات‹3› دەبێ ئەو چینە کۆمەڵایەتیەی خاوەنی پەیامی مێژوویییە بەسەر چینەکەی دیدا سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، ئەدەب یان لە خزمەتی چەوساوە دایە یان چەکی دەستی چەوسێنەرە. هونەری بۆرژوازی‌و هی پرۆلیتاریا... هتد. ئەم رەهایی کردنی هەموو شتە نەک هەر ئایدۆلۆژیای لە بۆتەی تەسکی خۆدووبارە کردنەوەی میکانیکیانەی فیکردا، هێشتۆتەوە، بە لکو لە ئایینیشی نزیک خستۆتەوە. ئایدۆلۆژیست خۆی بە خاوەن (ماف)ی راستییەکان دەزانێ (ئەسحابە و موشایەخ)و ئەوی دی بەسەر سەخت‌و کافری موتڵەق. یان دەبێ بڕوات بە ئایدیا هەبێ‌و بپەرستێ یاخود هەستی

دوژمنکارانەی دەروونت راگەیەنێ، هەز بۆیەشە مشتومڕی دیالیکتیکی بابەخێکی ئەوتۆی نیە، وەک ئایینیەکانیش لە باسکردنی وجودی خوادا زۆر ناچنە پێش. بەلام لەبەرئەوەی عەقلی ئایدۆلۆژی جگە لە زەمینە واقیعیەکان هەموو (علو)یەک رەت دەکاتەوە، ئەوا خۆی لە سیستەمی ئایینی رزگار دەکات‹4›

لەلایەکی دیکەوە ئایدۆلۆژیا ناتوانێت زانست بێت. (فیلیپ فرانک) جەخت لەسەر ئەوە دەکات، کە «فەلسەفەی زانست لەسەر بێلایەنی بەندەو تەنیا پشت بە ئەزموون دەبەستێ»، لە کاتێکدا ئایدۆلۆژیا پەنا بۆ تیزی لە پێشەوە ئامادەکراو دەبات‌و لەسەر دۆگما بەندە‹5› «ئایدۆلۆژیا ناتوانێ لە قەلەمڕەوی ئەو جیهانەدا کە داب‌و نەریتەکانی تێدا بە پلەی پیرۆزی گەیشتوون گەشە بە خۆی بدات، نە لەو جیهانەیشدا فەلسەفە تیایدا فەرمانڕەوایە. بەڵکو لەو سەردەمەدا وەخۆی دەکەوێ کە ئەم دوو جیهانە بە بنبەست گەیشتبن»‹6›. سەرکەوتنی ئایدۆلۆژیا لە جیهانێکی بە کوێرە ڕێ گەیشتوودا، لەو سەرچاوەیە ئاو دەخواتەوە کە دوو نیازی گرنگ‌و خێرای مرۆڤ پڕ دەکاتەوە: نیازی پێویستی‌بوون بە بڕواداری (عقیدە)و نیاز بە شیکردنەوەو ئاراستەکردنی ئەم بڕوایە ‹7›

(شایگان)، لە هەمان باسدا دەڵێت: لە جیهانی هاوچەرخماندا ئایدۆلۆژی‌یەکان هەمان رۆڵیان هەیە کە ئەفسانەکانی دنیای کۆن هەیان بوو، لەلایەکەوە زەبینی بەکۆمەڵی خەڵکی پڕ دەکەن لە بڕوابوون بە کۆمەڵگایەکی داخراو (سیستەمی ئایدۆلۆژی) بەمەش تێریان دەکەن، لەلایەکی دیکەشەوە بانگاشەی زانستی‌بوونی ئەو بڕوایە، واتە پشت بەستوویی‌یان بە زەمینەی واقیعی، بلاودەکەنەوە.

بە کورتیەکەی، لەگەڵ هەموو هەوڵدانێکی ئایدۆلۆژیستەکان بۆ ئەوەی رەهایی‌بوونی تیزەکان لە چوارچێوەیەکی عەقلانیدا پیشان بدەن، لەگەڵ گشت هەوڵدانێکیان بۆ زانستکردنی یان زانستانەکردنی ئایدیاکان هێشتاکە ئایدۆلۆژیا جەوهەرێکی ئایینی لەخۆیدا دەهێڵێتەوە. بۆ نموونە ئەو بەڵگانەی لەلایەن مرۆڤێکی دینی‌یەوە بۆ بە (بێدین) نیشاندانی ئەوی دی دەهێنرێتەوە (بێ‌بڕوایی بە بنەما پیرۆزەکان، بە سوننەت‌و یاسا ئایینی‌یەکان)، هەمان ئەو بەڵگە دۆگما کراوانەن کە ئایدۆلۆژیست بۆ تاوانبارکردنی ئەو ـ ئەوانی دی پەنایان بۆ دەبا (بڕوا نەبوون بە سەرچاوەکان، بە ئایدیاو کەسایەتیەکان)‹8›

ئەم جۆرە رەووشە بۆ چەسپاندنی ئایدۆلۆژیاو رەهایی کردنی، لەلای «ئەنگلس» پێی دەگوترێ: ئاگایی درۆزنانە یان ساختە‹9› بەلام مەرج نیە هەموو ئاگایی‌یەکی درۆزنانەئایدۆلۆژیا بێت، چونکە ئایدۆلۆژیست لە نەزانیەوە هەڵە ناکات، بەڵکو لە ئەنجامی پێداگرتنی لەسەر رەهایی‌بوونی بیرەکانی دەکەوێتە هەڵەوە، پاشانیش درێژە بەم کارە دەدات‌و لە پێناوی مەیاندنی واقیعدا خێرا خێرا دەکەوێتە بەرهەمهێنانی بەڵگەی بەزانست‌و فەلسەفە رەنگکراو. بەپێی شیکردنەوەکەی شایگان کە دەڵێت: ئایدۆلۆژیا ئەو کاتە وەخۆی دەکەوێت، کە جیهانی بێ فەلسەفەو جیهانی نەریتە پیرۆزەکان بە بنبەست گەیشتبن، ئەوا ناوچەی ئێمە باشترین شوێنی لەئامێزگرتنی ئایدۆلۆژیاکانە. ‹10›

ـ 2 ـ

بەلام ئایدۆلۆژیا لە ئاست پرۆژەی رۆشنبیری‌و فەرهەنگی‌دا، چۆن خۆی تەییار دەکات؟ بۆ روونکردنەوەی ئەم پرسیارە پەنا بۆ ئەو تێڕوانینە دەبەم کە لە ناو گۆڤارە کوردیەکاندا لەسەر پرۆسەی وەرگێڕان (بە تایبەتیش لە فارسی‌و عەرەبیەوە) خەریکە پەرە دەستێنێ. ئەم بەسەر کردنەوەیە بۆ دوو مەبەست ئەنجام دەدەم:

یەکەم، لەلایەکەوە بە مەبەستی ئاشکرا کردنی ناوەڕۆکی ئەو تێڕوانینە کە چۆن لە سیمای دەرەوەیدا پۆزەتیڤانە دیارە.

دووەم، لەلایەکەی دیکەوە، بە مەبەستی ئەوەی چۆن ئەم ناوەڕۆکە خەسڵەتی ئایدۆلۆژیانەی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە.

بە خۆڕایی نیە کاتی باسکردنی گۆڤارەکان، خوێنەران گلەیی لە ناوەڕۆکیان دەکەن‌و سەرنووسەرەکانیش وا دەردەکەوێ لە بیری چارەسەری کێشەی گۆڤارەکانیاندا بن.یەکێک لەو کێشانە تەرجەمەیە لە زمانی دووەمەوە «خەرمانە لە ئەوروپا دەردەچێ، تکا لەو نووسەرە هێژایانە دەکەین کە بە کاری وەرگێڕانەوە خەریکن، با بەرهەمی بە پێزی ئەدەبی‌و کولتووری لە یەکێک لە زمانە ئەورووپییەکانەوە وەربگێڕنە سەر کوردی، ئەوانەیش تەنیا (دەسەلاتیان) بەسەر زمانی فارسی‌و عەرەبیدا دەشکێ، بابەرهەمی کەڵە نووسەرانی فارس‌و عەرەبەوە خۆیان ماندوو بکەن، چونکە مشتومڕ هەڵناگرێ وەرگێڕان ئەگەر راستەوخۆ لەو زمانەوە نەکرا کە یەکەم جار دەقەکەی پێنووسراوە ئەو پێزو برشتەی نامێنێ) ‹11›

یان:

(ئێمە زۆر پشتمان بە عەرەبی‌و فارسی بەستووە بۆ بواری رۆشنبیریمان. بەڕاستی ئەگەرچی ئەو دوو سەرچاوەیە لە ئێمە دەوڵەمەندترو پێشکەوتووترن، بەلام لەچاو ئاستی جیهانیدا دوو سەرچاوەی هەژارن. ئێمە (لە دووره ولاتیدا) چەندین گۆڤارو سەرچاوەی ئەدەبی‌و هونەری‌و فیکریمان لە بەردەست دایە کە چەندین بابەتی نوێیان تێدایە، ئەگەر چاوەڕوانی ئەوە بین لە عەرەبی‌و فارسی‌یەوە وەریان گرین، ئەوا زۆر دوا دەکەوین‌و ئەو بابەتانەش نرخی راستەخۆیان نامێنێ‌و کۆن دەبن) ‹12›

ئەم دوو پەرەگرافەی سەرەوەمان بە نموونە هێنانەوە، بەلام سەرجەمی گۆڤارە کوردیەکان، بەم یان بەو شێوە، بە هۆی ئەم کۆمەڵە بەڵگەیەوە یان ئەو کۆمەڵە بەڵگەیەوە هەمان رایان لەسەر وەرگێڕانی بابەتی بێگانە لە زمانی عەرەبی‌و فارسی‌یەوە، هەیە. وەک ئەوەی بزووتنەوەیەکی وەرگێڕانی بەرفراوان لەو دوو زمانەوە بۆ سەر زمانی کوردی لە ئارادا بێ، ئەو سەری دیار نەبێت‌و ئەگەر ئەم بزووتنەوەیە بەردەوام بێت ئەوا ئێمەی کورد لە رۆشنبیریی (تازە) زۆر دوادەکەوین!

رۆشنبیری کورد (لەگەڵ دانانی نیشانەی پرسیار لە ئاست ئەم بەکارهێنانەدا) خەون بە ( نوێکاری‌و تازەکردنەوە ـ Modernism )وە دبینێ، بەلام لە پێنجەفی فەرهەنگ‌و زمانی عەرەب‌و فارسدا. ئایا مۆدێرنیزم یان نوێکاری پرۆسەیەکی هێندە حازر بەدەستە کە توڕدانی زمانی عەرەب‌و فارسی بەس بێ بۆ ئەوەی ئێمە لەسەر کێکی

ڕۆشنبیری ( Intellectual ) ئەورووپی خۆمان ببینینەوە؟ ئایا بە وازهێنانو بە کەمگرتنو حسێب بۆ نەکردنی ئەو ڕۆشنبیرییەی لە ڕێگەی زمانەکانی دراوسێوە پێمان گەیشتووەو دەگات، دەتوانرێ کەعبەی مۆدێرنیزم زیارەت بکرێتو (تەییارە) فیکرییە تازەکان بناسین؟ ئایا لە ڕاستیدا خواستی ئێمە بۆ ڕۆشنبیری تازە لە چ سەرچاوەیەکەوە سەر هەڵدەگرێ؟ لەو سەرچاوەیەوە کە تەواو لە مۆدێرنیزم گەیشتووین؟ یان لەو ڕوانگەیەوە کە ڕەنگە خۆ بە مۆدێرنیست لە قەڵەمدان هەتوانی گشت برینەکانمان بێت، هەروەکو چۆن سالانێکی زۆریش خۆ بە چەپو ڕاست لە قەڵەمدان وێردی سەرزمان بوو؟

ئامادەیی ستالینیزم بە درێژایی ساڵەها لە زەینی ڕۆشنبیری ( In-telligentisia ) ی کوردا، شوێنی گەلێک توێژینەوەی جۆربەجۆرە. ئەم ئامادەبوونە هەر لە مەیدانی بەرفراوانترین چالاکییەوە (سیاسەت) تا دەگاتە بواری ئەدەبو هونەرو خێزان، دەوڵەتو دەزگاکانیو تەنانەت پەیوەندییە زۆرتایبەتیەکانیشمان (پێوەنی جنسی، هاوڕێیەتی، ڕەئی دان لەسەر ئەویتر)، قورسایی جێهێشتووە. پایە ڕەسەنەکانی ئەندێشەی ئەم ڕۆشنبیرەی هەڵتەکاندووەو بۆتە هۆی (نەبیرکردنەوەی ــ عدم التفکیر)یان بە پیرۆزکردنی هەموو ئاستێکی بیرکردنەوەی ناو کتێبو سەرچاوە بە پیرۆزبووەکان.

بەڵام ئەوەی لەم چەند ساڵەی دواییدا لەسەر ئاستی جیهانی ڕوویدا، ئەگەر بەلای ڕۆشنبیری عەرەبو فارسەوە، جارێک بە گران تەواو بووبێ، ئەوا بۆ ڕۆشنبیری کورد دووجاران بە قورسی کەوتەوە: یەکەم، چونکە ئەوەی بە درێژایی ساڵان وجودە کۆمەڵایەتیەکەی ئەمی لەژێر سایەی خۆیدا دەپاراست، لە ئەنجامی گۆڕانگاریەکان پووکایەوەو نرخو بەهای خۆی لە دەست دا، یان وەک دایکێکی لێهات کە لە قۆناغی گەشەی منداڵەکەیدا، ووشکی کردبێت. دووەم: لەبەر ئەوەی ڕۆشنبیری کورد ئەوەی پێی گەیشتبوو لە ڕێگەی ڕۆشنبیرە عەرەبو تا ڕادەیەکیش فارسەکانەوەپێی گەیشتبوو، جا ئێستا، کە ئەوان خۆیان لە گێژاودا بەسەر بەرن چۆن چاوەڕوانی ئەوەیان لێ دەکرێ جارێکی دی بتوانن لە ڕێگەی چالاکیەکانیانەوە ببنە سەرچاوەی ڕۆشنبیرە دۆگماکانی کورد؟

بەمجۆرە تەنیایی بووە واقیعی ڕۆشنبیری کورد، لە لایەکەوە نە ئەتوانێت بە هۆی فاکت گرتنەکانی دوێنێیەوە لەسەرچاوە پیرۆزەکان، خۆی لە واقیع تەبەڕا بکاتو نە دەشتوانێت ڕاستگۆیانەو بە پێی پرۆگرامو خوێندنەوەیەکی بەردەوامی خود (زات)، خۆی لە کێشە ئەبستمۆلۆژیەکەی ڕزگار بکات. لەم ڕوانگەیەشەوە هاتە سەر ئەو بڕوایەی پەنجە بۆ (ئەوی دی) ڕابکێشێو سەرچاوەی بوحرانەکەی لە دەرەوەی بیرکردنەوەی خۆی تەماشا بکات. بۆیە بەلای ئەم ڕۆشنبیرەوە گەر ئێمە دوا کەوتووین یان دوادەکەوین، لەبەر ئەوەیە پشتمان بە عەرەبو فارس بەستووە. ئەگەر بمانەوێ تازەکاری ئەنجام بدەین پێویستە ڕوو بکەینە زمانەکانی ئەورووپا... یان بە زمانێکی دی: مادام ئێمە لە ئەوروپاین چاکتر واز لە زمانە خۆرهەڵاتیەکان بهێنین بۆ ئەوەی دوا نەکەوین!

گومانی تێدا نیە کە بزووتنەوەی نوێکردنەوە، پرۆسەیەکە لە دەروونی ڕۆشنبیری ئەورووپییەوە سەرچاوەی هەڵگرتووە، ئەم پرۆسەیە بەرەنجامی کۆمەڵێک گۆڕانکاریە کە لە سەرەتای ڕێنیسانسەوە دەست پێدەکاتو بە سەدەی هەژدەیەمدا تێدەپەڕێ بۆ ئەم سەردەمە. بۆیە ڕووکردنە زمانەکانی ئەورووپا، بۆ گەیشتن بە کرۆکی ڕۆشنبیری هاوچەرخی جیهان، کارێکە نکووڵی لێ ناکرێت. ‹13›

بەڵام ئەگەر ئێمە وا هەست دەکەین بە پشتبەستنمان بە کولتووری زمانەکانی دراوسێ دواکەوتووینو دەکەوین، مانای ئەوە نیە ئەو کلتورانە ناتوانن و نەیانتوانیوە ئێمە لە ڕۆخی ڕۆشنبیری جیهان نزیک بخەنەوە، بەڵکو پرسیارەکە لەوەدایە، کە ئێمە لە چ بوارێکدا سوودمان لێوەرگرتوونو کەموکوڕیەکانی خۆمان بە هۆیانەوە پڕکردۆتەوە؟ گەر ئێمە بەڕاستی سوودمان لە ڕۆشنبیری عەرەبو فارس وەردەگرتو وەک دوو سەرچاوە ئاوڕمان بۆ دەدانەوە (نەک هەر تەنیا لە ئاستە ئایدۆلۆژیەکەدا) ئەوا ئەمڕۆ لەبەر دەم گۆڕانکاریەکانی دنیادا ئەوەندە هەستمان بە تەنیاییو مانەوە لە ڕۆخدا نەدەکردو وەک ڕۆشنبیرانی عەرەبو فارس خۆمان دەدا لەو گفتوگۆیانەی لە جیهانی هاوچەرخدا دەکرێن، یان هیچ نەبێت تێڕوانینێکی دیکەمان لە ئاست کێشەکاندا دەبوو.

گومانی تێدا نیە، گەر ڕۆشنبیری کورد زمانی عەرەبیو زمانەکانی دیکەی وەک سەرچاوەی ڕۆشنبیریو ئامانجی ڕۆشنبیرانەی خۆی تەماشا دەکرد، نەک تەنیا وەک پردێک بۆ گەیشتن بە ئایدۆلۆژیەکانی، ئەوا بە ئاسانیش بڕوای بەو دیالۆژە شارستانیە پتەو دەبوو کە دەکرا لە نێوان فەرهەنگی گەلانی دراوسێو ڕۆشنبیری کوردیدا دروست ببێت‹14›

لەگەڵ ئەوەشدا کە ڕوانینی ڕۆشنبیری کورد بو ڕۆڵی زمانی عەرەبو فارس، لەو ئاستەدا ماوەتەوە کە بیگەیەنێت بە (ئیستگەی داهاتوو)، کەچی تەماشا دەکەین هێزی داهێنان، هۆشیاری ڕەخنەگرتنو بە تەنگو چەڵەمە کردنی دیاردەکان لەلای ڕۆشنبیری کورد، (لەسەر هەمان سەرچاوەی هاوبەشی فیکری)، لە چاو ڕۆشنبیری عەرەبو فارسدا زۆر لاوازە. هەر بۆ نمونە: کام بەرەنجامی فیکری ڕۆشنبیرە چەپەکانی کورد لەسەر بوحرانی مارکسیزم ـ لینینیزمی هاوچەرخ، لە بەرئەنجامی کارە فیکرییەکانی ڕۆشنبیرە چەپەکانی عەرەبو فارس قووڵترو فیکری ترن؟ یاخود بە لایەنی کەمەوە لە کاریگەری ئاکامە تیۆرییەکانی ڕۆشنبیری عەرەبو فارس خۆیان ڕزگار کردووە؟

## - 3 -

ئایدۆلۆژی ڕوانینە دیاردە فەرهەنگییەکان، لەوانەیش ئەدەبو هونەرسالانێکی زۆرە ڕۆشنبیری کوردی لە دووڕیانی«شێوەو ناوەڕۆک، هەڵوێستو ئیلتیزام، ئەدەبی پرۆلیتاریاو ئەدەبی بۆرجوازی»دا حەپەساو کردووە، بە مانایەکی دی: پۆپۆلیزم = عەوامخوازی ئەدەبو هونەر، زاڵبوونی ئەم تێڕوانینە لە بواری ئەدەبو هونەری کوردا، خوێنەری شەیدای بەرهەمی داهێنەرانەی، لە غیابی گەلێک شاکاری ئەدەبیی جیهانیدا هێشتۆتەوە. تەماشا دەکەین، ماوەیەکی زۆرە بەرهەمێکی وەک «دایک»ی مەکسیم گورکی، لە زەینی ڕۆشنبیری

کوردیدا ، لە پلەیەکی بەرزی ئەدەبی بەرخوردارەو تەنانەت «پاڤڵ» تا ئاستی پاڵەوانێکی ئایدیالی پیرۆز بەرزکراوەتەوەو بۆتە نمونەی بێ نمونە . کەچی تا ئێستا کەسایەتیەکانی دەستەیێڤسکی لە دوورەوە دەناسینو بەرهەمێکی ستاندال، فلۆبێر، کافکاو ڤاگنەر بە زمانی کوردی دەست ناکەوێ! هیچ رۆشنبیرێکیش لەسەر ئەوەی کە «دایک» لە زمانی ئەسڵیەوە تەرجەمە نەکراوە، ورتەی لێوە دەرنەهات . ‹15›

ئەم قسەیەش بەو مەبەستە نیە بمانەوێت لە رۆڵی ئەدەبیو سیاسی کارەکەی گۆرکی بهێنینە خوار، بەلام هەروەکو چۆن قبوڵمان کرد ئەم بەرهەمە لە زمانی دووەمەوە تەرجەمە بکرێ، با بە هەمان شێوەش سنگمان بۆ بەرهەمی دیکەیش فراوان بێت، چ وەک وەرگێڕانیان لە عەرەبیو فارسیەوە، چ وەک خوێندنەوەیان بەو زمانانە . رووکردنە وەرگێڕان لە زمانە ئەورووپیەکانەوە بە مەبەستی گەیشتن بە نوێکاری، یاخود نەخوێندنەوەو وەستانەوە دژی وەرگێڕانی ئەو بەرهەمە تازانەی بەرەنجامی رۆشنبیری هاوچەرخنو بە زمانی عەرەبیو فارسی دەست دەکەون، لەبەرئەوەی ئێمە خۆمان (لە ئەورووپاین)و (چەندین گۆڤاروسەرچاوەی ئەدەبی جۆراوجۆرمان لەبەر دەست دایە)، هەر بە تەنیا دروشم نیە کە بە هۆی بەرزکردنەوەیەوە بمانەوێت خەونی رۆشنبیرانەمان بهێننە دی. گومان لەوە ناکرێت وەرگێڕان لە زمانی دایکەوە بۆ سەر زمانی مەبەست، بەرامەیەکی دیکەی دەبێ وەک لە زمانی دووەمەوە بۆ زمانێکی دی، بەلام ماوەی غوربەتە رۆشنبیریەکەی ئێمە جارێ هێندە درێژ نەبۆتەوە کە خۆمان تووشی بازدانێکی وا بکەین، دیارە ئەمە بۆ بەرهەمی ئەدەبی تا رادەیەک شیاوترە (ئەگەر هەوری تەمبەڵی لەسەردا بڕەوێتەوە) بەلام ماوەی چەند ساڵ ژیانی رۆشنبیری کورد لە هەندەران بۆ ئەوە نابێت خۆی لە دەقی فیکری، فەلسەفی، شیکردنەوەی ئەدەبیو دەروونناسییەکانی زمانە زیندووەکانی ئەورووپا بدات (ئەویش بە هەموو مۆدیلەکانیەوە)‹16› یان لە راستیدا ئەم کارە سەرسەختیو خۆ بۆ تەرخانکردنی دەوێ، کە یەکەمیان زۆر لەسەرمان دەکەوێو دووەمیشیان بە هۆی هەلومەرجی ژیانی پەنابەریتیەوە ئاسان نیە . یاخود کێشەکە پەیوەندی بە زمانی کوردیەوە هەیە لە ئاست هەندێ لەو تێکستانەداو ئەمەش خۆی لە خۆیدا ئەو رێگرە لە بەردەم ئەو خەونەدا (ئەگەرچی خەونێکی جوانە)، زەق دەکاتەوە!

ئەوە راستە، بە تەنیا پشت بەستن بە زمانی عەرەبیو فارسی لە دیوی هەمان دەروازەوە دەمانهێڵێتەوە کە بە یارمەتی ئەو دوو زمانە لەسەرمان کرایەوەو ناتوانین بەرەو باخچەی سەرچاوە تازەکان هەنگاو بنێین، بەلام با ئەمە بە مانای بە کەمگرتنی رۆڵی ئەو زمانانە نەبێت لە پێکاتنی رۆشنبیریماندا‌و نیشاندانی پەرچەکردارێکی هەڵەشە ئامێز (مەگەر تەنیا لە لایەن رۆشنبیری دۆگما پەرستەوە). حەقیقەت ئەوەیە، گەر ئەوڕۆکە بانگاشەو لە دوورەوە هێما کردن بۆ مۆدێرنیزمی ئەورووپی لەلایەن ئەو کەسانەوە دەکرێ کە لە بوحرانێکی فیکری ـ ئەبستمۆلۆژی (معرفی)دا دەژین‹17› لەو خاڵەوە نیە کە ئەوان لە ناو سەرچاوەو بەرهەمە تازەکانو (تەییارە)کانەوە هاتوونەتەوەو لە رۆشنبیریی هاوچەرخدا قاڵ بوون، بەڵکو خودی ئەو ئاگاییەش کە لەسەر تازەکاری بە دەستیان هێناوە، لە رێگەی زمانی عەرەبیو تا رادەیەکیش فارسییەوە بووە... ئیدی بۆچی راستو دروست ددان بەمەدا نەنێینو جەغد لەسەر گرنگی ئەم دەستکەوتە نەکەین؟ ئێمە دەبێ ئەو کاتە دژی وەرگێڕان بین لە زمانی دووەمەوە کە بتوانین بیسەلمێنین ئەو دەقانە، بە بەراوردلە گەڵ زمانی دایکدا خراپ کراون بە عەرەبی یان فارسی. با کەسێک «تاوانو سزا»مان لە فارسیەوە بۆ بکات بە کوردیو کەسێکی دیکەش لە عەرەبیەوە «شیعرییەتی دەستەیێڤسکی» باختینمان بۆ وەرگێڕێ، بزانە چۆن شوێنی خۆی لە رۆشنبیریماندا دەکاتەوە. دیارە هەتا ئەو وەرگێڕە چاونەترسانە پەیدا نەبن، ئەوا کەسانێکی چاونەترس دەبن، لە پێناوی پێشاندانی لە ئەورووپا بوونو لە دوورەوە هێما کردن بۆ (تەییارە تازەکان)دا، رێ لەو کارە سەرەتاییانە تەنگ بکەنەوە کە هێشتا لە سەرەتای کاروانەکەدان. بەلام لە نێوان ئەم دوو چاو نەترسیەدا، جیاوازییەک هەیە: یەکەمیان، پشت بە توانا دەبەستێو دووەمیشیان، لە بێ تواناییەوە بە مەبەستی مەیاندنی چالاکیە رەسەنەکان.

بە کورتی، مێژووی فۆرمالیزەبوونی (رۆشنبیرانی چەپی کورد) ئەوە پیشان دەدات، کە ئەم رۆشنبیرە هەردەم لە هەوڵی دروستکردنی شورایەکدا بووە بە دەوری سیستەمە ئایدۆلۆژیەکەیداو خۆیشی کەوتۆتە چەقی ئەم شورایەوە، بە جۆرێک لە حاڵی حازردا تەنیا ئاسمانی لێوە دیارە، بۆیە رەنگە مۆدێرنیستانەترین کاری ئەم رۆشنبیرە قوتابخانەییانە خۆرزگار کردن بێت لە دۆگمای ئایدۆلۆژیانەو ئایدۆلۆژیای دۆگماکان.

پەراوێزو سەرچاوە:

‹1› لە زمانی کوردیدا، وشەی رۆشنبیر لە بری (Intelligentisia) ی رووسی کە زیاتر زاراوەیەکی سیاسییە و. وشەی (Intellectual) ی لاتینی بە کار دەبرێت. یەکەمیان بە پێی شیکردنەوەکانی (ئەدگارمۆن)، ناوە بۆ کۆمەڵێک کەسی خاوەن فەرهەنگ، کە لەلایەکەوە لوتیان بەرەو رووی خەڵکێکی زۆری سادەی بێ فەرهەنگ(!)دا تەقیبێتەوە و لەلایەکی تریشەوە کەوتبێتنە بەرامبەر دەوڵەتێکی تۆتالیتاریو بەرەری. بەلام بە پێچەوانەوە ئەنتل ئەکتوێل، لە کۆمەڵگایەدا سەرهەڵدەدات ئاستی دژایەتیەکان هێندە پتەو نینو (فەرهەنگ) لە روویەرێکی فراوانی کۆمەڵایەتیدا رەواجی پەیدا کردووە. تەماشای (ئەدگارمۆن، رۆشنبیران، رەخنەی ئەفسانە و ئەفسانەی رەخنە / زمان نو، 7- 1984 وجلال آل احمد: در خدمت و خیانت روشنفکران جلد اول ص17 و بەرەودوا، بکە)

لەبەر ئەم هەڵە بەکارهێنانەی وشەی رۆشنبیرو دانانی لە جێگەی دوو زاراوەی لە ناوەڕۆکدا جیاواز، بە چاکی دەزانم خوێنەر لەوە ئاگادار بکەمەوە، هەر کات لەم باسەدا ناوی رۆشنبیری کورد دەهێنرێ، مەبەست لە زاراوەی (ئەنتلیجێنسیا) یە. مەفهومی (چەپی کورد) یش هەر لەسەر زمانی رۆشنبیرانەوە هاتۆتە زمانی کوردیەوە کە ئەمڕۆ بە چەپی تەقلیدی یان قوتابخانەیی ناو دەبرێن. بۆیە پێویستە لە ئاست زاراوەی (چەپی کورد)دا هەڵوێستەی جیددیتر بکرێ کە ئێرە شوێنی نیە.

‹2› بۆ سەرجەمی باسی ئایدۆلۆژیا سوود لە چەند بەشێکی (شۆڕشی ئایینی چیە؟) و (نیگای کەچ ـ نگاه شکسته) ی داریووش شایگان وەرگیراوە. بڕوانە، زمان نو، 12و 13، 1985. هەروەها ،النفس المبتوره، لە بڵاوکراوەکانی دار الساقي لندن 1989 .بکە

‹3› زمان نو، سەرچاوەی سەرێ، ژ. 12

‹4› هەمان سەرچاوە، ل31

‹5›بڕوانە، فیلیپ فرانک ،فلسفه العلم ( الصله بين العلم و الفلسفه )ت : د. علي علي ناصف ط1 1983 .

‹6› شایگان، زمان نو ژ 12

‹7› هەمان سەرچاوەی پێشوو

‹8› بڕوانە، لوی ئالتۆسیر و پۆلانتزاس (تەنگ و چەڵەمەی مارکسیزم، ئایا مارکسیزم لە تەنگ و چەڵەمە دایە؟) گۆڤاری یەکگرتن ژ 10و11، 1989

‹9› بڕوانە، ف. سەنعەتکار، روشنفکران و سوسیالیزم، نزمی نوین، دەفتەر هشتم تیرماه 1366، ل43 (بە فارسی)

‹10› زمان نو، ژ12 ل44

‹11› گۆڤاری خەرمانە، ژ2، ل5، 1991

‹12›گۆڤاری یەکگرتن، ژ13، ل70، 1991

‹13› بڕوانە، داریووش شایگان، آسیا در برابر غرب، انتشارات امیر کبیر، تهران 1356 . هەروەها بڕوانە، هشام شرابي، کیف نفهم الغرب ؟ لە کتێبی ( الثقافه العربيه في المهجر ط1، 1988 دار توبقال للنشر )

‹14› مەبەستم لەو دیالۆژەیە کە ساڵەهایە ناسیۆنالیزمی رەگەزپەرستانەی تورک و فارس و عەرەب و هەروەها شەڕی چەکدارانەی کورد، بوونەتە رێگری گەشە سەندنی و هۆی سەرهەڵنەدانی بە شێوەیەکی سرووشتی و لەسەر ئاستی دان پێدانانی رەوا بە مافەکانی یەکتردا.

‹15› لێرەدا هێما بۆ ئەوە ناکەم رۆمانی «دایک» لە چ ساڵێکدا تەرجەمەی کوردی کرا، چونکە بەر لەوەی ئەم رۆمانە تەرجەمەی زمانی ئێمە بکرێ، کاریگەری خۆی لە رێی زمانەکانی ترەوە بەسەر ئەدەبیاتی کوردیەوە جێ هێشتووە. واتە ئێمە تەرزە رۆمانی وەک دایکمان پێشتر بە شێوەیەکی زەینی ئەنجام داوە، ئەوجا بە هۆی زمانەوە.

‹16› کێشەکە لەوە دایە ئەم رۆشنبیرە لەگەڵ ئەو دیاردە تازانەدا ناژی و خۆیان پێوە ماندوو ناکات. ئێمە لێرەدا باسی حاڵەتە گشتیەکە دەکەین، دەنا زۆر رۆشنبیری کورد هەن ماوەیەکی زۆرە تەنانەت هەر لە کوردستانەوە زمانی ئەوروپیان زانیوە (ئینگلیزی، فەرەنسی...) بەڵام جێی داخە کارێکی ئەوتۆیان لە بواری وەرگێڕاندا بە ئەنجام نەگەیاندووە شایانی باسکردن بێت. هەر بۆ نموونە کاتێک مەسەلەی سەلمانی روشدی بۆ ماوەی دوو ساڵان هەموو رۆشنبیرانی جیهانی بەخۆیەوە سەرگەرم کرد، رۆشنبیری کورد وشەیەکی لەسەر نە نووسی یان بەلای کەمەوە بانگەوازێک بڵاو نەکرایەوە!

‹17› بوحرانی ئەبستمۆلۆژیانەی (ئەنتلیجنسیا)ی کورد، لەو خاڵەوە سەرچاوە هەڵدەگرێ کە ئیدی پێکهاتەی سیستەمی فیکری ئەم رۆشنبیرە لە ناوەوەی خۆیدا دووچاری ئاڵۆزییەکی بێ چارەسەر هاتووە و، خواستی لە سەدا سەد شکاندن و خۆرزگارکردنیش لەم پێکهاتەیە (کە پێکهاتەیەکی ئایدۆلۆژیانەیە)، لەلایەن رۆشنبیرە قوتابخانەییەکانەوە، نەک هەر بەدی ناکرێت، بەڵکو بە (بێ هەڵوێستی و بێ وەفایی) لە ئاست ئایدیا پیرۆزەکاندا لێک دەدرێتەوە! لە دوای کارەساتی هەڵەبجە زۆر ئەندامی چالاکی پارتە سیاسیەکان لە دەزگای «حیزب» هاتنە دەرێ، بەڵام هیچ کام لەم کەسانە رەخنەی جیددیان لەو نیوەندە تێپەڕ نەکردووە کە (دەستی تاوان بۆ ئەوانی تر درێژ بکەن) ئەمەش لەبەر ئەوەی ئەوان تا ئێستایش هەر لە چوارچێوەی ئەو پێکهاتە ئایدۆلۆژیەدا بۆ مەسەلەکان دەڕوانن کە لە بوحرانێکی بە بنبەست گەیشتوودا رۆژگار بەسەر دەبا.

• بابەتی یەکەم •

سێ
بابـــەتی جیـــاواز

حەمەسەعید
حەسەن

# ماچەکەی عەبدوڵڵا پەشێو

ماچوموچی نێوان سەرانی بەرەی کوردستانی‌و جەللادی گەلەکەمان ئەگەر راستەوخۆ دوای کۆچە بە کۆمەڵەکەو کارەساتە گورچکبڕەکە نەبووایە ، هێنجگار هێندە جێگەی سەرنج نەدەبوو، چونکە ئەوە یەکەمین جار نەبوو سەرانی بزووتنەوەی چەکداریی کوردو رژێم ئاوێزانی باڵای یەکدی بێن.

ئەو ماچە بەو کوتوپڕییە بۆ بیروڕاو میدیای جیهان کارێکی چاوەڕێ نەکراو بوو، سەددام کە بە پلەی یەکەم وەک بکوژو ببڕو قەلاچۆو قڕکەری گەلی کورد ناسراو بوو، پێشبینی ئەوە نەدەکرا ، دوای کیمیاوی بارانی هەڵەبجە ، دوای راونانی هەموو کورد لە کوردستانی عێراقدا ، لە ناکاو ئەوانەی لەسەر ئاستی جیهان وەک سەرکردەو نوێنەرو دەمڕاستی کورد ناسراون، ماچی بکەن.

مسعود بارزانی سەرەکی پارتی دیموکراتی کوردستان وتی وتارەکەی سەرەکی فەرماندە بەڕێز صدام حسین لەبیروەری ( ٢٣ ) ساڵەی شۆڕشی مەزنی ١٧-٣٠ ی تەمووزەوە .. وتارێکی مێژووییەو ئاواتی هەموو عێراقییەکو نیشتمانپەروەرێکی شەریف دینێتە دی

ئەو ماچە خەڵکی کوردیشی چ لە هەندەران‌و چ لە کوردستان هەژاند . سەددام گەلێ جار دەستی لە کورد وەشاند بوو، بەڵام هیچ کام لەو جارانە هێندەی چەقۆکەی ئەمجارە کاریگەر نەبوو، هەرگیز کورد لە ماوەیەکی هێندە کورتدا ئەوەندەی خوێن لەبەر نەڕۆیشتووە . سەرانی بەرە بۆ رزگارکردنی کورد لە مردن ، بۆ پەیداکردنەوەی خوێن بۆ لەشی کورد پەنایان بردەوە بەر چەقۆ وەشێنەکە!

ئاخۆ مەسەلەکە لە دڵسافییەوەیە ، یان گەوجێتی سیاسی؟ وا سەرانی بەرە داوای خوێن لەوە دەکەن کە چەقۆکەی لە گەردنی میللەتەکەیان داوە؟ نە دڵسافییەو نە گەوجێتی. راستە بەرەی نەیدەتوانی دەستی سەددام ببڕێ، بەڵام دەیتوانی ماچی نەکا.

عەبدوڵڵا پەشێو کە شاعیرێکی ناسراوەو راستگۆیی‌و دەست پێشخەریی چاونەترسانەو بوێریی، خەسڵەتە زاڵەکانی شیعریێتی، ئەو ماچ‌و موچە وای هەژاندووە ئۆقرەی نەگرتووە تا لە شیعرێکدا هەست‌و هەڵوێستی خۆی دەربڕیوە.

لە ساڵڕۆژی بۆمبابارانەکەی «قەلادزێ»دا ، لە تۆڵەی شەهیدانی قەلادزێدا ، سەرانی بەرە لە بەغدا جەللادەکەی کوردیان دایە بەر ماچ. ماچەکەی عەبدوڵڵا پەشێو بەو بۆنەیەوە گوتراوە . ئایا دەکرێ شاعیر شیعری بۆنە نەڵێت؟ ئایا هەموو ئەو شیعرانەی بە بۆنەیەکەوە دەگوترێن تەمەن کورتن؟ ئایا دەکرا شاعیرێکی راستگۆی وەک پەشێو لەو ماچانە بێدەنگ بێ؟ ئەوی عەبدوڵڵا پەشێو بە بڵندگۆی شیعر گوتوویەتی، چرپەی لێوی میللەتێکی برینداری دەم بەستراوە . ئەگەر بەڕاستی ئەوی پەشێو گوتوویەتی ئەوە بێ کە ئەو میللەتەیش دەیانویست بیڵێن‌و نەیان دەتوانی، ئەوا شیعرەکەی پەشێو بە نەمری دەمێنێتەوە.

بەلای منەوە سەختترین جۆری شیعر، ئەو شیعرەیە کە شاعیرەکەی باس لە مەسەلەیەکی سیاسی دەکات و ئاگاداری ئەوەیشە شیعر دەنووسێ، سیاسەت دەکاتە قوربانی شیعر، نەک بە پێچەوانەوە. شاعیر کە باس لە مەسەلەی ناسکی وەک خۆشەویستی و سروشت دەکات بەسەر نووسینی شیعردا زاڵترە وەک لەوەی باسی مەسەلەیەکی سیاسی رەق و تەق بکات. شاعیری رەسەن وەک نابێتە زورنای هیچ حیزبێک نایش بێتە زورنا دژی هیچ حیزبێک، چونکە بە هەردوو بارەکەدا شاعیریتی خۆی لە دەست دەدات و شیعر دەکاتە قوربانی پروپاگەندە بۆ حیزبێک یان دژی حیزبێک، بەلام دەبێ شاعیر لە مەسەلە گرنگەکاندا کە پێوەندییان بە چارەنووس و ئابرووی گەلەکەیەوە هەیە، هەڵوێستی خۆی دیاری بکات. چۆن ئەو هەڵوێستە دەردەبڕێ، شاعیر خۆی بڕیار دەدات و مەرج نییە هەڵوێستی خۆی تەنیا بە شیعر بەرجەستە بکات.

ئەوەی تۆ گوشیت دەست نەبوو
ئەژدیهایەکی پێنج سەر بوو

دەست و پێنج قامک، ئەژدیها و پێنج سەر، لێچواندنێکی سەرکەوتووە، بەلام قوربانییەکانی کام ئەژدیهای کام ئەفسانە هێندەی قوربانییەکانی جەللادە دەست ئەژدیهاکەی بەغدا دەبن؟ کام ئەژدیها هێندەی سەددام خەڵکی کوشتووە و بە کوشت داوە؟

ئەوی ماچت کرد روو نەبوو!
تۆماری قانوونی جەنگەڵ،
شوورەی بەرلین،
سمی کەر بوو.

بە پێی یاسای دارستان، بەهێز، بێهێز لەناو دەبات، بەلام جۆرە سنوورێک هەر هەیە، پڵنگێک کە نێچیرێکی گلاندولێی تێر بوو، ئیدی پشوویەک دەدات و تا برسیتی زۆری بۆ نەهێنێ، یەکێکی دی ناگلێنێ، زۆرجاریش تەواو شەکەت دەبێ تا نێچیرێکی دەستگیر دەبێ، یان نابێ. جگە لەمە درندە تەنیا یەک چەکی هەیە، ئەویش چەکی هێزی لەشی خۆیەتی و بەو تاقە چەکە هەرگیز نە دەتوانێ و نە دەیەوێ قڕ بخاتە لەشکری بێهێزانەوە بەلام میر غەزەبە دەست ئەژدیهاکەی ئێمە دەیان چەکی تێدا تاقی کردووینەتەوە و هەرگیز لە خوێن رشتن تێر نابێ و پشووی بۆ نادا. پەشێو دەزانێ یاسای جەنگەڵ واتا: بێ یاسایی، بەلام ئایا یاسای جەنگەڵ لەوی بەعس مرۆڤانە ترو ئەهوەنتر نییە؟

(شوورەی بەرلین) تەنیا وەک ئاوکار بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی جێی کراوەتەوە، چونکە هیچ رووکارێکی هاوبەش لە نێوان رووخساری دیکتاتۆری بەغدا و دیواری بەرلیندا نییە. (سمی کەر بوو) لەبەر سەروا، ریز کراوە، ئەگینا سمی گیانلەبەرێکی بەستەزمانی وەکو کەر لە کوێ و رووخساری دزێوی مرۆڤ قڕکەرێکی وەک سەددام لەکوێ؟

ئەوی پێکەنی دەم نەبوو
گەڵی قەحپە
بن کلکی سەگ
کوورە گازێکی هیتلەر بوو.

سەددام بە دەمی خۆی جاڕی چەندین جەنگی گەورەی داوە، جەنگی کوردقڕکردن، جەنگ دژی ئێران، کوێت، شیعە، کۆمۆنیست، فەیلی، تورکمان، ئاسووری، ئەمە جگە لەوەی رۆژانە بە پێی گفت و قسەی زاری ئەو دەیان عێراقی دەگیرێن و بزر دەکرێن و دەکوژرێن، کەواتە کەی رەوایە ئەو دەمە پۆخڵە بە گەڵی قەحپەیەکی بەستەزمان بچوێنرێ کە لە کۆمەڵگایەکی نامرۆڤانەدا پێوەندییە سەخت و ئاڵۆزو دادکوژەکان لە پێناوی ژیاندا ناچاری لەش فرۆشتنی دەکەن؟ گەڵی ئافرەتێکی لەش فرۆش لە نێوچاوانی بڵندو نوورانی دەسەلاتداران پیرۆزترە، گەڵی ئەو ئافرەتە ئەگەر لەبەر نەخۆشی بۆگەنیشی کردبێ، هێشتا بە بەراورد لەگەڵ دەمی جەللادێکی وەک سەددامدا کانییەکی رەوانە. بن کلکی سەگ خاوێنترە لەدەمی بە خوێن تینووی هەموو جەللادێکی گەورە و گچکە، لە لێوی هەموو تاوانبارێکی جەنگ. ژمارەی قوربانییەکانی هیچ کوورەیەکی گازی هیتلەر ناگاتە یەک لە دەی ئەو ژمارەیەی لە دەمی سەددامەوە بڕیاری کوشتنیان دەرچووە، چ لە کاتی جەنگ و چ لە کاتی ئاشتیی ساختەدا.

پەشێو شاعیرە و دەزانێ چۆن پەردە لە رووی ناپاکیی هەڵدەماڵێ و شاعیرانەیش ناپاکان تیر باران دەکات، ئەوی لە نهێنی وشە و دیوی ناوەوەی شیعرەکە تێبگات دەزانێ پەشێو

مەبەستیتی بڵێ: ئەو دەمەی روومەتی ماچکەرانی ماچ کردووە، گەڵی قەحپەو بن کلکی سەگ بوو.

ئەوی خواردت خۆراک نەبوو
گۆشتی زارۆ
خوێنی داوێن
کاسە سەر بوو

«کاسە سەر» لەبەر راگرتنی سەروا، شاعیر هانای بۆ بردووە، ئەگینا کاسەی سەر خۆراک نییە تا بخورێ، دەکرا شاعیر کاسەی سەر بە پەرداخ بچوێنێ‌و خوێنی کوردی تێدا دەرخواردی جەللاد ماچکەر بدات.

دەستت گۆشی
بڕۆ چارەی دەستی خۆت کە
هەتا زووە
دوای تەوقەکە
تووشی گولی‌و ئاڵۆش بووە

لەوە دەچێ شاعیر هێشتا بڕوای بەوانە مابێ کە دەستی جەللادیان گوشیوە، بە مەرجێ فریا بکەون چارەی دەستی خۆیان بکەن. دەست تێکەڵکردن لەگەڵ جەللادی گەورەی میللەتەکەماندا نەخۆشی نییەو ڤایرۆس نای گوێزێتەوە، هەڵوێست وەرگرتنە دژی خەڵک، خوێناو فرۆشتنە، گەڕانە بە دوای بەرژەوەندیی تاکە کەسی‌و خێڵەکی‌و حیزبیدا، بۆگەن بوونی ناخە، گول بوونی رۆح‌و هەست‌و بیرە، بەڵام گولی‌و ئاڵۆش دوو نەخۆشی ساکارن‌و تووشی پێست دەبن، ئەوی تووشی گولی دەبێ، قوربانییە، نێچیرە، ئەوی دەست لەگەڵ دیکتاتۆرتێکەڵ دەکا، جەللادە، راوچییە.

هەناسەی ئەوت هەڵمژی
بڕۆ چارەی سیپەلکت کە
هەتا زووە
دوای ماچەکە
گازی سیانیدی تێ چووە. ‹*›

ئاڵۆش‌و گولی‌و هەڵمژینی سیانید چاریان هەیەو دەشێ نەخۆش وەک گوێزی ساغی لێ بێتەوە، بەڵام هەڵمژینی هەناسەی جەللادی میللەتەکەمان، رامووسینی گۆنای، گوشینی دەستی، وەکو دەردێکی کوشندەیەو لە چرکەی یەکەمەوە نەخۆش لە رووی ئینسانییەوە دەکوژێ، هەروایش ناوی زیندەگییەو ناوی جەللاد ماچکەر وەک ناوی بەکر مەرگەوەڕو موشیری حەمەی سلێمان بە نەمری دەهێڵێتەوە.

بە کام دەرمان‌و شێوە چارەی خۆی بکات، هەرچی بکا پەڵەی ئەو ماچە لە هەنیەی نابێتەوە، قەوزەی هەناسەی جەللاد لە سیپەلکی نابێتەوە، تازە ئەو ماچە بوو بە مێژوو، مێژووی ئەو ماچکەرە بوو بەو ماچە.

نەک پەشێو کەس لە توانایدا نییە وەک پێویست باس لە دڕندەییتی جەللادەکەی عێراق بکات، ناوی بنێی جەللاد، سەددام جەللاد نییە، دووسەد هەزار زێتر هەر جەللادی هەیە! پێی بڵێی سۆزانی، ناوگەڵی هیچ سۆزانییەکی راستەقینە هێندەی خانەیەکی لەشی ئەو «جەللاد»ە ماچکراوە پۆخڵ نییە! باشترین‌و پڕ بە پێستترین خەسڵەتێ کە بدرێتە پاڵ بکوژی گەلەکەمان تەنیا سەددامە، تەنیا ناوەکەی خۆیەتی. لە داهاتوودا ئەگەر مرۆڤ قرکەرێکی دیکەی لە بابەتی سەددام سەری هەڵدا، دەشێ لە بری خوێنڕێژو فاشست‌و دیکتاتۆر، سەددامی پێ بگوترێ.

هەندێ کەسی بەستەزمان پێیان وایە سەرانی بەرە لە کاڵفامی سیاسییانەوە هانایان بۆ سەددام بردووە، نەء سەرانی بەرە لە هەموو ئێمەو لە هەموو دنیا چاکتر سەددام دەناسن‌و دەزانن تەمەنیان بە تەمەنی ئەو خوێنڕێژەوە بەندە، دەزانن سبەی دوای هەرەسی سەددام، لە عێراقێکی نیمچە دیموکراتیشدا نە کەس بە تەپڵ‌و زوڕنایان هەڵدەپەڕێ، نە دەیشتوانن بە زەبری کوتەک خەڵکی دەمکوت بکەن، دەزانن ئەوانیش وەک بەعس بە تیرۆر نەبێ ناژین، هەر بۆیە ئەمە یەکەمین جار نییە لە کاتی تەنگانەدا فریای دەکەون‌و هێزی خۆیان دەخەنە پاڵ هێزی وی.

سەرانی بەرە بۆ بەرژەوەندی خۆیان زۆر لە ئێمە وریاترن‌و دەزانن چییان کردووەو چییان دەوێ، گوێ لە سەرۆکی

‹*› ماچ ــ عەبدوڵڵا پەشێو. مامۆستای کورد ژمارە 11و 12 ل11

هەواڵنامەی کتێب

بەرەی کوردستانی، مەسعود بارزانی بگرن بزانن چی دەڵێ: «وتارەکەی سەرەکی فەرماندەبەڕێز سەدام حسین لە بیرەوەری 23 ساڵەی شۆڕشی مەزنی17 ـ 30ی تەمووزەوە، وتارێکی مێژووییەو ئاواتی هەموو عێراقییەکو نیشتمان پەروەرێکی شەریف دێنێتە دی» <*>

بەم پێیە نەک هەر منو پەشێوی شاعیری راستگۆ، بەڵکو هەموو ئەوانەی متمانە بە بەعس ناکەنو جێگەی متمانەی بەعس نین، نا(شەریف)ن، کەوابوو ئیدی با کەس ئەو ئەرکە نەکێشێو رێگە نیشانی سەرانی بەرەی کوردستانی نەدات، ئەوان خۆیان تەواو شارەزای رێگەکەنو لەشکرەکەیان هەمیشە مەوالیدێکی ئیحتیات بووەو هەر کاتێ رژێم پێویستی پێی بووبێت بە ئاگادارییەک بانگی کردۆتەوە.




مێژووی سوید. حەمەسەعید حەسەن، لە سویدییەوە کردوویە بە کوردی، نرخی 34 کرۆنە بەم ناونیشانە یان تەلەفۆنە داوا دەکرێ:

Invandrartidningen
Box 1352
111 83 Stockholm
Tel. 08 - 787 87 00

<*> رۆژنامەی هاوکاری‌ی رۆژی 22ی تەمووزی 1991. بەغدا.

# بەڵگەنـــامە

یەکێتی‌ی نووسەرانی کوردستان
سلێمانی

3 ـ 7 ـ 1991

روونکردنەوە

... دوای بانگهێشتنی گشتی، بۆ هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبەری کاتی، سەعات (2)ی پاشنیوەڕۆی سێشەممە 1991 ــ 3 ــ 19، (145) نووسەرلە بارەگای نووسەرانی سلێمانی کۆبوونەوە ... لیژنەیەک بە سەرۆکایەتی مامۆستای یاساناسو نووسەر «تەها بابان»و ئەندامیتی بەڕێزان: زاهیر ئەحمەد سەوز، رەوف ئالانی، لەتیف هەڵمەت، محەمەد کەساس، زاهیر مەحموود (هونەرمەند) پێکهات بۆ سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکە ... ئەو نووسەرەیشی کاتێ دەگەیشتە بەردەم سندووقی هەڵبژاردنو دەنگی دەدا لە لایەن لیژنەی سەرپەرشتی‌یەوە ناوی تۆمار دەکرا...

بە دەنگدانی نهێنی، لە بارودۆخێکی دیموکراتی‌و ئازاددا، لەو (28) کەسەی خۆیان پاڵاوتبوو، ئەم ناوانەی لای خوارەوە بوونە دەستەی بەڕێوەبەری کاتی‌و کاروباریان لە ناوخۆیاندا دابەش کرد.

محەمەد فەریق حەسەن 87 دەنگ
د. شێرکۆ عەبدوڵڵا 66 دەنگ
حەسیب قەرەداخی 64 دەنگ
عەبدولرەقیب یوسف 62 دەنگ
عەبدولقادر سەعید سەرچناری 52 دەنگ
هیوا قادر 45 دەنگ
ئازاد بەرزنجی 45 دەنگ
فوئاد محەمەدئەمین 42 دەنگ ئیحتیات
فوئاد عەبدولرەحمان 40 دەنگ ئیحتیات

بۆیە تەنیا ئەم دەستە کاتی‌یە بۆی هەیە بە ناوی «یەکێتی‌ی نووسەرانی کوردستان»ەوە، لە سلێمانی قسە بکاتو چالاکی بنوێنێ. کەسی دیکە بۆی نیە لە هیچ کۆڕو کۆمەڵێکدا بە ناویەوە وتار بداتو چالاکی بنوێنێ... پێمان خۆش بوو لەم رووەوە هەموو لایەک ئاگاداربن ... هەربژین ...

دەستەی بەڕێوەبەری کاتی‌ی
یەکێتی‌ی نووسەرانی کوردستان
سلێمانی

● بابەتی دووەم ●

# بۆ
# جەمالی عەلی فایز

گەر هەوری دڵم نەبووایە
چاوی گەشی قەڵەمەکەم
بۆچی بارانی لێ دەڕژا ؟
گەر کۆچی سووری ناوەختی تۆ نەبووایە
بە وشەی خەم
زوبانی شیعرم نەدەپڕا .

تۆ هاوڕێیەتی هەموو کەسێکت نەدەکرد ، بەڵام کە دەتکرد ، برایەتییەکت دەکرد مەگەر لە ئەفسانەو داستاندا هەبێ . من زۆر لەوانەی خۆشم دەویستن شەهید بوون ، زۆریش لەوانەی خۆشم دەوێن هێشتا زیندوون ، بەڵام هیچ کام لە شەهید بووەکان ، هیچ کام لەوانەی هێشتا ماون ، وەک تۆ لە سەرچڵی دڵم خاوەنی هێلانەی هەمیشەیی نەبوون و نابن .

کەس داوای لێ نەکردووم شتێکت لەسەر بنووسم ، ئەگەر توانیبام هیچت لەسەر نەنووسم ، ئەم دەنووسی . من هیچ تاوانێکم لەوەدانیە کە تۆ شەهید بووی ، بەڵام هەست بە شەرمەزاری دەکەم تۆ کوژراویت و من ماوم ، دڵی تۆ بۆ گوللەی مەرگ بووە نیشانە و دڵی منیش بۆ تیری خەم .

کە ئەکرەمی حەپسە شەهید بوو ، شیعرێکم بۆ ئەویش نووسی . ئای کە زۆر زەردم ئێوە شەهید دەبن ، منیش دەنووسم . شیعر پیرۆزە وەک دایک ، چی هەیە لە دایک پیرۆز تر بێ ، بەڵام باڵای پیرۆزترین شیعر ناگاتە داوێنی شەهیدێک .

زۆرجار هەواڵی مردنی ، کوشتنی کەسانی وام بیستووە کە زۆرم خۆش ویستوون و باوەڕیشم کردووە ، هیچ باوەڕ ناکەم بێمەوە سلێمانی و تۆ نەبینم . بێمەوەو گۆڕێکم نیشان بدەن و بڵێن : جەمال لێرەدا راکشاوە . بێمەوەو چاوەڕێم نەبێ . بڕوا ناکەم ! تۆ دەمریت و من دەژیم . ئای کە شەرمەزارم .

لە کوردستانیش رۆژانە هەواڵی ناخۆشم دەبیست ، لەوێ چونکە لە ئامێزی میللەتەکەمدا بووم چونکە رەگی درەختی قاچم بە خاکی وڵاتەکەمدا ڕۆچوو بوو ، چونکە هەوای خاوێنی کوردستانم هەڵدەمژی ، هەواڵە ناخۆشەکان دەیان هەژاندم ، فرمێسکیان پێ هەڵدەوەراندم ، بەڵام وا بەسەختی کاریان لێ نەدەکردم ، وا بەخوڕ نەیان دەگریاندم ، وا لە بناغەوە نەیان دەڕووخاندم .

جەمال ... لەوێش بوومایە ، هەواڵی کۆچی ناوەختی تۆ لە گریژەنەوە دەری دەهێنام ، لە رەگوڕیشەوە هەڵی دەکێشام ، بەڵام وورەی پێ بەرنەدەدام ، بەڵام گوندی هیوای خاپوور نەدەکردم ، وەک لێرە کردی .

دووریم لە کوردستان ئازارێکە شەوانە ناخم دەخوا . من لە ترسی مردن نەبوو، هەڵاتم . لەوێ گەلێ جار بە پیری مەرگەوە چووم و چاوەڕێی مردن بووم ، لە ترسی سووکایەتی پێکردن هەڵاتم ، بەرگەی هەموو شتێکم دەگرت ، لەگەڵ هەموو دژوارییەکدا رادەهاتم ، سووکایەتی پێکردن نەبێ . ئەم دەتوانی لە سایەی هەلومەرجێکدا بژیم ، رۆژانە هەست بە مرۆڤایەتی پێ شێل کراوی خۆم بکەم ، دەمتوانی ملی خۆم لە پەتدا ببینم ، دەمتوانی رەوتی گوللە بەرەو رووی خۆم ببینم ، نەمدەتوانی مرۆڤایەتی خۆم لەژێر پۆستاڵدا ببینم . ئەوانەی لەسایەی بەعسدا دەژیان ، بە پلەی یەکەم هەست کردن بە پێشێل کردنی مرۆڤایەتییان رای پەڕاندن و تەقاندنییەوە .

بەعس ! چۆن باسی بەعسی بکەم ؟ بڵێم : فاشست ، نازی ، جەللاد ، درندە ، ملهوڕ ... ئەو کاڵایانە کورتن بە باڵای قووچی تاوانی بەعسی . بەعسی ! تەنیا ئەوانە بەعسی دەناسن کە لە زیندانی بەعسدا ژیاون . ئای لەو رژێمەی ئەو خەڵکە لە سایەیدا دەژین ، یان راستتر لە سایەیدا دەمرن ! رژێمێکە کەس نەی توانیوە پێناسەی بکا .

من نازانم کێ تۆی کوشت ، بەڵام دەزانم ئەوی تۆی کوشت ئەی دەناسیت ، ئەگەر بی ناسیبای ، دەستی تێت نەدەچوو . ئەوی تۆی کوشت ئینسان نەبوو ، تۆ هی ئەوە نەبووی ئینسان دڵی بێت ئازارت بدا ، چ جای بتکوژێ . من نازانم کێ تۆی کوشت ، بەڵام لەوە دڵنیام

ئەوی تۆی کوشت سەر بە هەر نەتەوەو چینو بیرێک بووبێ، پێش هەموو شتێک بەعسی بووە .

من لێرە ناکوژرێم، یان بەو ئاسانییە ناکوژرێم وەک هاوڕێکانم لە کوردستان دەکوژرێن . مرۆڤ لە ژێر سایەی بەعسیو بەعسی ڕەفتارەکاندا چۆلەکەیەکی باڵکراوە ، کەی بیانەوێ ملی هەڵدەکێشن . جەمال ... هەست بە شەرمەزاری دەکەم ملی تۆیان پێش ملی من هەڵکێشا .

چیم دەستەڵات بوو ، نەمدەتوانی نێچیرەوان بم ، نێچیرێ بووم ، توانیم لە دەستی ڕاوچییەک هەڵێم کە چاوم لە لوولەی چەکەکەی بوو ئاراستەی دڵمی کردبوو ، هەستم دەکرد بە پاژنەی پۆستاڵەکانی سەوزەگیای هەستو بیرم دەشێلێ . نێچیرێ بووم لە دەستی ڕاوچییەکی دڵڕەقەوە بۆ بەردەستی ڕاوچییەکی دڵنەرم هەلاتم .

جیهان جەنگەڵێکە ، خەڵکی نێچیرگەلێکن ، دەسەلاتدارانیش کۆمەڵێ نێچیرەوان ، جیاوازی نێوانیان تەنیا لە جۆری تفەنگەکانی شانیاندایە ، جیاوازی نێوانمان تەنیا لە جۆری مردنەکەماندایە .

کەمتر لە نیو سەدە ژیای ، بەلام زێتر لە نیوەی ژیانت ڕۆژانە چاوەڕێی دەستی مردن بووی ، لە دەرگای ژیانت بدا ، تویش قوربانییەکی کۆمەڵگایەکی دواکەوتوو بووی کە بە زمانی زەبروزەنگ مامەڵەی لەگەڵدا دەکردی . زۆر جار مرۆڤ لە بەردەم دوو ڕییانێکدا ڕادەگیرێ : یان دەبێ ڕۆژانە چاوەڕێی مەرگ بکا ، یان ڕۆژانە مەرگ ببەخشێتەوە . تۆ لەمێژ بوو چاوەڕێی میوانی ئێسک گرانی مردن بووی . تۆ لە شارێکدا دەژیای تۆپ بارانی لەسەر بوو ، لەو شارەدا درەختێ بووی ڕەگت لە زەوی گیر کردبوو ، نە دەت توانی باڵات وەشێنی ، نە دەت توانی ڕەگەکانت هەڵکێشیو بیاندەی بە کۆڵتاو هەڵێی .

کە ناچاربووم کوردستان بەجێ بهێڵم بە تۆیشم گوت :

– کەس هێندەی تۆ مەترسی لەسەر نییە ، با ڕێگەی ئامۆزییەکی دیکە بگرینە بەر .

– بە پێنج کچەوە بۆ کوێ بێم ؟

ئێمە هەر لە لایەنێکەوە قوربانی نین ، تەنیا چەقۆیەک هەڕەشە لە ملمان ناکات ، تەنیا ڕێگەیەکمان لێ نەگیراوە ، هەموو دەرگاکانیان بەڕوودا داخستووین .

کە شەهید بووی شەش منداڵت هەبوو ، وەکو هەموو پیاوێکی دیکەی کوردەواری ، لە یەکەم منداڵەوە بە هیوای کوڕ بووی ، لەو بوارەیشدا هەر بەخت یارت نەبوو . دوا منداڵت کوڕ بوو . جەمال ئەمجارەیان کوڕتان بوو ، ئای کە دڵت پێی خۆش بوو ، دەستی مژدەیە بوو لە مێژ بوو چاوەڕێی بووی لە دەرگای گوێچکەت بدات ، بەلام ئەفسووس پێش ئەوەی کوڕەکەت بێشکە بەجێ بهێڵێ خۆت لە دار ئەرما ڕاکشای .

کە ڕێ دەکەوت تۆ ، من ، چەند هاوڕێیەکی دیکە ، لە جێیەک یەکمان دەگرت ، لە ناکاو پارچە کاغەزێکی قەدکراوت دەردەهێناو هێندی هێندی دەتکردەوە و دەتخوێندەوە ، زۆر لەو کاغەزە قەدکراوانە شیعری منیان تێدا بوو ، دەزانی هێشتا کەسم نە ناسیوە هێندەی تۆ عاشقی بەرهەمی ئەم قەڵەمە سەرەڕۆیەی من بوو بێ . شیعرێکی نوێم نووسیوە ، خۆم بە جوانی دەزانم ، بەم زووانە ڕووناکی دەبینێ ، بەلام داخی گرانم تۆ میوانی تاریکستانی گۆڕیتو نای بینیتو نای خوێنیتەوەو لە گۆڤارەکەی ناکەیتەوەو گیرفانی سەرەوەی لای چەپتی بۆ ناکەیتە هێلانە . نم توانییا بژیمو ئەنووسم ، لەگەڵ بیستنی هەواڵی دڵتەزێنی کۆچی ناوەختی سووری تۆدا دەستم لە نووسین هەڵدەگرت .

تۆ لە ڕووی تیۆرییەوە لە ئێمەت کەمتر دەزانی ، کتێبو گۆڤارو ڕۆژنامەت لە ئێمە کەمتر خوێندبووەوە ، هێندەی ئێمە شارەزای مێژووی خەباتو قوربانیدانی چەوساوەکان نەبووی ، سەرمایەت نەخوێندبووەوە وەک ئێمە گوتەکانی مارکست لەبەر نەبوو ، کە ئێمە دەمان کرد بە مشتومڕێکی درێژخایەن تۆ تەنیا گوێت دەگرت ، بەلام لە ژیانی ڕۆژانەداو بە ڕەفتارو کردەوە لە هەموومان کۆمۆنیست تر بووی کۆمۆنیست ئەوساو ئێستایش لای من ئەو کەسەیە ملکی بۆ خۆی ئەوێ ، خۆشی خۆی بکاتە قوربانی خۆشی کەسانی دیکە . تۆ لە هەمووومان کۆمۆنیست تر بووی چونکە لە هەمووومان خۆبەختکەر تر بووی ، قوربانی دەرتر بووی .

« هاوڕێ » ، پیرۆزییەکی تایبەتی هەیە ، ئەو پیرۆزییە تایبەتییە لە برا ، برادەر ، هەڤاڵ ، هاوبیرو هاوخوێندا بەدی ناکەم ، کە وشەی هاوڕێ دەبینم ، دەبیستم ، دەنووسم ، هەست دەکەم ئەو وشەیە تەنیا لە کەسانی وەک تۆ دا بەرجەستە بووە ، تۆ پڕ بە هەموو مانای وشەکە ، هێندەی قووڵیو پیرۆزی وشەکە هاوڕێ بووی .

بەوەدا کە پێش کۆچی دوایی تۆ ، نەمزانی بوو ، ئازاری لەدەستدانی هاوڕێیەک هێندە سەختە ، بەوەدا دەڵێم : تا ئێستا هاوڕێی لە تۆ خۆشەویستترم لە دەست نەداوە .

کۆتایی ئەیلوولی 1991

● بابەتی سێیەم ●

# نامەیەک بۆ سەرانی بەرەی کوردستانی!

هێندە لەمێژە ئێوە، بێ پسانەوەو بەوپەڕی لەخۆبوردنەوە سەرقاڵی خەباتی دژوارن کە ئەستەمە بۆ من دەستپێکی تێکۆشانتان دەست نیشان بکەم. لەوەیش ئەستەمتر باسکردنی مێژووی خەباتی درێژخایەنتانە. کێ هەیە نەزانێ ئێوە چەندین ساڵە بە هەرچی شێوازێ بۆتان لوابێ، سەروماڕ لە هەوڵو تەقەللادا بوون، بۆ دەستەبەرکردنی مافی رەوای گەلی کورد. ئیدی بۆ گەیشتن بەو ئامانجە پیرۆزە لە هیچ رێگەیەکی هەورازو نشێو سڵتان نەکردۆتەوە. ساڵانێکی دوورو درێژ، دەستەویەخە لەگەڵ رژێمی بەغدادا شەڕی مانو نەمانتان کردووە، چەندین ساڵ رێگای وتووێژو هاوسەنگەریو هاوپەیمانیتان لە تەک بەعسییەکاندا گرتۆتە بەر، گەلێ ساڵیش کە شەڕ دژی رژێمی بەغدا ماندووی کردوون ناچار لە ناو خۆتانداو دژی یەکدی درێژەتان بە شەڕ داوە. زۆر جار ئەوەندە خوێنەویست بوون، بەلاتانەوە گرنگ نەبووە دژی کێ شەڕ دەکەن، ئەوەتان لا گرنگ بووە شەڕ درێژەی هەبێو هیچی دیکە، تەنیا لە پێناوی مافی رەوای میللەتە لەت لەت کراوەکەماندا.

کێ هەیە نەزانێ ئێوە لە پێناوی ئێمەدا چەندتان ئازاری لە توانابەدەری دەربەدەریی چەشتووە؟ چەندین ساڵە لەسەر سنوورەکان بوونو بواری پیاسەی شەقامێ، دەشتێ، کەناری رووبارێکتان نەبووە. چەندین ساڵ لە شامو لە بەغدا، لە هەمەدانو کەرەج، پایتەختێکی ئەورووپا ئەما ئێوە دەواری ئاوارەییو پێکی دەربەدەری تێدا هەڵنەدەن.

بە راستی هەرچی دەبوو بتانکردبا، کردتان، نەک هەر درێغیتان نەکرد، بەڵکو بەجۆرێ قەرزبارتان کردین، نەک خۆمان نەوەکانی دوای خۆشمان دەبێ لە ژێر باری گرانی قەرزدانەوەی ئێوەدا بناڵێنو سەربنێنەوە.

ئەوی جێگەی سوپاسو رێزو ستایشو پێزانینو سەر بۆ ئەوی کردنە: ئێوە لە کاتی خەباتی چەکداریی دوورو درێژخایەندا، لەسەردەمی ماچو مووچ لەگەڵ جەللادەکەی میللەتەکەماندا، لەسەر وەختی شەڕی یەکدی کوشتندا، ئەوی لەبەر چاوتان نەگرتبێ بەرژەوەندی تاکەکەسی خۆتان بووە. ئێوە هەموو خەسڵەتە چاکەکانی هەموو پێغەمبەرانو گەورە پیاوانی جیهانتان تێدا کۆبۆتەوە. لە شەڕی پارتیزانیدا ماوو تیتۆو گیڤاراو جیاب، لە ئاستی شاگردەکانیشتاندا ناویان نایەت. درەختی لایەنی مرۆڤدۆستیو ئاشتیخوازیتان هێندە شۆخو شەنگو باڵا کەڵەگەتە، بوزاو مەسیحو گاندیتان چەندین قۆناغ بەجێهێشتووە، هەر ئەمەیشە وای کردووە بێ پرینگانەوە دەست بکەنە گەردنی بڵندی جەللادی ئێمەو ئاوێزانی باڵای کەڵەگەتی ببنو بە نۆشکای دڵفراوانیتان رێزێک ماچی گڕداری پێوە بنێن.

لە بواری هەڵسوکەوتو رەفتاری رۆژانەو مانگانەو ساڵانەتاندا ئەوەندە دیموکراتین، گومانی ناوێ لە داهاتوویەکی نزیکدا هەرچی وڵاتانی جیهانە سوود لە ئەزموونی بە پیتو دەوڵەمەندی ئێوە وەردەگرنو هەموو دەسەڵاتدارانی جیهانیش لە داهاتوویکی کەمێ دوورتردا کتومت وەک ئێوە دیموکراتیانە رەفتار دەکەن. هیچ کام لە ئێوە هەرگیز خۆی بە تاکە سەرکردەی بلیمەتو لایەنەکەی

خۆی بە شاسواری گۆڕەپان نەزانیوە، هێندە زیندەڕۆییتان لە دیموکراتی بووندا کردووە مانای قووڵو تەواوی وشەکەتان شەرمەزار کردووە. هەمیشە نامێزی گەرموگوڕتان بۆ ئەوانەی وەک خۆتان بیریان نەکردۆتەوە ئاواڵە بووە جێگەی سەرنجو تێڕامانو سەرسوڕمانە تا ئێستا وڵاتێکی بە دیموکراتی ناسراوی وەک سوێد نەهاتووە پرینسیپەکانی بەرەی کوردستانی لە پەڕلەماندا پیادە بکات.

لە بواری تیۆریدا هێندە لێزانو کارامەو دووربینن، دیدو جیهانبینیتان هێندە گەشو ڕۆشنو هەمەلایەنە، هەر نوقلانەیەک ئێوە لێتان دابێ، کتومت وا هاتۆتەوە، هەر پێشبینیەکتان کردبێ وەک لە غەیبەوە ئاگادار کرابن وا دەرچووە.

وەک چۆن هەتا ئەڵمانو ئینگلیزو رووس بمێنن، شانازی بە گۆتەو شەکسپیرو دەستویفسکی‌یەوە دەکەن، ئێمەیش ئەی خۆرەگەشەکانی ئاسمانی کوردستان هەمیشە شانازیتان پێوە دەکەین.

ئێوە ئەگەرچی هێندە بلیمەتو هەڵکەوتوون، کەچی مایەی داخە ئەم جیهانە دادکوژە، تا ئێستا مافی تەواوی خۆتانی پێ نەداون. ئێوە ئەگەرچی لە مێژە بە هەموو شێوەکانییەوە سەرقاڵی خەباتن، کەچی هەموو ئەو ساڵانەی ئێوە خۆتانو ئێمەتان تێدا شەکەت کرد، هێندەی ئەو تاقە مانگەی خەڵکی دایانە کێوو سنوورەکانیان شکاند، ڕۆشناییتان نەخستە سەر مەسەلە ڕەواکەمان. ئێوە دەیان ساڵ لەو سنوورانە بە پۆشتەو پەرداخیو تێرو پڕی بە شاخەوە بوون، کەچی جیهان لە ئاستی خەباتی درێژخایەنی دۆڵو چیاتاندا نا بیناو کەڕولاڵ بوو، بەڵام کاتێک ئەو خەڵکە ڕووتو قووتو پێ پەتیو برسییە بە چیادا هەڵگەڕا، میدیای هەموو دنیا کردیان بە چ گاڵەیەک؟

ئێوە ئەگەرچی بەوپەڕی وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ مەسەلەکەماندا دەکەنو دەزانن کەیو چۆن هەنگاو دەنێن. کەچی ئەومیللەتەی چەندین ساڵەئێوە سەرکردایەتی دەکەن لە کاتێکی تەواو ناسکدا گوێ ناداتە ئەوەی ئێوە لەگەڵ ڕژێمدا لە ئاگربەستدان، دێت بە شێوەیەکی خۆڕسکو بێ ئەوەی گوێ بۆ فەرمایشتەکانتان بگرێ ڕادەپەڕێوهەڵوێستێکی سەرچڵانە دژی ئەو ڕژێمە وەردەگرێ کە ئێوە بە هیوان ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینەی لێ وەربگرن. ئەو میللەتە سەرچڵە دەزگاو دوکانی ڕژێم لە گرێژەنەوە هەڵدەکەنێتو تەختو بەختی تێک دەدات، تەنانەت هەڵدەکوتێتە سەر دەزگای ئاسایشو فایلەکان پەڕە پەڕە هەڵدەداتەوە. ئەو میللەتە سەرچڵە ڕژێم وەدەر دەنێو لە شارەکاندا شووڕای خەڵکی دادەمەزرێنێو خۆی بڕیاری چارەنووسی خۆی دەدات، ئەمە لە بری ئەوەی شوێن هەنگاوە درێژو گورجو پتەوەکانی ئێوە بکەوێو داکۆکییەکی شێلگیرانە لە ئۆتۆنۆمی بکات. ئەگەر میللەتانی دیکەیش چەند کەڵە سەرکردەیەکی وەک ئێوەیان هەبووایە هێندە گێلو نەفام نەدەبوون، داوای ئازادیو مافی چارەنووس بکەن. ئێوە هیچ گومانتان لەوە نییە، ئۆتۆنۆمی لە سایەی باڵی پەپوولەی بەعسدا گەلێ لە سەربەخۆیی گرنگترە، هەر بۆیە دوای کڵاوی با بردووی سۆزی جەماوەری ڕۆمانسی ناکەونو پێ لەسەر ئۆتۆنۆمی دادەگرن، ئەگەرچی ئەو ئۆتۆنۆمییە نیوەی ئەو خاکەیش بگرێتەوە کە کوردی تێدا زۆربەیەو لەو نیوەیەشدا هەر بەعسییەکان باڵادەست بن.

ئەگەرچی ئێوە هێندە زانان، مەلی هەموو ڕستەیەک کە هێلانەی زارتان بەجێ دەهێڵێ، پێویستەو ئەرکێکی نیشتمانییە بۆ هەموو زمانە زیندووەکانی جیهان وەربگێڕدرێ، کەچی ئەوەندە خاکیو میللیو بێ فیزن، هەمیشە بە زمانێکی ساکار دێنە گۆ، ئەوی بەڕاستی ئەتان ناسێ، لە ئاستی چناری بڵندی ڕۆشنبیریتان دەکەوێتە گومانەوە. ئەوی جێگەی تێڕامانە ئەو بەدگومانانە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لە پەرەسەندندان. تەنانەت بەشێکیان بە ئاشکرا لە زۆرجێ گوتوویانە: کاتێ گوێمان لە سەرانی بەرە یان لە نوێنەرە گەوجەکانیان دەبێ لە وێزگەکانی جیهانەوە بەناوی میللەتەکەمانەوە قسە دەکەن، ئاستی بیرکردنەوەو چۆنییەتی گفتاریان هێندە نزمو نەخوێندەوارانەیە، هەموو گیانمان دەکەوێتە سەر گڕی ئارەقەی شەرمەزاری.

ئەوانە لەوە تێناگەن کە هەموو گەورە پیاوان ساکارانە ڕەفتاریان کردووە، ئەوانە ژیننامەی بوزاو مەسیحو گاندیان نەخوێندۆتەوە، ئەوانە دەرک بەوە ناکەن کە ساکاریو مەزنایەتی دوو دیوی یەک جامەدانین، ئەوانە بەد حاڵی بوونو لەوە تێناگەن کە ئێوەی مەزن هێندە ساکارن، هەر ئەو ساکارییە قووڵەیشتانە وای کردووە قسەی ساکار بکەنو دەستبەرداری باڵەخانەو تەلاری بڵندی ڕزگاریی ببنو لە ژێر دەوارە شڕی ئۆتۆنۆمیدا بحەوێنەوە.

ئێوە دوای چەندین ساڵ شەڕ لەگەڵ ڕژێمدا گەیشتنە ئەو

سەرەنجامەی لە بارترین رێگە بۆ لە ناوبردنی رژێم، ماچکردنی سەرانی رژێمەکەیە. ئێوە سوودێکی زۆرتان لە ئەزموونی هەنگ وەرگرت، هەنگ کە بە دوژمنەکەیەوە دەدات، خۆیشی دەمرێ، ئێوە وەک هەنگی نەفامتان نەکرد، هاتن دوژمنتان ماچ کرد، دوای ئەو ماچە گەرموگورە هاکا دوژمن هەرەسی هێنا. کەچی خەڵکی سەرچڵی کوردستان لە بری ماچ کردنی سەرانی رژێم، هاتن هەرچی چنگی بە خوێنی کورد سوور بوو دادگایان بۆ داناو بە شێوەیەکی کلاسیکی تۆڵەی شەهیدانیان لێکردەوە. سەیرە ئێوە ئەگەرچی بە شێوەیەک لەناو میللەتدا تاوێنەتەوە، کە ئەستەمە بزانرێ ئێوە میللەتن، یا میللەت ئێوەیە، خەڵکانی سەر بە ئێوە وەکو دەمار بە ناو لەشی میللەتداو وەکو خوێن بە ناو دەماری میللەتداو وەکو هیمۆگلۆبین بە ناو خوێنی میللەتدا بڵاوبوونەتەوە. کەچی لە ناکاو چ ناکۆکییەکی بەرین و مەزن کەوتە نێوان ئێوەو میللەتەوە، لە کاتێکدا میللەت بە نینۆک، بە چەقۆ، قەمە، تەور، مشار، کوتەک مامەڵەیان لەگەڵ جەللادەکانی خۆیاندا دەکرد، ئێوە پەناتان بردە بەر شێوازێکی هاوچەرخ، ریبازێکی مرۆڤ دۆستانە، رێگەیەکی ریالیستانە، ئێوە پەناتان بردە بەر ماچ.

دوای سەرکەوتن ئەو خەڵکە بێ گوێیە لە بری ئەوەی گوێ لە ئێزگە دێرینەکانی ئێوە بگرێ، دەنگی شووڕای خەڵکی زەحمەتکێشی دامەزراند. ئەو خەڵکە سەرەڕۆیە لە بری ئەوەی چاوەڕێی فەرمانی کۆمیتەی باڵای بەرەی کوردستانی بێ، شووڕای پێکەوە ناو سەرپێچی فەرمانەکانی ئێوەی کرد.

ئێوە چیتان بۆ ئەو خەڵکە نەکرد! ئێوە نەبوونایە کورد هێنجگار ئەوەندە شەهیدی دەبوو؟ میللەت هەیە لە دنیادا لە پێناوی ئۆتۆنۆمیدا، بە سەرۆکایەتی ئێوە، هێندەی کورد شەهیدی دابێ؟ ئێوە چیتان بۆ ئەو خەڵکە نەکرد؟ ساڵانێک هاناتان بۆ بارەگای شا برد، ساڵانێکی دی دەستتان بە داوێنی عەبا پیرۆزەکەی خومەینییەوە گرت، دەخیلی حافیز ئەسەد بوون و دەستتان لە قەززافی پانکردەوە، ئەمانە هەمووی لە پێناوی ئەوەدا لێوی تامەزرۆتان بە گۆنای ئاڵی لە پەڕەی گوڵ ناسکتری سەددام شاد بێ و ئۆتۆنۆمی بۆ ئێمە بە ماچ دابین بکەن.

ئەگەرچی ئەو کتێبەی لینینم خوێندۆتەوە بەڵام بیرم نەماوە کە سەلماندوویەتی یان نا: ئیمپیریالیزم بالاترین قۆناغی سەرمایەدارییە، بەڵام بێ گومانم ئێوە سەلماندتان کە ماچ بالاترین قۆناغی خەباتی درێژخایەنی چەکدارییە. ئێوە زۆر شتی دیکەیشتان سەلماند، هەموو ئەو میللەتە گێلەی ئێمە سەددامیان بە جەللادو فاشستو دیکتاتۆرو خوێن ڕێژ ناو دەبرد، کەچی ئێوە ناراستی بۆچوونی ئێمەتان وەک رۆژی روون بەدەر خستو سەلماندتان کە سەددام ئەگەر حەکەم نەبێ ئەوا ئەندازیاری ئۆتۆنۆمییە، کەچی ئەو خەڵکە بێ ئەمەکە هێشتا لێتان رازی نین و هەر رۆژەی رەخنەیەکتان لێ دەگرن.

بە هەر حاڵ گرنگ ئەوەیە دواجار ئێوە گۆی خەباتتان بردەوە، ئێوە لەسەر ئەسپە شێیەک بلیتتان بڕی بوو کە هەر لە سەرەتاوە دیاربوو دەیباتەوە. ئەوا ئێوە جارێکی دیکەیش ئۆتۆنۆمیتان بۆ وەرگرتینەوە. ئۆتۆنۆمیی ئەمجارە وەکی ئەوی پێشوو نیە، ئەمەیان کە لە دوای سەرکەوتنێکی مەزن و شکستێکی مەزنترەوە سەری لە هێلکە جووقاوە، دەرمانی هەموو دەردێکە، خواردنێکی نایابەو سێ ژەمە خۆی دەکا بە ماڵە هەژارەکانداو هەرگیز کەسی لێ بێزار نابێ، پۆشاکێکی شایانەیەو هەموو میللەت چوار وەرزە لەبەری دەکا، تەلارێکە هەموو خێزانێکی تێدا دەحەوێتەوە.

هێشتا مەرەکەبی ئەو قەڵەم پارکەرەی ئۆتۆنۆمییەکەی پێ ئیمزا کراوە وشک نەبۆتەوە، هەموو شەهیدان لەخۆشیدا زیندوو بوونەتەوە، هەموو ئاوارەبووان گەڕاونەتەوە، کوردستان بۆتە ئەو بەهەشتەی خوا بەڵێنی داوە لەو دنیا بیهێنێتە گۆڕێ. ئۆتۆنۆمی خۆراکە بۆ برسی، شیرە بۆ منداڵ، زەوییە بۆ جوتیار، مێردە بۆ بێوەژن، زاوایە بۆ بووک، رۆڵەیە بۆ دایکی جەرگ سووتاو، باوکە بۆ منداڵی هەتیو کەوتوو، بەرزبوونەوەی رۆژانە و کەمبوونەوەی سەعاتی کارە بۆ کرێکار.

هەرکە لە رادیۆو تەلەفزیۆنەوە ئۆتۆنۆمی دەخوێندرێتەوە، هەموو دایکە جەرگ سووتاوەکان، هەموو منداڵە باوک شەهیدبووەکان، کیژە دەستگیران بزرەکان، بە لێشاو روو دەکەنە گۆڕەپانەکانی ناوەندی شارەکان و حەوت شەوو حەوت رۆژ بێ پسانەوەو پشوو، سەرومر هەڵدەپەڕن. هەموو ئەوانەی لە بەندیخانە زۆرو زەبەندەکانی رژێمدا لەژێر ئازاردا پەپوولەی گیانیان بۆ بەهەشت هەڵفڕی، ئەوانەی لەسێدارە دران، بە گاز خنکاوەکان، چارەنووس بزرەکان، ئەو منداڵانەی تەرمەکانیان لەسەر سنوورەکان بەجێما،

ئەوانەی بەو کێوانەوە لە برساناو لە سەرمانا رەق هەڵاتن، ئەوانەی بوونە خۆراکی گرەی بیابانەکان، ئۆتۆنۆمی ئاوی زیندەگییەو لەگەڵ مۆرکردنیدا سەرلەنوێ ژیانیان پێ دەبەخشێتەوە.

ئەگەرچی ئێوە هەندێ جار لە رەفتاری خواری میللەت نا ئومێد دەبن‌و دەڵێن: ئەم میللەتە سپڵەیەی ئێمە، شیاوی ئەم ئۆتۆنۆمییە مەزنە نییە تەنیا «ئۆتۆ»یەکەی سەروزیادییەتی، بەڵام وەکو گەورە پیاوانی دیکە لەوپەڕی بەدەسەڵاتی خۆتاندا ڕێگای بەخشین دەگرنە بەرو «نۆمی»یەکەیشمان پێ ڕەوا دەبیننەوە.

رۆژانی راپەڕینەکە ئەو خەڵکە دواکەوتووە تیرۆریستە، هەرکە دەستیان دەگەیشتە بەعسییەک، سیخوڕێک، جەللادێک، تۆڵەی شەهیدان‌و مرۆڤایەتی پێشێلکراوی میللەتیان لێ دەکردەوە، نەدەهاتن بە قسەی خۆش فێری برایەتی کوردو بەعسی، پاراستنی نیشتمان لە هێرشی بێگانە، ئەوینی خاکی عێراق، ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی بۆ بکەن، بەڵام ئێوەی مرۆڤی هاوچەرخی دڵفراوان، بۆ تاوێ لافاوی خوێناوی شەهیدانتان فەرامۆش کردو سەرۆکی جەللادانیشتان راموسی‌و دیسانەوە پەڕەیەکی نوێتان کردەوە، ئەوەندە پەڕەی نوێتان کردۆتەوە دەفتەری پێوەندی نێوان کوردو بەعس پەڕەی پێوە نەماوە، ناچار بۆ دەفتەرێکی نوێ، دڵتان پەڕە پەڕەو پارە پارە کرد.

ئێوە لە پێناوی ئێمەدا چیتان نەکرد!! تەنانەت بە لێوی ئاڵی وەک پەڕەی گوڵاڵەتان سەرەنوێلکی روومەتی جەللادەکەی ئێمەتان لێستەوە. بە جلی کوردییەوە ماچتان کرد، بە پۆشاکی ئەورووپاییەوە راتانموسی. ئێمە چاوەڕێی ئەوەیشتان لێدەکەین لە پێناوی ئێمەدا سەربە عەگاڵیشەوە ماچی بکەن. کەچی هەندێ زمان درێژ لە کرۆکی ئەو هەڵوێستە مرۆڤ دۆستانەیەتان تێناگەن‌و کاتێ موریدێکی ئێوە دەبینن بە لاقرتێوە پێی دەڵێن: برۆ ماچی کە. ئێوە لە پێناوی ئێمەدا خۆتان کردە کەرەسەی سەرکەوتووترین نوکتەی ئەمساڵ، دەڵێن کە وەفدی یەکەمی بەرەی کوردستانی لە بەغدا گەڕاوەتەوە، لە دانیشتنێکی سەرکردایەتی بەرەدا، سەرۆکی وەفدەکە لە یەکێ لە ئەندامانی وەفدەکەی پرسی بوو:

— کێ سەرۆکی وەفدەکە بوو؟

— تۆ بووی.

— من چەند ماچی سەددامم کرد؟

— دوو.

— ئەدی بۆچی تۆ وەکوو منت نەکردو سێ ماچت کرد؟

— ئاخر تۆ هەر سێ چوار ساڵ جارێ ماچی دەکەی، من شانزە ساڵە ماچم نەکردووە.

دە پانزە ساڵێ لەمەو بەر سەرۆکی پارتی چەپەکانی سوێد تەوقەیەکی لەگەڵ چاوچیسکۆدا کردبوو، هاوڕێکانی لەسەر ئەوە هێنایەنە گیروگاز، ئەگەرچی چاوچیسکۆ لە بواری خوێنڕشتن‌و مرۆڤ کوشتندا بە تۆزی پێی جەللادەکەی ئێمەدا نەدەگەیشت. ئەوانەی ئێستا رەخنە لەو بارانە ماچەی ئێوە دەگرن، بەوەی چاکە دەستیان ناڕوا، دەنا دادگایان بۆ دادەنان. شاعیرو شاعیرۆکە ئەما شیعروميعری پڕ لەگاڵتەجاڕی‌و لاقرتێ لەسەر ئەو ماچە مێژووییەتان ئەنووسێ. ئای لە کەم فرسەتیی ئەو خەڵکە!

هەر دوای ماچە مێژووییەکە گوێم لێ بوو، زمان بزماراوییەک دەیگووت: ئەو ماچە بو من هیچ جێگەی سەرسوڕمان نەبوو، کە سیخوڕێ لە مۆڵەت دێتەوە، هاوڕێ سیخوڕەکانی یەک یەک ماچی دەکەن، کاتێ خەڵکی لەبەر دەروازەی ئاسایشدا ماچ‌وموچی دوو سیخوڕ دەبینن، هیچ پێیان سەیرە؟ من ماچ‌وموچی سەرانی بەرەی کوردستانیش لەگەڵ جەللادەکەی عێراقدا هەروا دەبینم‌و پێم سەیر نییە، ئەوانە پێیان سەیر بوو کە فریویان خواردبوو. دەستتان خۆش، دەستتان لە ناو دەستی رژێم نایەوەو شانتان دایەوە ژێر باڵی، هێندەی نەمابوو ئەو خەڵکە سەرچڵە، بێ ئەمەکە، بەرەکە لە ژێر پێتان رابکێشێ‌و رووبار ئاسا رێ بکات‌و ئێوەیش وەک گابەرد لە کەنارەوە بەجێ بهێڵێ. ئێوە لەبارترین هەنگاوتان لە شیاوترین کاتدا نا، دەنا وەک شوانێ گورگ مەڕەکانی خواردبێ دەبوو بەو چۆڵ‌و هەردانەوە بە نائومێدی سەرتان بنایەتەوە. هەموو جارێ کە رژێم تەنگەتاو دەبێ، ئێوە پێتان شەرمە لە پشتەوە خەنجەری لێ بدەن‌و بە هانایەوە دەچن. هەموو جارێ کە ئێمە لە مەرگ نزیک دەبینەوە، ئێوە گۆبۆ ئاسا فریامان دەکەون.

ئێوە جارێکی دیش بە راستی‌و بە کردەوە سەلماندتانەوە کە هاوڕێی تەنگانەن، هەر بۆیەش کاتێ جەللادەکەی ئێمە

لەوپەڕی تەنگانەدا بوو، کاتێ بازنەی ئابلۆوقەی هەمەجۆرەی هەموو جیهان هێندە بە چواردەوریدا تەسک ببوەوە، خەریک بوو دەیخنکاند، ئێوە لەو کاتە ناسکەدا، ئەی کوڕانی تەنگانە، بە پەلە فریای کەوتنو وزەتان دایەوە بەریو گوڕتان دایەوە بەخوێنیوهێزتان دایەوە بە ئەژنۆی شلبوویو وزەتان دایەوە بە بازووی، تا لەمەو دوایش بتوانێ بە شمشێرە خوێناوییەکەی دەستی، چالاکانە سەرمان بپەڕێنێ.

ئێمە مەودای بیرکردنەوەمان گەلێ لەوە تەسکترە، توانای ئەوەمان هەبێ، ڕێگەی ڕاست نیشانی ئێوە بدەین، بەلاّم بە خۆماندا رادەپەرموویین تکاتان لێ بکەینو لێتان بپاڕێینەوەو دەست بە داوێنی خاوێنتانەوە بگرینو بڵێین:

ئەگەر ئەم جارەیش ئۆتۆنۆمی گالّی هێنا، ئەوا ئێوەیش دەستبەرداری تێکۆشانو ڕەنجو قوربانیدان بنو چیدی لە پێناوی ئێمەدا کە شیاوی ئەوە نین، خۆتان ماندوو مەکەنو کاتی زیدە بەنرخی خۆتان بە فیڕۆ مەدەن. ئەوسا بێگومانین کەس گلەییتان لێ ناکات، چونکە هەرچی پێویست بوو یا نەبوو لە پێناوی ئێمەدا کردتانو ئەرکی نیشتمانیو کوردایەتیو تیرەگەریو هیزبایەتیو شۆڕشگێڕیو چینایەتیو مرۆڤایەتی خۆتان بە زیدەوەو بەوپەڕی لێهاتووییەوە بە ئەنجام گەیاندو ئێمەتان لە قۆناغی مێژوویی پێش ماچەوە، بۆ قۆناغی مێژوویی تری دوای ماچ گواستەوە. ئێمە ئەوە ناهێنین جارێکی دیکەیش ئێوە لە پێناوی ئێمەدا ڕوو بکەنەوە چیاو بیکەنەوە بە شەڕە تەقە، یان دیسانەوە لە ئاوارەیی چادری نامۆیی هەڵبدەنەوەو لە پێناوی ئێمەدا، لە پایتەختێکی دیکەدا دوکانێکی خنجیلانەی بەرەنگاری بکەنەوە.

ئێمە دڵنیاتان دەکەینەوە لە هەموو مێژووی دوورو نزیکی گەلەکەمانو گەلانی دراوسێشدا کەڵە پیاوی وەک ئێوە هەڵنەکەوتووە، لە داهاتووی نزیکو دووری گەلەکەی ئێمەو گەلانی دراوسێشدا هەڵناکەوێ. لە ئایندەدا لە کتێبی مێژووی قوتابخانەدا وەک سەرکردەی ئەفسانەیی ناوتان تۆمار دەکرێ، هەر کە نیازتان هەبوو گیان بسپێرن دەیان نا سەدان شیعرو شانۆنامەو ڕۆمان، لەسەر مێژووی خەباتتان دەنووسرێ ژیانی دەوڵەمەندی ئێوە دەبێتە هەوێنی ئەدەبێکی بە پێز. ئێوە چیتان بۆ ئێمە نەکرد؟ ئێوە نەبوونایە ئەدەبەکەمان چۆن بووژانەوەی وای بە خۆیەوە دەبینی! لە هەموو گۆڕەپانێکدا پەیکەرتان قوت دەبێتەوە، هەرچی کتێبخانەو شانۆو قوتابخانەو زانکۆو شەقامی گشتییە ناوی ئێوەی لێ دەنرێ، هەرچی منداڵێ لە دایک ببێ دەمودەست ناوی یەکێکتانی پێوە دەلکێنرێو هەرگیز لێی نابێتەوە، وەک چۆن باشووری کوردستان بە عێراقەوە لکێنراوەو مەحاڵە لێی جوێ بێتەوە. ئیدی ئێوە هەرگیز مردنتان بۆ نابێ، چونکە سی چل ساڵێکی دی هەموو نێرینەی کورد بە ناوی ئێوەوە ناونراون، ئێوە چیتان بۆ ئێمە نەکرد! ئێمە هەرگیز لەژێر باری سەختی قەرزی ئێوە دەرناچین، تەنانەت ئەو ئەرکەیشتان لە کۆڵ کردینەوە کە بە شوێن ناوی منداڵدا بگەڕێین.

بەڕاستی باش بوو ئەو لافاوی خوێنەی لەبەر گەلەکەمان ڕۆیشت بەفیڕۆ نەچوو، ئێوە ئۆتۆنۆمیتان بۆ ئێمە نە پچڕیبا، هەموو ئەو قوربانییانە وەک ڕەنجی فەرهاد ڕەشەبا دەیبردن، بەڕاستی ئێوە ئەو ئەرکە گرانەی لە ئەستۆتان بوو بە چاکی ڕاتان پەڕاند، بەلاّم تکاتان لێ دەکەمەوە داخوازییەکەمتان لە یاد نەچێ: ئەگەر ئەمجارەیش دەرەختی زڕی ئۆتۆنۆمی بەری نەگرت، ئیدی بۆمان مەدەنەوە شاخ، بۆمان تێ مەکۆشنەوە. ئێمە ئەوە ناهێنین، ئێوە کاتی لە زێڕی ساغ بەنرختری خۆتان لە پێناوی ئۆتۆنۆمی بۆ ئێمەدا بە فیڕۆ بدەن.

ئەم نامە دوورو درێژەم تەنیا لەبەر ئەوە نووسی کە تکای ئەوەتان لێ بکەم: ئیدی لێمان گەڕێن! بەلاّم لوتکەی سەرم دای لە گاشەبەردی هەق. ئێوە ئەگەر خەبات بۆ ئێمە نەکەن، ئەدی چ بکەن؟ خۆ ئێوە لەو ڕۆژەوەی لە دایک بوون لە کۆڕی خەباتدانو هەر بۆ خەبات خوڵقاونو بێجگە لە خەبات لە هەموو بوارێکی دیکەدا دەستو پێ سپینو هیچ ئیشێکی دیکە نازانن، کەوابوو هەر سوور بن لەسەر خەبات.

16ی تەمووزی 1991

چیرۆک

# دووکەڵ و بەرد

محەممەد فەریق
حەسەن

بۆ دیدەنی، تا دەرگای ژوورەکە کش‌ومات وەستاون. پاڵیان بە دیوارە سپییەکانەوە داوە. هێندێکیشیان لەسەر لێواری چرپاکان دانیشتوون... ئەمانە پۆلە ئەستێرەیەک چاون، لە سەرنجیاندا دەماری پیاوەتی بروسکە دەدات‌و بۆ (باسل) دەڕوانن... باسلیش لەسەر پشت درێژ بووە. جاروبار وەک کۆترێکی پێکراو خۆی دەجولێنێ. لەژێر پێڵووە داخراوەکانیوە گلێنەکانی بە ئاگان‌و دەگەڕێن. چاویش ناکاتەوە... دەستی چەپی بەرز دەکاتەوە، لەگەڵ خۆیدا متیلە شینە بە چرچ‌و لۆچەکەیشی کەوتۆتە شەپۆڵ دان... وەک شەپۆڵی دووکەڵی ئەو رۆژە، کە رووی شەقامەکەی داپۆشی، شینێکی کاڵ... زۆرو زۆرتر دەبوو... دەتەنییەوە.

باسل، بەبێ ئاگاییەوە لەسەر چرپاکەی گینگڵ دەدات. ئامێک لە گەروویدا بەگیر وەستاوە، وەک بە باشی هەناسەی بۆ نەدرێ... سەغڵەتە... خەڵکەکەیش هەرکەسە لەجێ خۆیەوە بێ سرپە، سەرنجیان لەسەر روخساری راگرتووە... لەسەر روخساری باسل بازنەی رەش‌و هێڵی زەردباو، لە دەوری زاری‌و ئەڵقاو ئەڵقی چاوەکانی تێکپەڕیون... لەژێر پێڵوەکانیوە جووڵەی گلێنەکانی خێراتر دەبن... ئەوا چاودەکاتەوەو بە ئاگادێتەوە... چاوەکانی وەک ئاگری شەو بە کێوەکان، لە نێوان برۆو برژانگی رەشەوە دەبریسکێنەوەو پرشنگ دەهاون... بە سەرسامییەوە بۆ میوانەکانی دەڕوانێ...

ئەو رۆژەیش، پڕ بە پێڵوو چاوەکانی کردەوە تاکو نیشانە لە سەربازەکان بگرێ، بەلام کەوتە گێژاوی دەریاچەیەک دووکەڵی خۆڵەمێشی‌یەوە... دیدەکانی وەک خوێنیان تێکڕابێ دەکزانەوە... سەری هەڵبڕی، رەنگەکانی ئالای سەر دارتەلەکە تێکەڵ دەبوون. ئەگەرچی هرووژمی دووکەڵ نەدەگەیشتە ئالاکە بەلام لێلایی بەسەر چاوی باسلدا هێنا...

ئێستا باسل سەرنجی ئەو کیسە خۆراکە دەدات کە بە ژوور سەرییەوە هەڵواسراوە. بە بۆرییەکی باریک بۆ «کانیۆلا»یەکی زەردو لەوێوە دەڕژێتە باسکی چەپی... دڵۆپەکان بە پەلە دێنەخوار...

ئەو رۆژەیش، لە چەقی دووکەڵەکەداچاوەکانی گلیان دەکرد... دانەی فرمێسک بە شوێن یەکدا، بە بان رووومەتە قوپاوەکەیدا شۆڕ دەبوونەوە. وەک ئەو بێچووە چۆلەکانەی جاروبار راوی دەکردن بەربینی لێ‌ی دەداو هەناسەبڕکێی بوو. بەردەکەیش هێشتا لە مستی راستیدا بوو... دیدەی بە فرمێسکی گێڕا، سەربازی بەرچاو نەکەوت. لەوە دەچوو بیەوێ بەردەکە بە فیڕۆ نەدات‌و جێ دەستی دیار بێ. مەودای بینینی لە کورتی‌ی دەدا بە دەوری خۆیدا چەرخاو...

دایکی باسل پشتییەکی دیکە دەهێنێ‌و سەری باسل بەرزتر دەکاتەوە. باسل چاو بە روخسارەکاندا دەگێڕێ. هەر ئەوانەن کە ئەو رۆژە لە دەوری بوون‌و بەشداریان لەگەڵدا کرد...ژوورێکی مەنگو بێ سرووە. بەلام لە ناخیاندا بێزاری، گیانی تۆڵە، بەرانگاربوونەوە، قوڵپ دەدات. زرمەو زرنگانەوەیەک بێدەنگییەکەی هێناوەتە گژ. مێرد منداڵێک خۆی لە مێزکەی بەردەمی دەدات، پەرداخێکی پڕ لە خۆشاوی ترێ قڵپ دەبێتەوەو پارچەکانی بلاو دەبنەوە. خۆشاوەکە رێچکە دەبەستێ، شێوەی جۆراوجۆر لەسەر کاشی‌یەکان دەنەخشێنێ...

ئەو رۆژەیش دوو زرێپۆش، بە هانای ئەو دەستەیەوە هاتن کە بۆمبای فرمێسک رێژیان دەگرتە باسل‌و هاوڕێکانی. وەک زەردەواڵە سەرباز وەر بوونە سەر شەقامەکە. کلاوی ئاسن... لوولەی ئاسن... پێلاوی بە ناڵچە ئاسن... فڕکان فڕکان، خێزەی سینگ، خرمژنی گوللە... دڵۆپە خوێنی رژاو، وەک گوڵ هەنارو چالانچەقیلە لەسەر شۆستەکان پشکوتن...

باسل، باسکی راستی لەژێر متیلەکە دەردێنێ، بۆ میوانەکانی بەرز دەکاتەوە، بەخێرهاتنیان دەکات. هەست دەکات دەوری ئاوەدانەو بە تەنگێوەن...

ئەو ڕۆژە، دەستی ڕاستی بە بەردەکەوە بۆ سەرشان هەڵبڕیو لابەلا سوڕا، بە کۆکە کۆکو چاوی تەڕەوە لە گەمارۆی دووکەڵەکە دەرچوو. نە سەربازی بەدی کردو نە هیچ کام لە هاوڕێکانی... بە دەستی چەپی دەستەسڕەکەی لە گیرفانی دەرهێنا. لەو هەنگامەدا چەند چنگێک پڕیان دایە. پێیان لە زەوی بڕیو باسل بووە تەختەی سەر ئاو... دەستەلاتی بەسەر هەڵسو کەوتی خۆیدا نەما. نووساندیان بە شەقامەکەوە، بەردەکەیش هەر لە مشتیدا بوو. دوو چنگ بۆ لاقەکانی... دووی دیکە بۆ باڵەکانی... سێیەم، تا هێزی تێدا بوو بە قۆنداخی تفەنگەکەی دەیمالی بە مشتیدا. پەنجە درێژەکانی باسل بەردەکەیان وەک سێو نەخشاند. هەستی کرد وا بەردەکە لە مستیدا وردو خاش دەبێ... گۆشتو ئێسکو بەردو خوێن ئامێتە دەبن... سەربازەکان دەیانمڕاندو جنێویان دەدا...

وا کیسەیەک خۆراکی نوێی بۆ هەڵدەواستن. لەشە ماندووەکەی بە جارێک وشک هەڵاتووە، بۆیە دڵۆپەکان بە پەلە شوێن یەکدەکەون بۆ کانیۆلا زەردەکە، کە لە باسکی چەسپ بووە. ئازارێک وەک دەمارەکانی تاڵکێش بکات بە لەشیدا دێتو دەچێتو سرەوتی لێ بڕیوە...

ئەو ڕۆژەیش، سەربازەکان جلەکانیان زەرد... ددانیان زەرد... رقی زەرد لە ناخیانەوە بۆ مەچەکو لەوێوە بۆ قۆنداخی تفەنگەکانیانو بەسەر دەستو قامکی پڕ بەردی باسلدا، دا دەباری... لە هەناسەیەکدا بەخۆیدا هاتەوە. بە ناو لنگی چەتەوڵەکاندا فرتەی کرد. بە شوێنیدا چەند گوللەیەک گیزەی هات... کۆڵانێکی تەنگەبەری بە خانووی کەلو کۆم بووە داڵدەی...

ئێستایش لەگەڵ سۆیو ژانی زامەکەیدا چاوی بڕیوەتە مامۆستاکەی، کە بێدەنگ بۆی دەڕوانی. باسل قسەکانی ئەوی هاتەوە یاد «ئەگەر خەڵکی لەم ڕاپەڕینە سارد بوونەوە، ئەوسا چ دەقەومێ؟... دوو ساڵ مانگرتنو بەرەنگاربوونەوە بەدەم خۆشە... دەرامەتی دەوێ... بڵێی برایانی ئەو دیو سنوورە دەستکردەکان بێنە کۆمەکمان؟!... کەی؟!...»

دیسان باسکی ڕاستی بەرز کردۆتەوە، بەخێرهاتنیان دەکات. لە مۆم دەچێ. باسکی چەپیشی هەڵدەبڕێو بەراوردیان دەکات. بستێکیان بەینە... ئەمجا پێیان دەڵێ:

ــ بریا باوکیشم دەهات. خۆزگە لە کونێکەوە چاوی لە بەرەنگاربوونەوەی ئەو ڕۆژەمان دەبوو!

هەر ئەو ڕۆژە ئەنگوستەکانی ئاوسان، زنچکاویان لەبەر دەڕۆیی. ئەمجا ڕەنگی دەستی گۆڕا... پەنجەکانی شین هەڵگەڕانو بەرەبەرە ڕەش دەبوون. ڕەشییەکە بۆ ناو لەپی هەڵدەکشا. ژانێک پێشتر نەیچەشتبوو تا بن هەنگڵی دەهاتو دەگەڕایەوە، ئیتر تیمارکردنی لە توانای برینپێچەکەی گەڕەکەدا نەما...

ئێستا، باسکی ڕاستی وەک ڕم ڕاگرتووەو دیقەتی دەدات. دەزوولەی خوێن کۆتایی شاشە سپییەکە ڕەنگ دەکات. باسل، پێڵوەکانی ئەستوور دەبن. ڕوومەتە قوپاوەکانی ڕەنگیان دەگۆڕێ... لێوەکانی کەوتوونەتە جووڵە جووڵ. پێڵوەکانی لێکناون. هەستێکی ناهەموار دایگرتووە... ئەوا دایە پڕمەی گریانو بانگ هەڵدان... جۆرە هەستو هەڵچوونێکە ئابلۆوقەی ئەو کەسانە دەدات کە بەشێک لە لەشی خۆیان ون دەکەنو ئیتر چاویان پێی ناکەوێتەوە، دەبنە پەککەوتە... دایکی باسلیش دڵی پڕ بووە... سەری دەنووسێنێ بە سنگییەوەو لە چاوانیدا بڵێسەی ئازایەتی هەڵدەبێو دەڵێ:

ــ دەزانم سەربازی دوژمن دڵی لە لوولەی چەکەکەی ڕەقترە... بەڵام تۆ ڕووت سپی کردووین... ئیتر بۆ دەگریەی کوڕی شیرینم؟ ساڵەهایە چاو بەفرمێسک نەمدیوی، بۆ ئێستا دڵت پڕ بووە؟... بابت لە هەرکوێ بێ، پێدەزانێو خەنی دەبێ... بە تۆوە وەجاخی ڕوونە... بڕوانە کوڕگەل، کچگەل، مامۆستایش هاتوونەتە دیدەنیت... دڵیان خۆش بکە باسل.

باسل، هێمن نابێتەوە، دەنگی توندترەو قوڵپ دەدات... پڕ بە ڕوخسارە لاوازەکەی دەگری... باسکە پێچراوەکەی دەکاتە ملی دایکیو بە دەم هەنسکەوە زار هەڵدەهێنێتەوە... وشەکانیش لە گەروویدا بەجێ دەمێنن:

ــ بۆ ئەوە ناگریم ماوەتەوە دەستێکم... سەغڵەتی ئەوەم دەستی ڕاستیان پەڕاندم... ئەوەیان کە دوو ساڵە بەردبارانی دوژمنی پێدەکەم... هەتا بە دەستی چەپ ڕادێم بەرد بهاوم، هەیهوو دایە گیان!

3ی شوباتی 1990

شیعر

# چاوەی ڕۆحی بریندارم

شیعری
مەهاباد قەرەداغی

من سەرم
دەنێمە باوەشی ئەو زامەی
تا ئێستا بۆ ژانی هەور ئەگرێو ...
دەست دێنێ بە قژی ئاگرماو
ناهێڵێ من بگریم
من چاوم دەبڕمە ئەو خامە نوک تیژەی
لەوەتی خوێنمی کردۆتە مەرەکەب
سەدان خەم سەردەبڕێو
ناهێڵێ من بمرم
ئەوەتا ئامێزی کەژاوەی خەونێکم بۆ بۆتە نیشتمان
لە سۆمای چاوی تۆ ڕوونترە
ئەوەتا پەڕو باڵ دەگرمو
لە کونیەک تنۆکێ بارانی ڕوون هەبێ
بەرەو وێ هەڵدەفڕم
لە کونیەک تنۆکێ خوناوی بەهاران بەدی‌کەم
دێمو هەڵیان دەگرم
ئەی خەونە ونبووەکەی کازیوەی بەهارم
دەزانی من لە کام ساتەوە دڵدارم؟
لەو دەمەی
چراکان لە جەرگی تاریکی شکێنران
ئەو دەمەی پۆپەکانی ڕۆحم گۆشاوگۆش سەربڕان
لەوساوە
بە کپی شەوانە تێر دەگریم بۆ چرای شکاوم
بۆ ڕۆحی کوژراوم
بۆ زامی سوتاوی هەڵقرچاوی ناوم
لەوساوە
دڵدارێکم سەرم تونشوومەو...
لە هەگبەی برینی کولاوما دامناوە
تەرمی ڕۆحی خۆمە لە کۆڵما
وەک قەقنەس سوتاوە

ئەی خەونە ونبووەکەی کازیوەی بەهارم
لەوساوە من شێتم، شاعیرم، دڵدارم
مانووەمو
ڕەهێڵە نایەڵێ بسرەوم
زریانیش وەک پەپوو بۆ مەرگی من دەگری
هێشتا کوا تەرمەکەم بەسەر شانی ـ با ـ وە
هەرچەندە چاومو ناومو هەناوم سوتاوە
من زیندوم!
هێشتا کوانێ ون بووم؟
من هەر چوار وەرزی ساڵ
تۆ دەکەم بە ڕووگەو
هەورێکی سپیتر لەبەفر رادەخەم وەک بەرماڵ
قامەتی نوێژێکی پاک دەگرم بۆ ناوت
تەیەموم بە خۆڵی ڕێگاکەی تۆ دەکەم
کڕنۆشی حەز بو چاوی سوتاوت دەبەم
ئەی گوڵی ئاگری بەرۆکی زامەکەم
تۆ نەبی بێ کەڵکو برەوە خامەکەم
تۆ نەبی
تاریکە دیوەخانی شەوی چامەکەم
هەستەکان
کە دەرگای ئەوینم بۆ حەزت واز دەکەن
دەیان شیعری بزێو
ختوکەی شەوانی بێ شەوو
ڕۆژانی بێ ڕۆژی تەنیاییو ئامۆیی من دەدەن
کاتێ ئەشکی شیعر دەرێژم
مەپرسە چەندەها ئاسۆرو
تەرمی ئائومێدیو وردە زام دەنێژم
کەم بڵێن ...
شاعیران بێ هۆشن، بێ ئاگا دەنووسن
ئەوەتا من ئەمشەو بەم شیعرەم

زامەکەم هاتە سوێ و
خوێناوی ئاڵی لەبەر دەروا
ژان ئۆقرەی لێ بڕیم
خەم دەروونم دەخوا
بێ هۆش نیم!
کێ هەیە خوێن لەبەر بڕینیا بە لێشاو
دەریایەک پێک بێنێ و ... بێ هۆش بێ
کێ هەیە دۆزەخی دەروونی
دنیایەک ئاگراو
بێ ئاگا هۆنراوە بهۆنێ
من کاتێ دەنووسم گوێم لێیە
تۆ بانگم دەکەیت و ژێی دەنگت دەپچڕێ
دەبینم تۆ بەرەو لای من دێی رێی هەنگاوت دەبڕن
من کاتێ شیعرێکت بۆ دەڵێم
دەتبینم چۆن لەناو دۆزەخی ئازارا دەسووتێی
هەست دەکەم
چۆن وێنەی جەرگی دایکی شەهید قرچ، قرچ، هەڵدەقرچێنی
ئای کاتێ دەنووسم چۆن برینداریکم
چۆن پێڵوو شەکەتێ، چۆن بە ئازاریکم
ئاخێکم لە گەرووی خۆزگەدا شێن دەمم
هەناسەی تەزیوم!
لە سنگی ئاواتی دێرینا جێ نشین دەمم
هەورێکم لێوی وشکی زەوی تەڕ دەکەم
بە گرمەی شیعرەکەم
گوێی قوتی بێ دادی کەڕ دەکەم
مەپرسە ئەو کاتەی
شیعرێک بۆ باڵای تۆ دەنووسم
چۆن چرۆی حەز دەگرم
چۆن دەژیم، چۆن دەمرم
ئازیزم ...
دڵداری سوتاوی شەوانی بێ شەوم
تۆ نەبی ئاژیم و ئاسرەوم
کە دەگریم
چەمزڵەم لە سیمای چڵکنی رۆژگارا نەخش نەبێ
فرمێسکی بێ نازم وەک باران
بە کێڵگەی ئازارا پەخش نەبێ
کە دەگریم
شکۆفە بە شەونم مەست نەبێ
خەزانیش لە هەوری گریانم پەست نەبێ
ئەی سۆمای گلێنەی دوو دیدە زامەکەم
تۆ نەبی
بێ کەڵکو بزوە خامەکەم
تۆ نەبی
تاریکە دیوەخانی شەوی چامەکەم

1989 10 24

## ● دوو وێنـــــە ●

### نیوەشەو

لە ئەوکی ئاساوی زامێکی هەناوم
هاوارێک دەبێتە برووسکە و
شەوەزەنگ شەق دەکات
سپێدە لە چاوی شەبەقا دەبێتن
تەپەقەی زیوینی ئاسمان لەت بووە
یەزدانیش مردووە.

### نیوەڕۆ

لە کونجی تاریکی گەرەکی برینێ
پرسەی خۆر دادەنێن
لەسەر تاتەشۆری قرچاوەی هاوینێ
لەشی پرشنگ دەشۆن
ئێوارێ دەبینن
یاساکانی سروشت سەرەوژێر دەبێ
بە شەویش لە جیاتی هەتاوێ
هەزاران هەتاو ئەستێرەو مانگ هەڵدێ

1989 6 22

# ئێوارەیەکی پڕ هەژان

• هوشیار بەرزنجی •

کە تێ پەڕیت بە ... بەر دەمما ...
زەردەپەڕێکی هاوین بوو
تۆ خۆر بوویتو
لە خۆرهەلاتی شارەکەم ... هەڵهاتبووی ...
خێڵی جوانیت ...
حەزەکانی ڕێبواری ڕێی
دەکردە ... بارگەی کاروانی ... بەژنو باڵات

من ... نەمامێکی سەر شۆستەو ...
تۆ ... ڕێبوارێکی ... بێ دەنگ بووی
ئافرەتێکی باڵا بەرزو ...
قژ درێژێکی روومەنگ بووی ...
تا تێپەڕیت ...
لە باوەشی چاوما ژیای ...
هەر ئەو ساتە ...
داستانێک ... لەلام دروست بوو ...
چڕو ... بێشەو ... کارەساتە

تۆش پەری ناز ...
نەرمە ڕەوتێ ... دەڕۆشتیتو ...
ئاگات لە دەوروبەر نەبوو ...
چۆن نەتپێکان ...
چ ... ئاگرێکت هەڵگیرسان
لەگەڵ شنەی قژی ڕەشتا
لەگەڵ ... لەرەی نەرمەگۆشتی
باڵاو لەشتا

هەر ... شارای ... دڵ ... بوو دەسوتا
هەر ... ڕێبوار بوو لە دەرەوە
پەپوولەی حەزو ئارەزووی
دەفڕی بۆ لای ... [ شەم ]ی جوانیت، ...
تۆ ... پەریتو ...
پەیام ... هێنی خۆشەویستی سەرزەمینی
تۆ ئیلهامی ...
تۆ ... ئاکامی لوتکەی جوانی ئەم سەدەیەی ...
ئاگرێکت
لە هەناوما کردۆتەوە ...
دەسوتێم ...
ناکوژێمەوە ...

شەقام هەژا ...
چرپەی ڕێبوار ...
ئەوەک یەکێ بوو بە هەزار ...
چییە ئەم هەموو جوانییە ؟! ...
ئەم کانی کامەرانییە ؟!
پەری ئاسمان
ئاگرێکت لە هەناوما کردۆتەوە ...
ئەسوتێم
ناکوژێمەوە ...
وێڵی حەزێکی ئاوارەم ...
بشێ لای سینۆزمەوە .

# ناونیشانی
# یادێکی کۆچکردوو

جەلال میرزا کەریم

گیانە کاتێ تۆم جێ هێلا
دارمێوەکان
هێشوە بەرسیلەی قرمێسکیان
زەرد نەبوو بوو
سەوڵی برژانگی چاوەکان
لە گێژاوی وون و لێلا
کلی زەماوەندی نوێیان
نەرشتبوو
هێشتا جریوەی مەلەکان
لە سینەری گەلاو چلا
هێلانەی بێشکەی نەورۆزیان
نەچنیبو
کاروانچیان
لە ڕێگەی بەرە و تەویلا
جۆگای ئارەقەی تەمەنیان
نەسڕیبوو.

تۆم جێهێلا...
مەگەر تۆ خۆت جێ نەهێلا...؟
ئاوێنەی ڕووی
داستانی پەریزادەی دڵت نەشێلا...؟
مەگەر بۆ خۆت
ئازیزە خەوبینینەکەم!
هەر خۆت لاشەی ئەم ئەوینەت
بە گاسنی تاجی پەهلەوی نەکێلا.؟؟
تۆم جێهێلاو ... گیانە ئەوسا
گوڵە بەسەر چەکا گریا

چەک بە بنکەدا، هەڵشاخا
هاوار...! ئەوسا
پاسەپۆرتی تۆ جێهێشتن
گەرچی بۆ سنووری بوو: وون
بەلام هێشتا
هالاوی خۆشەویستی تۆی لێ هەڵئەسا

تۆم جێهێلاو ... تازە زامی
تارای بووکی خەونەکانمان،
هەناسەی گوڵە پایزەی
لێ ئەتکا.
تازە گڕنای سویی ناکامی
کێوی هیوای «فەرهاد»ی دڵ
شینی مەرگی
«شیرین» بەهارەی لێ ئەڕژا

تۆم جێهێلاو ...
ئەم ئەزانی ڕوو لە کوێکەم
ئازارێک بووم بەر بەرەلاو...
ئەم ئەتوانی پشتت تێکەم.
خۆزگەم ئەخوارد: بمتوانیایە
وەک مەلۆتکەیەک بوومایە
لە باوەشتا بمردمایە
نەک شێتانە
بازم بەسەر
سینەری خۆما بدایە

هەواڵنامەی کتێب

کاتێ رۆییم ... گوڵە شەوبۆ
لێوی تینووی تەڕ ئەکردم .
پەڵەی خەستی ... چاوی ئاسۆ
بۆ لای نیگای خۆی ئەبردم .
بۆم ئەکرا سەر لە ئارامگای
ئەء ... پەرستگای
تاکە دڵدارەکەم بدەم
تا ... لەبەردەم کۆتی پێیا
لەبەر ڕێچکەی خوێنی ڕێیا
سەرم کەچکەم

جێت ئەهێڵم! ناچار ... ناچار
... چونکە بەهار
لە وەرزی شاری ژیانا ،
بۆتە چەپکێ ژاڵەی پرسیار .
پرسیار لە : ناو
لە : هەڵسانی ڕێژنەی بەتاو
لە : گیانی ئۆقرەنەگرتووی
هەنگاوی ڕێی بەرەو هەتاو

رۆییم چڵی بزەی ڕێگا
وەک پەپولە
بە ڕوومەتی خەمناکیما
پڕا و ... سوتا
سوتا و، پریشکێکی پشکۆ
لە ناو دڵما بووە چرۆ
پەڕەی ڕازی هەڵوەریوی بەر سێدارە
بووە هەڵسانەوەی ئەژنۆ
ـ بۆ کوێ ئەڕۆی؟
خەمی کام خۆڵەمێش ئەخۆی
کام سەنگەری جێماو ئەگری و
تەرمی کام شەهیدان ئەشۆی؟؟
ـ ئەڕۆمە ئەو ئاسمانانەی
بۆ سەرچاوەی
حەوتەوانەی
پشتاو پشتم ئەبەنەوە .
ـ ئەڕۆمە ئەو ئۆزەخانەی
ژیانەوەی
لاوانەوەی
گوڵم بە گڕ ئەشۆنەوە
ـ ئەڕۆمە ئەو شەقامانەی
چاوی حەزم
ڕێبوارێکی سەرگەردانە .
ئەڕۆمە لای ئەو دڵانەی
تاسەی ڕەزم
تاڵ تاڵ ئەگریجەی بارانە

تۆم جێهێشت و
ئاخ! کە تاڵاوی ئەم کۆچە ڕەشەم چێشت و
ئۆخەی! پەلی مناڵە وردیلەکانم
نەء! کەژاوەی بێ هەوارگەی شیعرەکانم
بۆ لێبوردن ... پڕی گیرفان
ئەبردە بەر کۆشکی سوڵتان.
تۆم جێهێشت و
ئەم هەنسکەم
ئەم پریاسکە پڕ لە زامەم
ئەتک ئەکرد...
بۆ پلپلەی لووتەوانەی
جەژنی زۆڵی «حەوت»ی نیسان .

تۆم جێهێشت و ...!
سەرەتای ئەم جێهێڵانە
لای من گیانە
پڕ گریانە
پڕ سووتانە
پڕ هەڵسانە
پڕ لە تەوری خوێن وەشانە
پڕ لە هەڵۆی ئەشکەوت زانە
پڕ هۆنراوەی سەرگەردانە
پڕ عیشقی تۆی کوردستانە .

ئابی 1991

# چەند هاوارێکی لانگستن هیووز

وەرگێڕانی

ئاشتی (جەعفەری شێخولیسلامی)

لانگستن هیووز (1902 ــ 1967) شاعیری ڕەشپێستی ئەمریکایی، یەکێک لە پێشقەرەوڵەکانی کاروانی شیعری هاوچەرخ ئەمریکایە. لە «چاپلێن»ی «میزووری» لە دایک بوو. پاش تەواو کردنی فێرگەی ناوەندی، چوو بۆ «مکزیک»و ساڵێک لەلای باوکی مایەوە. پاشان لە زانستگەی کۆلۆمبیا درێژەی بە خوێندن دا. پاش ساڵێ زانستگەی بەجێ هێشت. کارکردن لە نێو گەمیدا ئەو هەلەی بۆ ڕەخساند کە بە دنیادا بگەڕێ. یەکەم شیعری (ڕەشپێست لە چۆمەکان دەدوێ) ساڵی 1921 بلاو بۆوە. ساڵی 1925 یەکەم خەلاتی شیعری وەرگرت. یەکەم کۆمەڵە شیعری بە ناوی (شینەکانی ماندوو) لە 1926دا چاپ بوو. ساڵی 1929 (زانستگەی پێنسیلڤانیا)ی تەواو کرد. شاعیر جگە لە شیعر، کورتە چیرۆک، ئاتۆبیۆگرافی، تەنز، پەخشان، گۆرانی‌و شانۆی نووسی‌و چەندین خەلاتی ئەدەبی‌و هونەری بردەوە.
شیعرو نووسراوەکانی هیووز، زمان حاڵی ڕەشپێستەکانی دنیا، سکاڵاو ناڵەی هەژارو بێنەواکان‌و هاوارێک لە ئاست نابەرامبەری‌و ئازادی‌و دیموکراسی رواڵەتیی کۆمەڵی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکان.
ئەم چەند شیعرە لە کتێبی (هەڵبژاردەی شیعرەکانی لانگستن هیووز) وەرگیراون کە ساڵی 1959 لە نیویۆرک بلاو بۆتەوە.

## دیموکراسی

بە ترس و تەوقەکردن
دیموکراسی دەست ناکەوێ
نە ئەمڕۆ، نە ئەو ساڵ
قەت قەت.
منیش مافم هەیە
وەکوو ئەوانی تر
لەسەر دووپێی خۆم ڕاوەستم‌و
خاوەن زەوی بم.
من بێزار بووم هێندەی لەو خەڵکە بیبیسم کە دەڵێن:
ــ با هەموو شت ڕێگەی خۆی بگرێ
ــ سبەینێ ڕۆژێکی دیکەیە.
من سەربەستیم ناوێ کاتێ مردم
من ناتوانم بە نانی سبەینێ بژیم
سەربەستی
تۆوێکی بەهێزە
لە پێداویستییەکی گرنگدا
چێندراوە.
ئاخر، منیش لێرە دەژیم.
منیش سەربەستیم گەرەکە
هەروەک ئێوە.

## ڕەش پێست

من ڕەشپێستم:
ڕەش، چەشنی شەو کە ڕەشە
ڕەش وەکوو ناخی ئەفریقاکەی خۆم.
من کۆیلەیە بووم:
(سیزار) پێی گوتم کە بەردەرگاکەی گەسک لێدەم
پۆتینەکانی (واشنگتون) من بۆیاغم لێدان.

هەواڵنامەی کتێب

لە ئەفریقاوە هەتاکوو جۆرجیا
بە درێژایی ئەو ڕێگایە
گۆرانی گەلی خەمگینم دەگەڵ خۆم هێنا .
من (راگ تایم)م(*) چێ کرد .
من قوربانی‌یەک بووم :
بەلژیکیەکان لە کۆنگۆ دەستەکانیان پەڕاندم .
ئێستاش لە (میسیسیپی) هەڕەمەکی لە سێدارەم دەدەن
من ڕەش‌پێستیکم :
ڕەش ، چەشنی شەو کە ڕەشە ،
ڕەش وەکوو ناخی ئەفریقاکەی خۆم .

## بیرەوەری سەوز

چ سەردەمێکی خۆش بوو — شەڕ :
کاتێ دراو ڕژایە نێوەوە و
خوێن ڕژایە دەرەوە .
خوێن یەکجار لێرەوە دوور بوو
بەڵام ، دراو نزیک .

## گەلەکەم

شەو جوانە ،
ڕوخساری گەلەکەی منیش .
ئەستێرەکان جوانن
چاوەکانی گەلەکەی منیش .
خۆریش جوانە
دەروونی گەلەکەی منیش .

## وشیاری

بە شینگێڕەکانم بڵێ
سوور لەبەر کەن
چونکە
مردن بۆ من نیە

## ئــــاوات

ئاخۆ دەبێ ، ئەو ڕۆژە بێ
کاوەی کوڕم
جانتای سەفەر کاتە شانی
دەلاڵانی
بەر گاراژی شاری سنە
هاوار بکەن
سلێمانی ، سلێمانی !

جەلال مەلەکشا

ئێوە هێشتا لەو ڕۆژە زێڕین‌و
شەوە زێڕینانەتان ماوە
کە خواوەندەکان پێیان بەخشیون
ئێوە هێشتا شایانی ئەوەن کچانی شۆخ
بە وردی چاوتان تێ ببڕن
یاری بکەن ، بچن ، هاوڕێیانم !
شەوانی کورت بە بادەن ،
منیش لە کەلێنی فرمێسکمەوە
خۆشبەختیی بێ پەروای ئێوە
ئەبینم‌و بزە ئەمگرێ .

پووشکین
وەرگێڕانی : محەمەدی مەلاکەریم

(*) مۆسیقایەکی ئەمریکاییە ، پێست ڕەشەکان دایان هێناوە

# دیوارەکانی سنوور

شیعری
**فروغی فەروخزاد**
وەرگێڕانی
لە فارسییەوە
**باوکی ئامانج**

ئێستا دووبارە، لە شەوی خامۆشدا
دیوارە بەربەستەکان، دیوارە سنوورەکان
بەرز دەبنەوە، تا ببنە پاسەوانی کێڵگەکەی عیشقم
هەروەکو گیاکان

ئێستا دووبارە، زەڵە زەڵە ناپاکەکانی شار
لە تاریکی کەناری مندا کۆچ دەکەن،
وەکوو پۆلە ماسییە سەرلێشێواوەکان.
ئێستا دووبارە، پەنجەرەکان
خۆیان بۆ لەززەتی گوڵاوە پەرش و بڵاوەکان دەکەنەوە
ئێستا درختەکان لە باخی نووستوودا، خۆیان رووت دەکەنەوە
خاک بە هەزاران دەلاقەوە
گەردیلە وورەکانی مانگ بۆ دەروونی خۆی رادەکێشێت

ئێستا وەرە لەنزیکەوە
گوێ بۆ ترپەی لێدانی پەریشانی عیشق رادێرە، کە وەکوو
گرمەگرمی تەپڵی رەشپێستەکان لە هەراو بەزمی
خێڵی ئەندامەکانی جەستەی مندا بڵاودەبێتەوە.

من هەستی پێ دەکەم، من دەزانم
کە کاتی نوێژ چ ساتێکە
ئێستا ئەستێرەکان هەموو پێکەوە
لە باخەڵی یەکدا دەنوون.

من لە پەناگەی شەودا
لە کۆتایی هەموو شەماڵەکانەوە هەڵدەکەم
من لە پەناگەی شەودا، شێت ئاسا دێمە خوارێ
بەو کەزییە سەنگینانەم کە لە دەستی تۆ دایە.
گوڵە ئیستیوایییەکانی گەرمیانی سەوزو جوانت
بۆ دەکەمە دیاری.

لەگەڵ مندا وەرە،
لەگەڵ من و ئەو ئەستێرانەدا وەرە

نەک ئەو ئەستێرانەی هەزاران هەزار ساڵ
لە بەستەڵەکی خاک و ئەندازە پووکەکانی زەوییەوە دوورن
و هیچ کەسێک لەوێ لە رووناکی ناترسێت!

من لەو دوورگە دوورانەوە کە بەسەر ئاوەوە مەلە دەکەن،
هەناسە دەکێشم
من بە دوای پارچە ئاسمانێکی بەریندا دەگەڕێم،
کە خاڵی بێ لە ئەندێشەی هیچ و پووچ!

لەگەڵ مندا بگەڕێوە، لەگەڵ مندا بگەڕێرەوە
بۆ سەرەتای جەستەی، بۆ ناوکی بۆنداری نووتفەیەک
بۆ ساتێ کە لە تۆوە درووست بووم،
لەگەڵ مندا بگەڕێوە، من بێ تۆ ناتەواوم!
ئێستا کۆترەکان
لە نووکی مەمکەکانمەوە هەڵدەفڕن
ئێستا پەروانەی ماچەکانم لە نێوان لێوەکانمدا
لە ئەندێشەی هەڵاتندا رۆچوون
ئێستا میحرابی جەستەی من ئامادەی عیبادەتی عیشقە

لەگەڵ مندا بگەڕێوە
من دەستەو ئەژنۆ بووم لە ووتندا
چونکە خۆشم دەوێی
چونکە «خۆشم دەوێی» قسەیەکە،
لە دونیای بێهودەیی و کۆنەیی و
دووبارەکردنەوەکانەوە دێت!
لەگەڵ مندا بگەڕێوە، منی لە وتندا بێ توانا

بهێڵە لە پەناگەی شەودا پەردە لە رووی مانگ هەڵبڕم
بهێڵە لە تنۆکەکانی باران پڕ بم، لە دڵە پێ نەگەیشتووەکان
لە قەوارەی ئەو منداڵانەی، هێشتا لە دایک نەبوون، بهێڵە پڕ بیم
بەڵکوو سا عیشقی من،
لانکی لە دایک بوونی عیسایەکەی دی بێت.

# شەوێکی ئایار

ئایـاری 1835

شیعری
شاعیری فەرەنسایی
**ئەلفرێد دی مۆسیە**
‹ 1810 ـ 1857 ›

**دڵـــزار**
کردوویە بە کوردی

پەریی شیعر :
ئەی شاعیر گیتارەکەت وەرگرەو ماچێک بدە!
وا نەسرین هەست بە خونچەکانی دەکا دەکرێتەوە .
وا بەهار ئەمشەو لە دایک دەبێ،
با ، گەرمای تێ دەگەڕێو
چۆلەکە دەیەوێ لەسەر بەلاڵووکی سەوز هەڵبنیشێو
چاوەڕوانی نزیکبوونەوەی بەرەبەیان بێ
دەی ئەی شاعیر گیتارەکەت وەرگرەو ماچێکم بدەیێ<1>
شاعیر:
ئای دۆڵەکە چەند تاریکو تنۆک دەبێ!
وام بە خەیاڵا هات کە تارماییکی دەمامک کراو
بەسەر دارستانەکەدا ، دەسووڕێتەوەو شەپۆڵ دەدا .
لە مێرگەکەوە دەرکەوت، پێیەکانی لە گیای گەش دەکەوێن
ئای چ خەونێکی سەیرە
نامێنێ، لەناو دەچێو ون دەبێ!
پەری شیعر :
ئەی شاعیر گیتارەکەت وەربگرە<2>
شەو بەسەر مێرگە سەوزەکەدا
شنە با دەهێنێو دەبا
گوڵە کچێنی نەچووەکەیش، ئێرەیی بەرە ،
پەڕەکانی خۆی بەسەر هەنگی سەدەفیدا داداوەو
توند لوولی داوە
ئەو لە مردندایەو سەرخۆشی دەکا
گوێ بگرە هەموو بێ دەنگن
بیر لەو کەسە بکەوە کە خۆشت دەوێ!
لەم ئێوارەیەدا ، تیشکی رۆژ ، لە ژێر زەیزەفووندا
لە ژێر لقە تێکئاڵاوو تێکهەڵقژاوەکاندا ئاوا بوو،
شوێنەوارێکی شیرین ،
لە دوعا خوازییەکەیدا بەجێ دێڵێ .
هەموو شتێک لەم ئێوارەیەدا گوڵ دەگرێ
سروشتیش ، سروشتی ئەمر ،
پڕ دەبێ لە بۆنو بەرامەی خۆشو
چپەو خۆشەویستیو دڵداری .
وەک چارپایەی بووکو زاوای لاو ، لە خۆشیو شادیدا جمەی دێ!
شاعیر:
بۆ دڵم خورپە دەکاو خێرا لێ‌دەدا ؟
ئەو شتە چییە لە ناو دەروونمادەجۆشێو هەڵدەچێو
دەمترسێنێو زراوم دەڕژێنێ؟
ئاخۆ کەس نییە لە دەرگایەکەم دەدا ؟
چرایە .. نیوە کوژاوەکەم
بۆ بە رووناکیو بە بریقەکەی واق وڕماوم دەکا
ئەی خوای توانا ! لەشم دەلەرزێو دەهەژێ
کێ بەرەو لام دێ؟ کێ بانگم دەکا؟
ئای هیچ کەس .. من بە تەنیام .. کاژمێرکە زرینگەی دێ!
ئای ئەی تەنیایی ...
ئای ئەی کلۆڵی!
پەری شیعر :
ئەی شاعیر گیتارەکەت وەرگرە ! <3>
مەیو لاوێتی ، ئەمشەو بەناو دەمارەکانی خوادا دەگەڕێن .
دڵم تەنگو بێ ئۆقرەیە
لەزەت قورسی دەکاو ئیشتیاو ئارەزوو دەی گوشێو
بای تینوو لێوەکانم دەسووتێنێ ،
ئاگراوی و وشکو ئاوساویان دەکا !
سەیرکە ئەی لاوی خاوو خلیچک ...

<1> یەکەم هەنگاو دەنگی نزمەو بانگەوازەکەی ئاشکرانیە .

<2> دووەم هەنگاو: دەنگی بە هێزترەو گەرمو گوڕترەو دڵی شاعیر خێراتر لێ دەدا .

<3> سێیەم هەنگاو، پێ داگرتنی پەری شیعر دەردەکەوێو شاعیریش دەیبینێتە دیو دەیزانێو بەرەوپیرییەوە دەچێو خۆشهاتنی لێ دەکا .

من جوانو دڵبەرم!
ئاخۆ لەبیرت چوو؟
یەکەم ماچمانت نایەتەوە یاد
کە دیمی زەرد هەڵگەڕابووی، کە باڵەکانمت لێ خشابوو
خۆت فڕێدایە باوەشم
چاوەکانت پڕ لە فرمێسک بوون؟
ئای کە دڵم دایەوەو هێورم کردیەوە لە تاڵی ئێشو ئازارەکەت
چەند بە لامەوە جێی داخ بوو کە تۆی لاو
لە خۆشەویستیو سەوداسەریدا بمری!
جا دڵم بدەوەو دڵنیام کە، کە ئەم ئێوارەیە ...
من لە هیواو تکادا دەمرمو پێویستە
بپاڕێمەوەو نوێژ بکەم
تاکو بژیم ... بژیم تا بەرەبەیان.
شاعیر:
ئاخۆ دەنگی تۆیە ئەوەی بانگم دەکا؟!
ئایا تۆی ئەی پەری شیعرم
ئەی گوڵو ئەمریم!
داخۆ تۆی ئەی هەبووی پاکو دڵسۆز
ئەی تاقانە هەبوویەک کە هێشتا خۆشەویستی منی
لە ناودا زیندووەو دەژی!
بەڵێ ئەمە تۆی قژزەردەکەم تۆی! ئەی خۆشەویستەکەمو
خوشکی ژیانم
من لە قوڵایی ئەم شەوەدا هەست دەکەم
بە تیشکی کراسە زێڕینەکەت نوقمم دەکەی،
خۆت دەخزێنیو دەچییە ناو دڵمەوە!
پەریی شیعر:
گیتارەکەت وەرگرە ئەی شاعیر <1>
من گوڵە ئەمرەکەی تۆم
ئەمشەو بە غەمگینیو بێ دەنگیم دیتی
وەک مەلێک کە هێلانەی جووجەڵەکانی بانگی بکا
لە بەرزایی ئاسمانەکەمەوە دابەزیم
لەگەڵتا دەگریم
ئەی دۆستی من تۆ ئازار دەچێژی!
بێزاریی سامناک گیانت دەگەزێو
ئەخۆشت دەکا
شتێک لە ناوی دڵتا بە دەنگ دەگریو دەلاوێنێتەوە
بێگومان خۆشەویستییەکت تووش بووە.
وەک ئەوەی لەسەر زەویدا دەیبینین
سێبەرێک لە شادیو شتێکی وەک بەختیاری.
وەرە با لەبەردەم خودا گۆرانی بڵێینو تێ بچریکێنین
لە بیروڕاو لەزەتە لەدەسچووەکاندا، لە ئازارو

مانەوبوونەکانی رابردووتداو لێمان گەڕێ
لە ماچێکدا بگوێزینەوە دونیایەکی نەزانراو!
با دەنگدانەوەکانی گیانت بە ئاگا بێنینو لە بەختیاری و
سەربەرزیو شێتییەوە بدوێنو با ئەمە خەونێک بێو
یەکەم خەون بێ کە بۆمان دێ!
با هەندێ شوێن بدۆزینەوە دڵی خۆمانی تێدا بدەینەوەو
شتی تیا لەبیر بکەین
با کۆچ بکەین ...
ئێمە دوو کەسی تەنیاینو گەڕدوون تەنیا بۆ ئێمەیە! <2>
پێم بڵێ چ خەونێکی زێڕین گۆرانییەکانمان رادەژەنێ؟
فرمێسک لە کوێوە دێنو دایان دەبارێننو راهییان دەکەن؟
لەم بەیانییەدا کە رووناکی لە پێڵووەکانی دای
چ فریشتەیەکی وردبین بەسەر سەرینەکەتەوە
نووشتایەوەو هەلاڵەی سپی لە ناو کراسە تەنکەکەیدا راوەشاندو
بە دەنگێکی نزمەوە، ئەوەی لەبارەی خۆشەویستیو حەزلێکردنەوە
خەوی پێوە بینی بوو بۆی گێڕایەوە؟
ئایا گۆرانی بۆ هیوا؛ گۆرانی بۆ غەم یان بۆ شادی بڵێین؟
ئاخۆ بە خوێن لەشکرەکانی پۆلا تەڕبکەین؟
خۆشەویست لەسەر پەیژەیەکی ئاوریشم هەڵواسین
کەفی لالفاوی ئەسپ بدەین بەدەم باوە؟
بڵێین چ دەستێکە شەوو رۆژ لە چرایەکانی ماڵی ئاسمانێ،
کە نایەنە ژماردن، زەیتی پیرۆز دادەگیرسێنێ: زەیتی ژیان ...
زەیتی خۆشەویستی ئەمر؟
ئایا بەسەر «وازهاوردووەکانمان «دا بنەڕێنین،
«وەختەکە هاتووە»؟
ئاخۆ دابەزینو مرواری لە بنی دەریاوە بچنینو
بزنەکە بۆ دەوەنە ئابەنووسەتاڵەکان ببەینو
رێی ئاسمانی پێشانی «خەمگینی» بدەین؟
ئایا لەسەر کێوە لەرکو نشێوەکانا شوێن راوکەر بکەوین؟
لەوێدا بزنە کێوییەکە تەماشای دەکاو
دەگریو دەپاڕێتەوە
بەچکەکانیشی چاوەڕوانی دەکەن
ئەویش بەسەریا دەنووشتێتەوەو سەری دەبڕێ
دڵەکەی کە هێشتا لێدەداو ژیانی تێدایە،
بۆ سەگەکانی فڕێ دەدا، کە لە ئارەقەدا مەلە دەکەن.
ئەرێ کچێکی کوڵمە ئەرخەوانی، بهێنە بەرچاومان
کە بۆ نوێژ دەچێو کارەکەرەکەی بە دواوەیەتی
نیگایەکانی وێڵو بێ ئاگانو لە تەنیشت داکیەیەوەیەتی
نوێژی لەسەر لێوەکانی لەبیر دەچێتەوە
گوێ رادەگرێو لە حاڵی لەرزین دایە
بۆ ماموەی چەکمەی سوارەیەکی ئازاو بەجەرگ

<1> چوارەم هەنگاو
<2> لێرە ناوی هەندێ شوێن لە ئیتالیاو یۆنان دەهێنێ.

کە لە دەنگدانەوەی گۆشەیەکدا زرینگەی دێ
ئاخۆ بە قارەمانەکانی فەرەنسا بڵێین
لەسەردەمەکانی پێشوودا ، کە بە چەک شۆڕییەوە
سەرکەوتنە سەر بالکۆنی قوللەو بارۆکەکانیان
سروودە سادەو سافەکان بژێننەوە ، کە سەربەرزییە
لەبیرچووەکەیان فێری ( ترۆبادۆر )ە <1> سرووەخوێنەکانی
کردووە؟
من ناتوانم بێدەنگ بم پتر لەوەی کە بێدەنگ بووم
باڵەکانم لە ناو هەناسەکانی بەهارا بەندم دەکەنەوە
با ، هەڵمدەگرێ ... لەم عەردە کۆچ دەکەم
فرمێسکێک لەتۆ ... فرمێسکێک لە تۆ؟
خوایە وەختەکە هات!
شاعیر
ئەگەر هەموو ئەو شتانەی کە پێداویستت پێیانە
ماچێکە لەلێوێکی دۆستو فرمێسکێکە لە چاوەکانم
وامن هەردووکیانت پێ دەدەم ،
بە رەزامەندییەک کە ماندووبوونی تێدا نییە ،
بەڵکو خۆشەویستیو سەوداسەرییەکەمانت
دێتەوە بیر ، کە سەردەکەوێو
بەرەو ئاسمان بەرز دەبێتەوە .
نە بۆ هیوا گۆرانی دەچڕمو نە بۆ سەربەرزیو
نە بۆ بەختیاری .
تەنانەت بۆ ئازادیش نایچڕم!
دەم بێ دەنگ دەبێ تا گوێ لە دڵ بگرێ قسە دەکا!
پەری شیعر :
کەواتە بە بای پاییزم دەزانی
کە خۆراکی فرمێسک خواردنە
تەنانەت لە گۆڕستانیش
ئازار بۆ ئەو جگە لە دڵۆپە ئاوێک نییە؟
هەر ماچێک! ئای ئەی شاعیر من پێتی دەدەم ،
بەڵام جێ چۆلییەکەت ... بەڵام ساردو سڕییەکەت
ئەوەبوو ویستم هەڵیکێشمو بنبڕی بکەم ،
بەڵام ئازارەکەت ... ئەوە بۆ خوایە!
لاوێتییەکەیشت ئەم بێ ئارامییە دەچێژێ .
ئەم غەمە دەخۆیتو پێی دەتلێیتەوە
هەرچەند بووەو هەرچەندیش بێ . <2>
لێی گەڕێ با پەرە بستێنێو فراوان بێ ،
برینێکی پیرۆزە فریشتەی ئازارو خەمناکی ،
لەناو ناخی دڵتا بە خوێنیدا هێناوە ،
هیچ شتێک نییە وەک ئازاری مەزن مەزنمان بکا!
بەڵام باوەڕ مەکە ئەی شاعیر ،

ئەوەی کە چێشتت ، چێشتت ،
گەرەکە دەنگت هەر قرقەپو لاڵ بێ .
شیرینترین گۆرانیو خۆشترینی ئەوەیە کە پتر پڕ ناهومێدییە
من گۆرانی ئەمریان لێ دەزانم
کە جگە لە ئاخ هەڵکێشانی رووتو گریان شتێک نین .
سی<3> کە کۆچی دوور شەکەتو ماندووی کردووە ،
لە تەمو مژی ئێوارەدا دەگەڕێتەوە ،
جووجەڵە بچکۆلەکانی بە قەراخدا رادەکەن
کە لە دوورەوە دەیبینن بەسەر ئاوەوە باڵەفرکێ دەکا
وا دەزانن نێچیرێکی گرتووەو دابەشی دەکا
بەرەو باوکیان بە شادییەوە رادەکەنو
دنووکەکانیان بەسەر قورگە ناقۆڵایەکانیانەوە
دەلەرزێنن .
بەلام ئەوە بە هەنگاوی لەسەرخۆو گرانەوە
دەگاتە گابەردێکی قووچ
جووجەڵەکانی لە ژێر دووباڵە شلبووەکەیدا
دەحەوێنێتەوەو
وەک نێچیرەوانێکی غەمگین سەیری ئاسمان دەکاو
خوێن لە سنگە کراوەو کون بووەکەیەوە ،
دەچۆڕێ دەچۆڕێ!
قوولاییەکانی دەریا ... بێ هوودە قوڵاییەکانی دەریا گەڕا ...
ئۆقیانووس بۆ شەو ... قەراخ چۆلە ...
جگە لە دڵی شتێک نییە بیکا بە خۆراکو بژێو بۆ جووجەڵەکانی ،
لە بێ دەنگیو خەمباریدا
لەسەر گابەردەکە رادەکشێو
خۆی لێک دەکێشێتەوە
دەروونی بەسەر چکۆڵەکانیا دابەش دەکاو
لە خۆشەویستییەکی سەوداسەرانەدا
ئازارەکانی خۆی رادەژێنێ .
کە سەیری مەمکە خوێناوییەکانی خۆی دەکا
خوێن فڕێدەدەنو لەبەریان دەڕوا
لەسەر سفرەی مردنیدا هێزی لەبەر دەبڕێو
لە مەستیو لەزەتو ترسو بەزەییدا
بەلادادێتو دەچێ .
بەلام لە گەرمەی ئەم خۆبەختکردنە پیرۆزەدا
ئەوە شەکەتی کرد کە لە ئازارێکی درێژدا بمرێ .
دەترسێ جووجەڵەکانی بە زیندوویی بەجێی نەهێڵن .
ئەوسا هەڵدەستێو بەرز دەبێتەوە
باڵەکانی بۆ ، با ، دەکاتەوە ،
ماڵئاواییە غەمگینەکەی بە هاوارێکی زۆر گەورە دەکا .
لە سامی ئەو ماڵئاوییە بە هاوارە

<1> شاعیری گەڕۆک .
<2> تەمەنی شاعیر ئەوسا لە دەوروبەری 25 ساڵیدا بوو .
<3> مەلێکی گەورەی ئاوییە

مەلی دەریایان، قەراخەکان جێ دێڵن
ئەو کەشتیارەی کە لەسەر قەراخ نواکەوتووە
بە ترسەوە رادەوەستێ، لەبەر خوا دەپاڕێتەوە
کە هەستی بە مردن کرد، بە بەردەمیا تێ دەپەڕێ‹*›
ئەی شاعیر:
شاعیرە گەورەکان ئاوا ... ئاوا دەکەن!
واز لەوانە دێنن
کە ماوەیەکی کەم دەژین‌و دەڕۆن
شادو خوڕەم بن،
رووگەش‌و دڵکراوە بن
بەڵام بانگهێشتنە مرۆڤایەتییەکانیان
کە لە جەژنەکانیاندا دەیکەن
لە زۆربەیدا،
بە بانگهێشتنەکانی (سێ) دەچێ
ئەوان کە لە بارەی هیوا بەهەڵبراوەکانەوە،
لە بارەی غەمگینی‌و
لەبیرچوونەوەو خۆشەویستی‌و
کڵۆڵییەوە دەدوێن: گۆرانییەکانیان

کە دەبێ دڵ شادو خوڕەم بکەن
بەڵکو سرووودەکانیان وەک شییربڕندەن!
کەوانی نایاب لە هەوادا دەکێشن‌و
بریقەکەی ئاوی چاو دەبا،
بەڵام هەمیشە هەندێ دڵۆپە خوێنیان پێدا شۆڕ دەبێتەوە.
شاعیر:
ئەی پەری شیعرم!
ئەی ئەو خەیاڵەی کە چاوبرسی‌و تێرنەخۆری، بەسە ئیدی پێی ناوێ،
پیاو کاتی هەڵکردنی شەماڵ، لەسەر لم نانووسێ.
ئەوسا سەردەمێک بوو، لاوێتییەکەم هەمیشە ئامادە بوو
لەسەر لێوم بخوێنێ. بچڕێ وەک مەلی چڕندە،
بەڵام مەینەتی ئازارێکی سەختم کێشا
ئەگەر ئاسانترین ئەوەی کە دێتە یادم
لەسەر گیتارەکەمدا لێی بدەم
گیتارەکەم لەناو دەستما
تێکو پێک دەشکێ!

هەندێ جار زەوی ناس گەوهەری بە نرخ لە چیای بچووکدا دەبینێتەوە،
مەرج نیە گەلی بچووک هەر خاوەنی شاعیری بچووک بێ.
«هەمزاتۆف»

وڵاتی خۆشەویستی، وڵاتێکی سەخت‌و دژوارە، ئەوی خۆڕاگرو بوێر نەبێ، رێی تێی ناکەوێ.
«مارکیز»

تەنیا شتێک لە تیرۆر خراپترە، ئەویش ملکەچ کردنە بۆ زەبروزەنگ
«کرافچینسکی»

لە هێلکەیەکی سەر زەوییەوە، مەل بەرەو ئاسمان لە شەققەی باڵ دەدا، بەڵام هەر دەگەڕێتەوە بۆ سەرزەوی.
«پەندێکی قەرغیزیاوە»

خوا دەست بە باڵتانەوە بگرێ دەست بە ناردنی شیعرەوە بگرن.
«خەرمانە»

‹*› وێنەیەکی رەمزییە، بۆ پیاوی نواکەوتوو لەسەر لێواری ژیان‌و رووناکی‌و ئەوەی هەست بە تێپەڕینی مردن دەکا.

فایلێک
بۆ
ڕاپەڕین
و
کۆچ

## کرۆنۆلۆژیای جەنگ تا وتووێژ
# سەرکەوتنی هەموو دنیا  نشوستیی کورد

• فەرهاد پیربال •
پاریس
1991 4 24

ئەو مەرگەسات و ئەشکەنجە و کارەساتە گەورەیەی کە لەسەر سنوورەکاندا بەسەرمان هاتن، هێندە پڕ سوێ و پڕ ئسکۆ بوون، هێندە خوێناوی و مەرگاوی بوون، ڕق و کینەیەکی پیرۆزی ئەوتۆیان ـ دەرهەق بە ڕژێمی فاشستی بەعس ـ خستە بیر و ئەندێشەمانەوە، کە هەموو کوردێک، ئەگەر یەک تۆز ویژدان و دڵبڵندی و ئابڕووی هەبێ، ئەوا تا حەشرە پشتی دیکەش هەرگیزا و هەرگیز لە بیری ناکا!

چ شتێک لەوە رووزەردی و غەمگینترە، داخ: لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن، لە دووره ولاتیدا، یان لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکاندا ببینیت و بخوێنیتەوە، کە ئێستا وا (لەسەر سنوورەکانی کوردستاندا) ژمارەی گۆڕستانەکان ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەبێ، نزیکەی دوو ملیۆن کورد ڕقی پیرۆز و شۆڕشی خۆیان بە مردن دژی ڕژێمی بەعس بەیان دەکەن، کەچی لە هەمان کاتدا، گوێت لێ بێ کە «بەرەی کوردستانی»، ئەو بەرەیەی کە خۆی بە زمان حاڵی میللەتە بەدبەختەکەت دەزانێ، بچێت ـ بێ ئەوەی پرسیار لە خوێن و خواست و خەفەتی ئەو میللەتەت بکا ـ لەسەر مێزی مفاوەزاتی بەعس دابنیشێتەوە و ئەو هەڵوێستە ئەخلاقیە بەرزە، پڕ سەربڵندی و شەرەفمەندییە لە بیر بکات کە دوێنێ لە ئەمریکا و فەرەنسامان دژ بە ڕژێمی بەعس، داوا دەکرد!

میللەتی ئێمە ڕەوی کرد، وڵاتی بەجێهێشت: ژیانی مەرگباری ناو شاخ و مردنی سەرسنوورە ساردەکانی بە باشتر لە ژیانی سەرشۆڕیی ناو شارەکان زانی. بەڕاستیش، بەم ڕەوکردنەی خۆی، بەم لافاوەی خوێن و فرمێسکەکانی، بە درێژایی مانگێک، توانی سنووری دوڵەتی عێراق بشکێنێت و هەڕەشە لە سنووری دوو دەوڵەتی گەورەی ناوچەکە بکات، هەڕەشە لە سنووری نێونەتەوەیی و نێودەوڵەتییەکان بکات، واتە توانی تراژیدیا و دۆزە مێژووییەکەی خۆی لە ئاستی «نێوخۆیی»ی عێراقدا بپەڕێنێتەوە، بیگەیەنێتە (ئاستێکی نێودەوڵەتی)، ویژدانی نوستووی هەموو جیهان و هەموو نەتەوە یەکگرتووەکان بێدار بکاتەوە.

ئەمە چ دەسکەوت و قازانجێکی گەورە و دەگمەنە، کە میللەتەکەمان بە خوێنی خۆی، بە مردنی هەزاران ڕۆڵەی خۆی، توانی بەڕاستی ـ لەم قۆناغە مێژووییە گرنگەدا ـ دۆزە مێژووییە ڕەواکەمان بکاتە دۆزێکی نێونەتەوەیی و نێودەوڵەتی!

کەچی ئەوەتا، عەقڵی پووچی سیاسیمان، «بەرەی کوردستانی»، دەیەوێ دیسانەوە کێشە و تراژیدیای میللەتەکەمان، لەبەرچاوی خوێنی هێشتا وشکەوەنەبووی هەزاران شەهید، بهێنێتە ئاستی «ناوخۆ» و «ریزی نیشتمانییەوە».

کورد دەیەوێ سنوورەکان بشکێنێ، حزبەکانمان دەیانەوێ سنوورەکان لەژێر کۆنترۆڵی بۆرژوای عەرەبدا بن! کورد دەیەوێ ئەگەرچی بە مردنیش بێ، بەڵام دڵبڵند و ئازاد بژی، حزبەکانمان دەیانەوێ هەمیشە رووزەرد و دیل بین!

ئەگەر ئەمڕۆ بەڕاستی (بەرەی کوردستانی) نوێنەری ڕاستەقینەی گەلی کورد بێ، داخوا چەند هەزار ڕۆڵەی دڵبڵند و خاوەن «ڕقی پیرۆز»، چەند ڕووناکبیر و نووسەری کوردی خاوەن ویژدان حاشا لە کوردبوونی خۆیان دەکەن؟!

ئامادەکردنی ئەم کرۆنۆلۆژیایەی خوارەوە ئەو چەند دێرەی پێنووسم، ئەگینا بە بێهوودەی دەزانم و دڵشادیشم: پیرۆزبایی لە مفاوەزاتی (بەرەی کوردستان) دەکەم. چونکە ئەمڕۆ، ئەوەی تازەی «بێ وڵاتی» ئێمە، لەژێر ئاسمانێکی ڕوونتردا، بە دڵنیاییەوە، ڕێگەیەکی دیکەی گرتۆتەبەر.

ئاواتە خوازم ئەم کرۆنۆلۆژیایە، بۆ خوێنەران و توێژەرانی مێژووی ئەو چەند مانگەی دواییمان، سوودی خۆی هەبێ.

1990 . 8 . 2

هێزەکانی ڕژێمی عێراق دەچنە ناو کوێتەوەو مەڵبەندە سەرەکییەکانی کوێت داگیر دەکەن.

1990 . 8 . 9

یەکەمین هێزە سەربازییەکانی ئەمریکا، دەگەنە سەر خاکی سعوودیە .<1>.

1990 . 8 . 17

(بەرەی کوردستانی) چالاکییە سەربازییەکان خۆی، دژی بە عێراق، ڕادەگرێ.

1990 . 8 . 28

ڕژێمی عێراق ڕادەگەیەنێ کە (کوێت) لکاوەتە عێراق و بۆتە پارێزگایەکی.

1990 . 11 . 12

دەوڵەتی تورکیا مەترسیی خۆی دەردەبڕێ لە هەمبەر پەیوەندیی داگیرکەرانی کوێت بە مەسەلەی گۆڕانی نەخشەی سیاسیی ناوچەکە لە داهاتوودا: تورکیا لە پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانیدا هەوڵ دەدا ڕێگە لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی لە عێراق بگرێت. کۆبوونەوەی سێ قۆڵیانەی دەوڵەتەکانی (ئێران)و (تورکیا)و (سوریا) لە بارەی هەمان مەسەلە . <2>.

1990 . 11 . 27 _ 13

نوێنەرانی پلەی یەکەمی (بەرەی کوردستانی) لە ڕۆژنامەکانی ( The Gardian )ی لەندەن و ( Jenne Afrique )ی پاریس، ڕادەگەیەنن کە «گەلی کورد لەو جەنگەدا دژی سەددام حوسێن ناوەستێ، چونکە، ئەو جەنگە پەیوەندیی تەنیا بە بەرژەوەندییەکانی ڕژێمی عێراق و ئەمریکاوە هەیە». <3>.

1990 . 11 . 27 _ 25

چەندین شەڕی خوێناوی لە کوردستانی باشووری تورکیا لە نێوان ڕژێمی تورکیا و پێشمەرگەکانی گەلی کورد. ڕژێمی تورکیا بۆ کۆنترۆڵکردنی ناوچەکانی نزیک سنووری عێراق، دەکەوێتە خۆ بۆ سووتاندن و وێرانکردن و «پاککردنەوەی» ناوچە کوردنشینەکانی نزیک سنووری عێراق. <4>.

1990 . 11 . 29

یەکێتی نەتەوەیەکگرتووەکان ڕێگا دەداتە دەوڵەتە گەورەکان کە ئەگەر عێراق لە خاکی کوێت نەچێتە دەرەوە، چەکو هێزی لە دژ بەکاربێنن. دەوڵەتە گەورەکان هەوڵ دەدەن بەردەوام ڕێگای ئاشتیخوازانەی لەگەڵ بەکاربێنن.

1990 . 12 . 14

ڕژێمی تورکیا و ئێران جارێکی دیکە لە ئەنقەرە کۆدەبنەوە لە پێناو دارشتنی پلانێک بۆ بەتەواوەتی کۆنترۆڵکردنی چالاکییەکانی (پێشمەرگە کوردەکان) لەسەر سنوورەکانی ئێران ـ تورکیا، هەروەها بۆ گفتوگۆ کردن لە بارەی «مەترسییەکانی» داهاتوو. <5>.

1990 . 12 . 15

تورکیا لەشکرێکی ( 120000 ) سەرباز دەنێرێتە شارەکانی نزیک سنووری عێراق: (سیرت)، (دیاربەکر)، (ساریا پارک) ... هتد، هەروەها سەدان گوندی کوردستانی ـ باشووری تورکیا بە زۆرەملێ ڕادەگوێزێتەوە، چەندین شەڕی خوێناوی لەگەڵ پێشمەرگەکانی (پارتی کرێکارانی کوردستان ـ PKK ). لە هەمان ڕۆژدا 350 فڕۆکەی جەنگی لەلایەن ئەمریکاوە دەگەنە کوردستانی ـ باشووری تورکیا . <6>.

1990 . 12 . 20 _ 15

تورکیا ڕادەگەیەنێ کە چاوی لە خاکی عێراق نیە، بەڵام ئەگەر ڕژێمی عێراق هێرش بێنێتە سەر تورکیا، زۆر توند و تیژ وەڵامی دەدرێتەوە. دەیان بنکەی هەوایی تورکی ـ ئەمریکی لە کوردستانی تورکیا، لە شاری (هەنجیرلک) دژ بە عێراق دادەمەزرێندرێ. تورکیا خۆی ئامادە دەکا بۆ شەڕی دژ بە عێراق «لە کاتی پێویستدا». <7>.

1990 . 12 . 25 _ 15

بێدەنگبوون و سڕبوونی هێزە سیاسییەکانی کوردستان لە ئاست کێشەی گەلی کورد و گۆڕانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان.

دیپلۆمات و ڕۆژنامەنووسە فەرەنساییەکان پرسیار لە بارەی کێشەی گەلی کورد و پەیوەندیی بە داهاتووی جەنگەوە دەکەن. <8>.

1991 . 1 . 14

دوایین هەوڵدانی ئاشتیخوازانەی دەوڵەتە هاوپەیمانەکان لەگەڵ ڕژێمی عێراق لەبارەی چوونە دەرەوەی لە خاکی کوێت. ڕژێمی عێراق لە ڕۆژنامەی «الجمهوریە»دا ڕادەگەیەنێ کە ئامادەیە بۆ جەنگ.

1991 . 1 . 15

ئەمریکا ڕادەگەیەنێ کە 415000 سەربازی ئەمریکی و 265000 سەربازی هاوپەیمانەکان بەرامبەر 545000 سەربازی عێراقی چاوەڕێی جەنگن.

1991 . 1 . 15 _ 14

بە دەستپێشخەریی ئەنستیتووی کورد ـ پاریس، 90 نوێنەر و بەرپرسیاری حزب و کۆمەڵە و ڕێکخراوە کوردییەکان، لەگەڵ دەیان ڕۆشنبیری دیکەی کوردی هەر چوار پارچەکەی کوردستان لە پاریس کۆدەبنەوە: بۆ دیاریکردنی هەڵوێست و ستراتیژییەتی هاوبەشی گەلی کورد لە هەمبەر شەڕی کەنداو و چارەنووسی گەلی کورد.

1991 .1 .17
دەستپێکردنی جەنگ دژی عێراق
هێزە سەرەکییەکان: ئەمریکا، سعوودیە، میسر، فەرەنسا، میرنشینە یەکگرتووەکان.
بەشداریکردنی دیکەی سەربازییانە: ئەڵمانیا، کەنەدا، ئیتالیا، ئیسپانیا، کوێت، سووریا، تورکیا، پاکستان.

17 .1 .1991 یەکەمین بۆمبابارانی شاری بەغداو بنکە سەربازییەکانی عێراق لە کوێتدا لەلایەن دەوڵەتە هاوپەیمانەکانەوە هەروەها عێراقیش سووریا بۆمباباران دەکا.
بەڕێوەبەری شاری دیاربەکر رادەگەیەنێ کە 10٪ی خەڵکی شارەکە، لە ترسی بەکارهێنانی بۆمبی کیمیاوی لەلایەن عێراقەوە، شارەکەیان، رووەو رۆژئاوای تورکیا، بەجێهێشتووە. تورکیا مەترسی خۆی لە هەمبەر هێرشی عێراق بۆ سەر تورکیا نیشان دەدا.

17 ـ 18 .1 .1991
رۆژنامە تورکییەکانی رژێمی ئەنقەرە رادەگەیەنن کە عێراق یارمەتی PKK دەدات دژی تورکیا. <9>

1991 .1 .19
هێزەکانی ئەمریکا شاری (هەنجیرلک) لە کوردستانی تورکیا، وەکو بنکەیەک بەکاردەهێنن بۆ بۆمبابارانکردنی عێراق.

1991 .1 .23
رۆژنامەی France - Soir رادەگەیەنێ کە رژێمی بەعس بۆ بەرگریکردن لە شەڕی کوێتدا، سەربازە کوردەکانی خستۆتە ریزەکانی پێشەوە.
تورکیا خۆی ئامادە دەکات کە خۆی «تێکەڵ بە جەنگەکە» بکات دژی عێراق. لەشکرێکی زۆر لە شاری (باتمان) و دەوروبەری کۆدەکاتەوە، خەڵکی شارەکە و دەوروپشتی هەموویان شارەکەیان بەجێهێشتووە و روویان کردۆتە شاری (قارس) و (ئەرزەرۆم). لە هەمان رۆژدا 96 فڕۆکەی سەربازی ئەمریکی دەگەنە شاری (باتمان). <10>

1991 .1 .25
نوێنەرانی (بەرەی کوردستانیی عێراق) هەڵوێستی خۆیان روون کردۆتەوە: دەست بە شەڕ دەکەنەوە دژی عێراق، دەڵێن: «بۆ عێراقێکی دیموکرات خەبات دەکەین»، «لە حاڵەتێکیشدا ئەگەر ئەمریکا رژێمێکی دیکەی لە جێ دابنێ، ئەوا پێویستە مافە دیموکراسی و مرۆڤایەتییەکانی گەلی کورد بهێنێتە دی». <11>
پیاوماقوڵە دیپلۆماسییەکان و رۆژنامە فەرەنسییەکان رادەگەیەنن کە ئەگەر تورکیا هێرش بکاتە سەر خاکی عێراق و تێکەڵ بە جەنگ ببێت، ئەوا لەو کاتەدا لەوانەیە (ئێران) و (سووریا) دژ بە دەوڵەتە هاوپەیمانەکان رابوەستن و ببنە لایەنگر و پشتیوانی عێراق، بۆ ئەوەی رێگا لە تورکیا بگرن ـ ئەوەک بەم فێڵە ـ لەگەڵ هاوپەیمانەکانی باکووری عێراق کە پڕە لە پیترۆڵ، داگیر بکات و بینووسێنێ بە دەوڵەتی تورکیاوە. <12>
بۆ یەکەمین جار لە مێژووی دەوڵەتی تورکیادا زمانی کوردی و قسەکردن بە زمانی کوردی ئازاد دەکرێت، رژێمی ئەنقەرە ـ لە پێناو خەونە گڵاوەکانی خۆی ـ دان بە هەبوونی 12 ملیۆن کورد لە تورکیادا دەنێ.



« The independent » du 4 avril
«لە جەنگی عێراق و کوێتدا»
رۆژنامەی The Independant ی
لەندەنی 4 .4 .1991

1991 .1 .30
فیدراسیۆنی نێونەتەوەییانەی مافی مرۆڤ FIDH لە شاری ژنێف پێشنیارێک دەخاتە بەردەم یەکێتیی نەتەوەیەکگرتووەکان: گەلی کورد، کە ژمارەیان 25 ملیۆنە و بەسەر چوار دەوڵەتدا دابەش کراون، با بۆ خۆیان بڕیاری چارەنووسی خۆیان بدەن. <13>

1991 .2 .2 .1
چەندین شەڕی خوێناوی لەسەر سنووری سعوودیە ـ کوێت. ئێران، سەبارەت بە هەڵوێستی لە هەمبەر ئیسرائیل، لەوانەیە بێ لایەن نەمێنێتەوە و بچێتە پاڵ عێراق.

1991 .2 .4
ئێران خۆی لە ئەمریکا نزیک دەخاتەوە بۆ «بەرقەرار کردنی ئاشتی» لە ناوچەکەدا. بۆمبابارانکردنی شاری بەغدا و شارەکانی دیکەی باشووری عێراق بەردەوامە.

1991 .2 .18
رژێمی عێراق بە پەلەقاژێ کەوتووە، جێگری سەرۆک و سەرەک وەزیری عێراق دەچن بۆ مۆسکۆ. یەکێتی سۆڤیەت هەوڵ دەدا بکەوێتە نێوان رژێمی عێراق و هاوپەیمانەکانەوە: «رۆڵێک» لە راگرتنی شەڕەکەدا ببینێ.

1991 .2 .20
ئەمریکا و بریتانیا و فەرەنسا: چوونەدەرەوەی عێراق لە کوێت، گفتوگۆی لەسەر ناکرێ «رۆڵی» ناوبژیکردنی سۆڤیەت رەت دەکەنەوە.

22 ـ 23 .2 .1991
دەوڵەتە هاوپەیمانەکان هێزەکانی خۆیان ئامادە دەکەن بۆ هێرش بردنی زەمینی. هەڕەشە لە رژێمی عێراق دەکەن: یان بچێتە دەرەوە یان ئەوەتا هێرشی دەکەنە سەر

1991 .2 .25 ـ 24

هاوپەیمانەکان لە سێ لاوە کوێت بە تەواوی ئابڵووقە دەدەن و دەچنە ناو کوێتەوە ، شاری کوێت و مەڵبەندە سەرەکییەکانی رزگار دەکەن .

1991 .2 .25

رادیۆی «عراق الحر»، بەردەوامە لە هاندانی خەڵکی عێراق بۆ شۆرش‌کردن دژی رژێمی عێراق

1991 .2 .26 ـ 25

رژێمی ئەنقەرە بیر لە سازکردنی کۆنفیدراسیۆنێکی (تورک ـ کورد ـ عەرەب) دەکاتەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی گەلی کورد لە عێراقدا . لە هەمان کاتدا رۆژنامەنووسە فەرەنسییەکان وا بیر دەکەنەوە کە گەلی کورد ، لە ئاکام و کۆتایی جەنگدا ، لەوانەیە ببێتە «هێزێکی گرنگ» لە ناوچەکەدا . ‹14›

1991 .2 .26

سەددام حوسێن لە رادیۆی بەغداوە رادەگەیەنێ: کە هەرچەندە کوێت هەر بە موڵکی خۆی دەزانێ ، بەڵام هێزەکانی خۆی بە تەواوی لە خاکی کوێت دەکشێنێتەوە .

1991 .2 .27

کۆنفرانسێکی نێونەتەوەییانەی (نێوپەرلەمانتی) لەلایەن فۆنداسیۆنی کۆنگرێسی مافی مرۆڤ ، لە ئەمریکا ، بە هاوکاری دەزگای France - Liberte و ئەنستیتووی کورد لە پاریس ، لەبارەی مافەکانی گەلی کورد لە شاری واشنتۆن لە ئەمریکا ، سازدەکرێ .

کوێت بە تەواوی ئازادکراوە ، هاوپەیمانەکان دەسەڵاتیان بەسەر هەموو مەڵبەندەکانی کوێت و بەشێکی سنووری عێراقیشدا گرتووە .

1991 .2 .28

جەنگ تەواو بوو . لەشکری عێراق بە تەواوەتی کشایەوە .

1991 .3 .3 ـ 2

سەرەتای سەرهەڵدانی خۆپیشاندان و راپەرینی چەکداری بە تایبەتی لە شاری بەسرە و نەجەف .

1991 .3 .5 ـ 4

خۆپیشاندان و راپەرین لە شارەکانی کوردستاندا : موسڵ و هەولێر و کەرکوک و سلێمانی . رانیە و خەبات و ئاسکی کەلەک ئازاد دەکرێن ، دەکەونە دەست پێشمەرگە . بەسرە و نەجەف و کەربەلا دەکەونە دەست چەکدارە شیعەکانی دژ بە رژێم . ‹15›

1991 .3 .6

ئەمریکا گومان لەوە دەکا کە ئەو راپەرینە جەماوەرییەی عێراق سەربکەوێت .

1991 .3 .8

سلێمانی بە تەواوەتی ئازاد کراوە .

1991 .3 .12 ـ 10

هەموو پارتە سیاسییەکانی دژی سەددام حوسێن ، لە بەیرووت کۆ دەبنەوە و بۆ ماوەی سێ رۆژ گفتوگۆ دەکەن لەبارەی داهاتووی عێراق و دامەزراندنی «حکومەتێکی کاتی» لە دوورە وڵاتدا . ئەمریکا لە رۆژی 10 ، 3 ، 1991 هەرەشە لە عێراق دەکات بۆ ئەوەی چەکی کیمیاوی دژ بە راپەرینە جەماوەرییەکان بەکار نەهێنێ .

1991 .3 .13 ـ 12

رژێمی سەددام راپەرینی خەڵکی باشوور خامۆش دەکاتەوە ، دەسەلات بەسەر هەموو شارەکانی باشووردا دەگرێتەوە . لە کاتێکدا راپەرینی کورد ، هەروەها دەسەڵاتی پێشمەرگە لە بەشی هەرە زۆری شارەکانی کوردستاندا بەردەوامە . هەولێر ، سلێمانی بە تەواوەتی ئازاد کراون .

1991 .3 .13 ـ 12

نوێنەرانی پلەی یەکەمی (بەرەی کوردستانی عێراق) دەگەنە ئەنقەرە ، پەیوەندیی سیاسی و دیپلۆماسییانە لە نێوان رژێمی تورکیا و بەرەی کوردستانی عێراق . سەرۆکی دەوڵەتی تورکیا ، ئۆزال ، دەڵێ : «هەموو خەڵک پەیوەندی لەگەڵ کوردەکان دەبەستن ، با ئێمەش جارێک پەیوەندییان لەگەڵ بیەستین» . ‹16›

1991 .3 .15

سەرەرای بەکارهێنانی هەلیکۆپتەر ، سەرکەوتن و دەسەڵاتی خەڵکی راپەریوی کورد بەسەر شارەکانی هەولێر و سلێمانیدا بەردەوامە . لە هەمان رۆژدا شاری دهۆک و زاخۆ و مەڵبەندەکانی نزیک سنووری تورکیاش دەکەونە ژێر دەسەڵاتی خەڵکی راپەریوەوە .

1991 .3 .19

کەرکوک بە تەواوەتی دەکەوێتە ژێ دەسەڵاتی پێشمەرگە . هێزەکانی بەعس ، وێرای 150 چەکداری بەکرێگیراوی حزبی موجاهیدینی ئێرانی ، لە شاری کەرکوک ، بە دیلی دەکەونە دەست پێشمەرگە .

1991 .3 .20

نوێنەری (بەرەی کوردستانی عێراق) لە دیمەشق ، رادەگەیەنێ: «ئەگەر رژێمی عێراق چەکی کیمیاوی دژ بە گەلی راپەریوی کورد بەکاربهێنێ ، ئەوا ئێمەش دژی ئەوە بەربەستی توکان و دەربەندیخان دەتەقێنینەوە . رژێمی عێراق خۆی ئەو تاوانە دەگرێتە ئەستۆی خۆی» .‹17› رێکخراوی «خاچی سوور» رادەگەیەنێ: «خەڵکی عێراق بە دەست برسێتی و نەبوونی خۆراکەوە دەناڵێنن»

1991 .3 .21

بۆ یەکەمین جار ناوی گەلی «کورد» سەردێڕی یەکەمی ڕۆژنامەی Le monde و ڕۆژنامەکانی دیکەی فەرەنسا داگیر دەکات.

وەزیری ناوخۆی عێراق سەر لە شاری موسڵ دەداو لێپرسراوە بەعسییەکان کۆدەکاتەوە بۆ کۆنترۆڵکردنی ناوچەکە

ڕژێمی عێراق، ئێران تاوانبار دەکا، بەوەی کە دەستی لە «ئاژاوەنانەوەی» ناو عێراقدا هەیە.

1991 .3 .22

دەزگاکانی ئاژانسی دەوڵەتی ئەمریکا ڕادەگەیەنن کە شارەکانی کوردستانی عێراق کەوتوونەتە ژێر کۆنترۆڵی کورد. مەسعوود بارزانی ڕادەگەیەنێ کە 95٪ی کوردستانی عێراق ئازاد کراوە، داوا لە هێزە ئۆپۆزیسیۆنە عێراقییەکان دەکات کە بگەڕێنەوە عێراق و «حکومەتێکی کاتی» دابمەزرێنن.

1991 .3 .23

ڕادەی برسێتی لە شاری بەغداو لە شارەکانی دیکەی باشوور بەرزبۆتەوە. یەکێتیی نەتەوەیەکگرتووەکان ئابڵووقەی خواردەمەنی و بژێو لەسەر عێراق لادەبات.

1991 .3 .24

نوێنەرێکی پلەی یەکەمی حزبی شیوعی عێراقی لە ڕۆژنامەی Le monde ی فەرەنسیدا ڕادەگەیەنێ «هێزە ئۆپۆزیسیۆنە عێراقییەکان ناتوانن بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی کاتی بگەڕێنەوە عێراق، لەبەر ئەوەی ئێستا تەنیا باکووری عێراق کەوتۆتە دەست هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکان»

1991 .3 .25

ڕژێمی عێراق، لە کاتێکدا کە دەسەڵاتی بەسەر هەموو شارەکانی باشووردا گرتۆتەوە، هێزەکانی خۆی کۆ دەکاتەوەو خۆی ئامادە دەکات کە هێرش بکاتە سەر شارەکانی کوردستانیش. داوا لە خەڵکی شاری هەولێر دەکا کە چەکەکانی خۆیان فڕێ بدەنە «مەلعەب» یاریگەی گشتی شاری هەولێر.<18>

1991 .3 .26

(خانووی سپی)ی ئەمریکا: «ڕژێمی عێراق، دەسەڵاتی بەسەر هەموو شارەکانی باشووردا گرتووەو ئاسایش بەرقەرارە، بەڵام باکووری ـ کوردستانی عێراق هێشتا هەر لە ژێر کۆنترۆڵی کوردەکان دایە».

1991 .3 .27

دیکتاتۆری بەغدا وەزیرانی خۆی کۆدەکاتەوە، ئاڵوگۆڕی پایەو شوێنەکانیان پێ دەکا: ئەو پێکهاتە تازەیەی دەوڵەت بە شێوەیەکی «کاتی» بۆ ماوەی شەش مانگ درێژە دەکێشێ، تا ئەو کاتەی کێشەو گیروگرفتەکانی ناوەوەی وڵات چارەسەر دەکرێن.

ئەو هەنگاوە «دیموکراسییەی» ڕژێمی عێراق، دەرگا بەسەر «هاتنە ریزی» هێزە ئۆپۆزیسیۆنە کوردەکاندا دەکاتەوە. لە هەمان ڕۆژدا شاری کەرکوک، دوای شەڕێکی زۆر سەخت دەکەوێتەوە ژێر دەسەڵاتی ڕژێمی بەعسەوە.

لە کاتێدا کە دەسەڵاتی پێشمەرگە و بەرگریکردنی خەڵکی کورد لە شارەکانی دیکەی کوردستاندا بەردەوامە، دەوڵەتی ئەمریکا ڕەخنەی لێدەگیرێ کە یارمەتی کوردەکان و ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی نادات بۆ لابردنی ڕژێمی عێراق. ژەنەڕاڵ (شڤارزکۆپ Schwarskopf) سەرکۆنەی (ژۆرژ بووش) دەکا: «دەبووایە لەشکری هاوپەیمانەکان تا ڕووخاندنی ڕژێمی بەغدا بڕۆشتایە».

1991 .3 .30 ـ 28

هەولێرو دهۆک بە بۆمبی فسفۆرو ناپاڵم بۆمباباران دەکرێن، لە 29ی مانگ بەولاوە ڕەوکردن و ڕاکردنی خەڵکی شارەکان دەست پێ دەکا، هەمان ڕۆژدا ڕۆژنامە نووسی ئەڵمانی، گادگرۆس، کە بۆ گۆڤاری «News week»ی ئەمریکی کاری کرد، وێڕای سەدان خەڵکی کورد، بە دەستی هێزەکانی بەعسەوە دەکوژرێ.

1991 .3 .30 ـ 29

لە کاتێکدا کە بۆمباباران و هێرشکردنی لەشکری بەعس بۆ سەر شارەکانی کوردستان بەردەوامە، نزیکەی دوو ملیۆن کوردی شارەکانی سلێمانی و کەرکوک و دهۆک و مووسڵ ڕادەکەنە ناو شاخ، بەرەو سنوورەکانی ئێران و تورکیا مل دەنێن، هەزاران شەهیدو برینداری کورد لەسەر ڕێگە و شەقامەکاندا بەجێ دەهێڵرێن.

1991 .3 .30

دوای بۆمبابارانی شاری دهۆک بە بێ شەڕ لەلایەن ڕژێمەوە دەگیرێت. کۆمەڵێک ڕۆژنامەنووسی ڕۆژئاوایی سەر لە شاری کەرکوک دەدەن، کە لە ژێر کۆنترۆڵی ڕژێم دایە. هەمان ڕۆژ، ئێوارە، دکتاتۆری بەغدا لە تەلەفزیۆن ڕادەگەیەنێ: «ئاژاوەو قەیرانی ناو وڵات کۆتایی پێ هاتووە، لەمەودوا عێراق بەرەو یەکێتی و سەربەخۆیی و ئاسایش هەنگاو دەنێ».

1991 .3 .31

ـ لە کاتێکدا ڕەوکردن و ڕاکردنی خەڵکی کوردستان بەرەو سنوورەکان، لەلایەکی دیکەشەوە شەڕی پێشمەرگانە و بەرگریکردن لە هەندێ شارەکانی کوردستاندا هەر بەردەوامە، بەرەی کوردستانی عێراق، هاواری بانگەوازێک بەرز دەکاتەوە بۆ یەکێتیی نەتەوەیەکگرتووەکان کە بە فریای مەرگەساتی خەڵکی کوردی عێراق بکەون.

ـ بێرنارد کووشنەر، سکرتێری کاروباری مرۆڤایەتی دەوڵەتی فەرەنسا، لەگەڵ پازدە شەخسیاتی سیاسی و ڕۆشنبیری فەرەنسی، ڕژێمی عێراقی تاوانبار دەکەن و دەنگیان بەرز دەکەنەوە: «پێویستە بە هەموو شێوەیەک پشتگیری لە کوردەکان بکرێت و یارمەتیان بدرێت».

ـ پاپا «ژان پۆڵی دووەم» بە بۆنەی جەژنی Paque پشتگیری خۆی بۆ گەلانی ژێردەستە و ستەمدیدە دەردەبڕێ، لەوانە ـ بۆ یەکەمین جار داوای پشتگیری و یارمەتیدانی کوردەکان دەکات.

ـ رۆژنامەی «ئەلقاسییە»ی عێراق رایدەگەیەنێ کە (هێشتا گەلێک ناوچەی دیکەی گرنگ هەر لە ژێر دەسەلاتیکوردەکاندایە).

1991 .4 .1

شاری زاخۆ، ئەویش دەکەوێتە ژێر دەستی بەعسییەکان.

ـ رەوکردن و راکردنی خەڵک بەرەو سنوورەکانی ئێران تورکیا هەر بەردەوامە، سەدان خێزانی کورد دەگەنە ناوچەی یاسیلئاوا (Yasil - ova) لەسەر سنووری تورکیا.

ـ 53 رۆژنامەنووسی رۆژئاوایی و نێودەوڵەتی، لەگەڵ هەزاران خەڵکی کورد، لە دەست بۆمبابارانو لێشاوی لەشکری بەعس رادەکەن، رۆژنامەنووسێکی ئەورووپایی دەکوژرێت، دووانیش بریندار، ئەوانی دیکەش، لەگەڵ خەڵکی ئاوارەی کورد دەگەنە سەر سنووری تورکیا.

1991 .4 .2

رۆژنامەی (Liberation)ی پاریسی، دەنووسێ: «گەورەترین رەهەندی گەلی کورد لە مێژووی هاوچەرخی خۆیدا».

ـ سلێمانی، دوایین شارە ژێر کۆنترۆڵەکانی کورد، ئەویش دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی رژێمی بەعس.

ـ Quai d orsay لە فەرەنسا، داوای لە سکرتێری گشتی یەکێتی نەتەوەیە یەکگرتووەکان دەکات کە زوو بگاتە کوردستان، هەروەها ئاسایش و پارێزگاریکردنی ژیانی کوردەکان مسۆگەر بکات. لە لایەکی دیکەوە، نوێنەری وەزارەتی کاروباری دەرەوەی فەرەنسا، رایدەگەیەنێ: «پێویستە داخوازییە رەواکانی گەلی کورد بە تەواوەتی دانی پێدا بنرێت».

ـ وەزیری کاروباری دەرەوەی بریتانیا رژێمی عێراق تاوانبار دەکات و دەنگی بەرزدەکاتەوە بۆ پشتگیریکردنی گەلی کورد.

ـ ئانتوان ویشەر Antoine Waechter نوێنەری Vert Euro-peen پێشنیاری ئەوە دەکات کە زوو میکرۆ ـ کۆنفرانسێک لە بارەی تراژیدیای گەلی کورد ببەسترێت، تێیدا هەموو ئەو دەوڵەتانە کۆبکرێنەوە کە کوردیان تێدا دەژی، بۆ ئەوەی چارەسەرێک بۆ کێشەی گەلی کورد بدۆزێتەوە.

ـ ئەمریکا، دەڵێ: «دەوڵەتی ئەمریکا دەست ناخاتە نێو کاروباری نێوخۆی عێراقەوە»، «ئەم گیروگرفتی یاخیبوونەی ناوەوەی عێراق گیروگرفتێکی هەمیشەییە». لە هەمان کاتدا دەڵێ: «بەڵام ئامادەین یارمەتیدانی مرۆڤانە بۆ ئاوارەکان بنێرین و لە هەفتەی داهاتوودا چەند نوێنەرێکی ئۆپۆزیسیۆنە عێراقییەکان پێشوازی بکەین».

ـ سەرۆکی تورکیا، ئۆزال، پەیوەندیی بە دەوڵەتی ئەمریکاوە دەکات، پێشنیاری ئەوە دەکات کە ئەمریکا دەستی خۆی تێکەڵ بە راپەڕینەکانی کوردەکان دژی رژێمی بەغدا نەکات. هەروەها مەلیک فەهدی سعوودیەش پەیوەندی بە ئەمریکاوە دەکات: «باشتر وایە هەر سوننیەکانی رژێمی بەغدا لەسەر حوکم بمێننەوە» <19>

ـ دەوڵەتی فەرەنسا بە شێوەیەکی رەسمی، داوا لە ئەنجومەنی ئاسایشی یەکێتیی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات کە هەڵوێست لە هەمبەر گەلی کوردی عێراق وەربگرێ. یەکێتی نەتەوە یەکگرتووەکان، بە پەلە کۆ دەبێتەوە و گفتوگۆ لەسەر چارەسەرکردنی باروبۆخی گەلی کورد لە عێراق دەکات.

1991 .4 .3 ـ 2

تورکیا بە پەلە کۆبوونەوەیەک دەکات و داوا لە کۆمەڵە و رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان دەکات کە مشوورێک بخۆن بۆ دابینکردنی ژیانی ئەو دەیان هەزار کوردە ئاوارە عێراقییانەی کە هەڕەشە لە سنووری تورکیا دەکەن. تورکیا بڕیار دەدات کە دەرگا لە رووی ئەو کوردە وڵاتبەدەرانە نەکاتەوە تا وەڵامی یەکێتیی نەتەوە یەکگرتووەکانی پێ دەگات.

1991 .4 .3 ـ 2

ـ چەندین خۆپیشاندان و مانگرتنی نانخواردن لەلایەن کوردە دوورە وڵاتەکان لە ئەورووپا لەبەر دەم مەڵبەندی یەکێتیی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە جنێف، لە برۆکسێل، لە پاریس، ستۆکهۆلم، ... داوا لە خاچی سوور و کۆمەڵە رێکخراوە مرۆڤایەتییەکان دەکەن بۆ ئەوەی تیمەکانی خۆیان، بۆ یارمەتیدانی ئاوارە و لێقەوماوە کوردەکان، بنێرنە کوردستان.

ـ بە پەلەپرووزێ کەوتنی رای گشتی جیهانی و یەکێتیی نەتەوە یەکگرتووەکان، هەروەها پەیوەندی بەستنی نهێنی و دیپلۆماسییانە، گفتوگۆ کردن لەبارەی «مافی دەست تێوەخستن Le devoir d in-gerence» بۆ ناو کاروباری نێوخۆی دەوڵەتی عێراق، بە تایبەتی لە نێوان فەرەنسا و ئەمریکا.

1991 .4 .3

مارگرێت تاتشەر پێشوازی لە کۆمەڵە خێزانێکی کورد دەکات و رژێمی عێراق تاوانبار دەکا، داوا دەکا پشتگیری لە گەلی کورد بکرێت و یارمەتیان بدرێت.

یەکێتیی نەتەوە یەکگرتووەکان کۆ دەبێتەوە، بەندەکانی راگرتنی شەڕی عێراق و کوێت بە رژێمی عێراق ئیمزا دەکات بەڵام لەو کۆبوونەوەیەدا بە هیچ شێوەیەک باس لە تراژیدیای گەلی کورد ناکرێت.

1991 .4 .4

وەزیری فەرەنسا، رۆلان دۆماس Roland Dumas، بە ناوی دەوڵەتی فەرەنساوە پێشنیاری «ئەرکی دەستتێوەخستن Le de-voir d Ingerence» دەخاتە بەردەم یەکێتیی نەتەوە یەکگرتووەکان، بۆ ئەوەی (ی. ن. ی) لەگەڵ دەوڵەتە گەورە دیموکراسەکان مافی ئەوەیان هەبێت دەست بخەنە ناو کاروباری ناوخۆی عێراقەوە: بۆ «چارەسەرکردنی» ئەو تراژیدیایەی گەلی کورد لە عێراقدا.

ـ ی. ن. ی کۆبوونەوەیەکی تایبەت لەبارەی تراژیدیای ژیانی گەلی کورد لە عێراق ساز دەکات. پێشنیارەکەی رۆلان دۆماس زۆر بە ساردی و ناڕەزاییەوە پێشوازی لێ دەکرێت، مشتومڕ و گیروگرفتێکی زۆر دەنێتەوە. دەوڵەتی ئەمریکا و چین و یەکێتیی سۆڤییەت پێشنیارەکە رەت دەکەنەوە.

ـ رەفسنجانی، رەخنە لە بێباکی و بێ هەڵوێستبوونی هاوپەیمانەکان

دەگرێ لە ئاست «تراژیدیای» گەلی کوردی عێراق، داوای یارمەتیی مرۆڤانەیان لێ دەکات.
دەوڵەتی تورکیاش زەبروزەنگێکی زۆر دژ بە کوردە ئاوارە عێراقییەکانی سەرسنووری خۆی بەکار دەهێنێ. سنووری تورکیا لە رووی شاڵاوی کوردە راکردووەکان دادەخات.
- بێرنارد کووشنەر، وەزیری کاروباری مرۆڤایەتی فەرەنسا، سەفەر دەکا بەرەو تورکیا و پاشان ئێران، بۆ ڕێکخستنی شێوە یارمەتیدانی کوردە وڵاتبەدەرەکان.

1991 .4 .5

- ژمارەی کوردە ئاوارەکان لە ئێران و تورکیا، دەگاتە دوو ملیۆن.
- رادیۆی رژێمی بەغدا، دەڵێ: «سەرتاپای کوردستان لەژێر کۆنترۆڵی خۆماندایە»

1991 .4 .6

پێشنیارەکەی رۆلان دوماس «مافی دەست تێوەخستن» لە (ی. ن. ی)دا، لە ئاکامدا سەرەگرێت و دانی پێدا دەنرێت، دەبێتە بەندێکی تازە و لە بەرنامەی دەستوورەکانی (ی. ن. ی)دا ژمارە 688ی دەدرێتێ.
- ی. ن. ی رژێمی عێراق تاوانبار دەکات و بڕیاری یارمەتیدان و پشتگیریکردنی گەلی کورد دەدات.
- دەرگاکانی پشتگیری و یارمەتیدانی مرۆڤایەتییانە لەلایەن ڕێکخراوە مرۆڤایەتییە جۆراوجۆر و کۆمەڵەی دەوڵەتە ئەوروپییەکانەوە بە رووی گەلی کورد دەکرێنەوە.

1991 .4 .7

بەرزبوونەوەی رادەی لە برسان و لە سەرمان مردن لە ناو کوردە ئاوارەکانی سەرسنووری تورکیا - عێراق - ئێران.
- دوازدە دەوڵەتە ئەوروپییەکە CEE لە لۆکسەمبوورگ کۆ دەبنەوە، بە دەسپێشخەریی بریتانیا بڕیار دەدەن کە (زۆنێکی ئاسایش) بۆ کوردە ئاوارەکان لەناو خاکی عێراقدا، لە ژێر چاودێری ی. ن. ی دروست بکەن.
- جیمس بێکەر، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا دەچێتە تورکیا، ڕێک دەکەون کە پێکەوە لەگەڵ بریتانیا، بەپێی یاسای ژمارە 688ی ی. ن. ی (زۆنێکی ئاسایش) بۆ پاراستنی کوردە ئاوارە عێراقییەکان دروست بکەن.
- بریتانیا رادەگیەنێ کە ئەگەر عێراق دژی ئەم بڕیارە رابوەستێ، ئەوا ئەوانیش بە چەکو هێز وەڵامی دەدەنەوە.
- گەیشتنی یەکەمین پۆستە یارمەتیدانە مرۆڤایەتییەکان (خواردن و پۆشاک) لە رێگی پەرەشووتەکانی دەوڵەتی ئەمریکاوە بۆ کوردە ئاوارەکانی سەر سنوور.

1991 .4 .8

رژێمی عێراق بەندی ژمارە 688ی ی. ن. ی تاوانبار دەکات، دەڵێ: «ئێمە بە هەموو شێوەیەک دژی دروستکردنی (زۆنی ئاسایش) لە ناو خاکی عێراقدا رادەوەستین».
- بێرنارد کووشنەر، لە ئێرانەوە رادەگیەنێ کە ژمارەی کوردە پەنابەرەکانی سەر سنووری ئێران - عێراق - تورکیا گەیشتۆتە زیاتر لە دوو ملیۆن. دەوڵەتی ئێران سنووری خۆی لە رووی کوردە راونراوەکانی عێراق دادەخات.

1991 .4 .9

ی. ن. ی، سەر لەنوێ کۆ دەبێتەوە گفتوگۆ لەبارەی یاسای ژمارە (688) و (ئەرکی دەست تێوەخستن) دەکەنەوە، لە یارمەتیدانی مرۆڤایەتییانە زیاتر ناگەنە هیچ ئەنجامێکی دیکەی ئەوتۆ.

10 _ 11 .4 .1991

زیاتر لە 12 کۆمەڵە و ڕێکخراوە مرۆڤایەتییەکانی ئەوروپا بەردەوامن لە یارمەتیدان و بەفریاکەوتنی کوردە ئاوارەکانی سەر سنووری تورکیا - عێراق - ئێران، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا رادەی لەبرسان و لەسەرمان مردن لەناو کوردە ئاوارەکاندا هەمیشە بەرزتر و بەرزتر دەبێتەوە.

1991 .4 .12

دەوڵەتی ئەمریکا 8000سەرباز دەنێرێتە سەر سنووری تورکیا: بۆ دابەشکردنی خواردەمەنی و کەلوپەل، هەروەها بۆ ڕێکخستن و سەرپەرشتیکردنی ژیانی ئاوارەکان.

1991 .4 .14

بەپێی رادیۆی تاران، هێزەکانی رژێمی عێراق هێرش دەکەنە سەر کوردە راونراوەکانی دیوی سنووری عێراق، لە نزیک (سەرپولی زەهاو) دەیان خەڵکی ئاوارە شەهید دەکەن.

1991 .4 .15

دەوڵەتە گەورەکان (بەریتانیا و فەرەنسا و ئەڵمانیا و ئەمریکا) بەردەوامن لە پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی خۆیاندا، لە گفتوگۆکردن لەبارەی چۆنییەتیی پیادەکردنی یاسای 688ی (ی. ن. ی) و چۆنییەتی جێبەجێکردنی پرۆژەی «زۆنی ئاسایش» بۆ کوردە ئاوارەکانی سەر سنوورەکان، ئەنجامی دیار نیە.
- هانس دیەتریش گێنشەر، وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا لە CPEدا پێشنیارێک دەخاتە بەردەم ی. ن. ی: سەددام حوسێن، لەبەرئەوەی بەرپرسیاری راستەخۆی ژینۆسیدی گەلی کورد و تاوانەکانی جەنگە، پێویستە لە دادگایەکی نێونەتەوەییدا سزا بدرێت.
- رژێمی بەغدا رادەگەیەنێ کە خێزانە کوردە رەوکردووەکان، خەریکن پەیتا پەیتا بەرەو ناو «وڵات» دەگەڕێنەوە.

1991 .4 .16

- سکرتێری گشتیی ی. ن. ی لەگەڵ دوازدە دەوڵەتی ئەوروپییەکە CEE لە پەرلەمانی ئەوروپیدا، لە ستراسبۆرگ کۆ دەبنەوە، گفتوگۆ لەسەر ئەوە دەکەن کە دیکتاتۆری بەغدا لە دادگایەکی نێو دەوڵەتی سزا بدەن. لە ئاکامدا، سکرتێری گشتی ی. ن. ی دەڵێ: «ئەم پێشبڕیارە، پێویستە جارێ بخرێتە ژێر لێکۆڵینەوەوە».




رۆژنامەی لوومۆندی فەرەنسی، 26 . 4 . 1991

ـ لەم کۆبوونەوەیەی (ی. ن. ی)دا بۆ یەکەمین جار زاراوەی «ژینۆسید» بە شێوەیەکی ئۆفیسیاڵ لەلایەن دوازدە دەوڵەتە ئەورووپییەکەوە بەکار دێت، کە لەلایەن رژێمی عێراقەوە دژی گەلی کورد پیادە کراوە.

ـ رۆژنامەی Liberation ی پاریسی رادەگەیەنێ کە لەم ماوەیەدا، لەسەر سنووری تورکیا ـ عێراق ـ ئێراندا رۆژی 400 تا 1000 کەس لە برسان و لەسەرمان دەمرن.

ـ رژێمی تورکیا 3000 کوردی راوەدوونراوی تازە گەیشتوو لە عێراقەوە، لەسەر سنووری تورکیادا رادەگرێت، بە چەک دەیانکشێنێتەوە دواوە بۆ دیوی عێراق.

ـ رۆژنامە فەرەنسیەکان ئەوە دەردەخەن کە «فەرەنسا سیاسەتی خۆی لەگەڵ عەرەبەکان کز کردۆتەوە و ئێستا رووی کردۆتە کوردەکان» هەروەها «فەرەنسا و بریتانیا لە هەڵوێستی خۆیاندا لە هەمبەر کوردەکان هاو قۆڵن». <20>

ـ فرانسوا میتران، سەرۆکی فەرەنسا، تەلەفۆنێکی تایبەت بۆ سەرۆکی ئەمریکا دەکات، لە پێناو دیاریکردنی چارەسەرێکی کۆنکرێت بۆ ژیانی کوردە لێقەوماوەکانی سەرسنوورەکان.

1991 . 4 . 17

ئەمریکا بڕیار دەدات، کە لەگەڵ بریتانیا و فەرەنسا و ئەڵمانیا «زۆنێکی پارێزگاری» بۆ کوردە ئاوارەکان لە باکووری عێراقدا دروست بکەن. لە هەمان رۆژدا، دوای نیوەڕۆ، هێزەکانی ئەمریکا دەگەنە باکووری عێراق ـ سەر سنووری تورکیا ـ بۆ دروست کردنی کەمپی پەنابەران «Centres d accueil» بۆ کوردە ئاوەرەکان.

ـ جێمس بێکەر، لە لوکسمبوورگ، لەگەڵ دوازدە دەوڵەتە ئەورووپییەکە کۆ دەبێتەوە بۆ گفتوگۆ کردن لە بارەی چۆنییەتیی هاوکاریکردنی نێوان خۆیان، بۆ یارمەتیدانی کوردە ئاوارەکان و دیاریکردنی داهاتوویان.

ـ پەنتەگۆن Pentagone رایدەگەیەنێ کە لە چەند رۆژێکی داهاتوودا 5000 تا 10000 سەربازی هاوپەیمانەکان دەگەنە باکووری عێراق ـ نزیک سنووری تورکیا ـ بۆ پاراستن و مسۆگەرکردنی ژیانی کوردە ئاوارەکان لە کەمپەکانیاندا.

ـ سەددام (بە نابەدڵییەوە) رازیبوونی خۆی بۆ دروستکردنی ئەم کەمپانە پیشان دەدا.

1991 . 4 . 18

ـ تەلەفزیۆنی فەرەنسی ئەم جۆرە ژیانەی کوردەکان بە «بێگانەی ناو وڵاتی خۆیان Exil Enterieur» ناودەنێ.

ـ نوێنەرانی ی. ن. ی دەچنە بەغدا، رێککەوتننامەی پەسندکردنی کەمپی پەنابەران بۆ کوردەکان، بە رژێمی عێراق مۆر دەکەن.

ـ نوێنەرانی بەرەی کوردستانی عێراق، لە دیمەشقەوە رادەگەیەنن کە شەڕیان دژی رژێمی سەددام راگرت.

1991 . 4 . 20

رۆژنامە فەرەنسیەکان و نوێنەرانی رژێمی ئێران رادەگەیەنن کە (بەرەی کوردستانی عێراق) ئێستا خەریکی گفتوگۆیە لەگەڵ رژێمی سەددام: «مفاوەزات و هاتنەوە ریزی نیشتمانی».

1991 . 4 . 24

کە ساڵرۆژی یادکردنەوەی بۆمبابارانە خوێناوییەکەی قەڵادزەیە لە مێژووی کورددا! سەرکردەکانی (بەرەی کوردستانی) بەم بۆنەیەوە دەچن رووی رەشی پیسترین دکتاتۆری سەدەی بیستەم دەڵێسنەوە، لە بەغدا! ماچە بەناوبانگەکە ■

سەرچاوەکان

<1> لە کۆنفرانسێکی رۆژنامەنووسی فەرەنسی «کریس کۆچیرا»، مانگی ژنڤیێ 1991 لە پاریس، لە یەکێک لە هۆڵەکانی زانکۆی سۆربۆن.
<2> Le Figaro, 13 Nov. 1991,
Bulltin d information de L Institut Kurde de paris, 1990 N. 67 - 68 P.3
<3> The Gardian, 27 Nov. 1990,
Jenne Afrique 17 Nov. 1990
<4> L Humanite, 27 Nov. 1990
<5>GAMK رۆژنامەیەکی ئەرمەنییە بە زمانی فەرەنسی 12-13 Jan. 1991
Le Nourean Politis 29, 11, 1990
<6> L Hebdo, 20 Dec. 1990
Le monde, 15 Jan 1991
Journal du Dimanche, 20Jan 1990
<7> هەمان سەرچاوە
<8> Le Monde Deplomatique, Dec. 1990
<9> Liberation, 18Jan. 1991
<10> Le Figaro, 23Gan. 1991
<11> Voix Du Nord 25 Jan 1991

<12> Midi Libre, 25Jan 1991
France - Soir, 25 Jan 1991
<13> Le Monde 1, 1, 1991
Bullet d Information de L Institut Kurde De Parice p.66
لە ژمارەی مانگی 1 و 2ی 1991دا بە شێوەی بەڵگەنامە بڵاوکراوەتەوە
<14>Le point, Revue, 7 Fev. 1991
Liberte, 8 Fev. 1991
Courrier International 27,,2,1991
<15>Le Monde 4 et 5 Mars, 1990
<16>Le Monde 13 et 14 Mars, 1990
<17>Le Monde 21,3,1990
<18>L Evenement du jeudi, revue, 11-17,Avril 1991
<19>Le Figaro, 3,4,1991
Liberation 3,4,1991
<20>Liberation 16,4,1991

هەروەها سوود لەم سەرچاوانەش وەرگیراوە :

1. Chronique de La Guerre du Golf,Ed. ATLAS, N.1 et 2, Parice 1991
2. VSD, Revue, N. 710, Avril, Paris 1991
3. Parice Match, Revue, 18 Avril 1991
4. Nouvel Observateur, Avril 1991
5 ڕۆژنامەکانی
Le Figaro, Le monde, Liberation
هەموو ژمارەکانی ماوەی 2، 8، 1990 ـ 20، 4، 1991

تێبینی :
ئەگەر سەرچاوەم بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ بەشێکی ڕووداوەکانی هەندێ لە ڕۆژەکان دانەنابێ، ئەمە مانای وایە ئیتر ئەو ڕووداوانە ئاشکرا ڕوویان داوە و بۆ نووسین و گێڕانەوەشیان پشتمان بە سەرچاوە ناوبراوەکانی دیکە بەستووە کە لەسەرەوە نووسیومانن.

⊙⊙⊙

جارێکیان کە لە گۆڤاری ئەلف‌با کارم دەکرد، چوومە ژوورەکەی خۆم، بینیم چەکمەچەی مێزەکەم شکێنراوە، دواتر زانیم مامۆستا «سامی مەهدی»ی شاعیرو! سکرتێری نووسینی گۆڤارەکە شکاندوویەتی، ئەگەر ئەمە ڕەفتاری شاعیری سەر بە ڕژێم بێ، دەبێ ڕەفتاری پیاوی ئاسایش چۆن بێ؟
چۆن دەتوانی لە وڵاتێکدا بژیت کە شاعیری خاوەن باوەڕ! تێدا زێتر لە سەگی پۆلیس بچێت وەک لە ئینسان!

فیصل لعیبی
گۆڤاری البدیل ژمارە 10ی 1987

## تـــکا

ئەم بەرهەمانەم کە لە چیا ڕووناکیان دیوە :
ـ شەپۆلی شەقام . کۆمەڵە شیعر
ـ ئایا شێوە لە ناوەرۆک گرنگترە؟ ڕەخنەی ئەدەبی
ـ یەکێتی نووسەرانی کورد چی بەسەرهات؟ دوو بەش
خۆم هیچیانم نییە، تکایە ئەوی هەر کامیانی لا دەست دەکەوێ، با بە ئەرکی نەزانێ بە ناونیشانی خەرمانە بۆمی بنێرێ، وێنەی دەگرمەوەو بەوپەڕی ڕێزو سوپاسەوە بۆی دەنێرمەوە.

حەماسەعید حەسەن

# راپەڕین، سەرکەوتن، نووشستی

پشکۆ

ئەو کێشەیەی لە ئەنجامی پەلاماری عێراق بۆ کوێت، لە جیهان و ناوچەکەدا هاتەگۆڕێ، چەندین ڕووداوو گۆڕانکاریی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتیی جۆراوجۆرو فرەلایەنی لە عێراق و ناوچەکە و جیهان‌دا هێنایە سەر شانۆی ڕووداوەکان، ڕاپەڕینە خوێناوییەکانی ئەم بەهارەی کوردستان و خوارووی عێراقیش، دەرهاوێژتەی ئەو دۆخە سەخت و ئاڵۆزە بوون. ڕاپەڕین ـ وەکو بەرالووتکەی خەباتی شۆڕشگێڕانەی جەماوەر دژ بە ستەم و دیکتاتۆرییەت، هەتا کۆتایی پەنجاکانی ئەم سەدەیەش خاسییەتی دیارو شێوازی سەرەکی خەباتی کۆمەڵانی خەڵکی عێراق دژ بە کۆلۆنیالیزمی بەریتانی و ڕژێمە کۆنەپەرستەکان بووە.

ئەم شێوازەی خەبات لە سەرەتای شەستەکانەوە و هەتا نیوەڕاستی هەشتاکان، لە سۆنگەی گەلێک هۆکاری ئابووری و سیاسی و حیزبایەتییەوە، لەسەر شانۆی خەبات کشایەوە و شێوە خەباتی ملهوڕی حیزبایەتی و بزووتنەوەی چەکداری لە جەماوەر دابڕاو بیرازیان کرد. ڕاپەڕین ـ یاخیبوونی جەماوەری بێزارو بێ‌هیوا لە دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریی بێزرا و نالەبارو لە هەلومەرجی ڕەخساوی شۆڕشدا دێتە ئەنجام و سەرکەوتنیشی بە ئاستی هۆشیاری و ئامادەیی و شارەزایی خەڵکەکە و هاوسەنگی تەرازووی هێزەکانی شۆڕش و دژە شۆڕش و هۆکارە دەرەکییەکانەوە بەندە.

ڕاپەڕینە گلاوەکەی ئەمجارەی کوردستان، توێژینەوە و هەڵسەنگاندنی فرەلایەنە هەڵدەگرێت و دەشێ وەکو سیمبوڵی سەرەتای قۆناغێکی نوێ و هیوابەخشی خەباتی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان چاوی لێبکرێت. ئەم ڕاپەڕینە، ............ تەقینەوەی گڕکانی ڕکوکینەی جەماوەری پتر لە 30 ساڵ فریوخواردووی سیاسەتی سازشکارانەی حیزبەکان و بزووتنەوەی بێ‌ئاکامی حزبایەتی لە کوردستان بوو، لەمپەری بە ئەنقەست ڕۆنراوی نێوان جەماوەرو شۆڕشیان وەکو شووڕا ئەفسانەییەکەی «بەرلین» ڕمان.

ئەوی تا ئێستا لەمەڕ ئەو شۆڕشە خەڵک کردەی کوردستان و عێراق نوسراوە، زۆر کەمە و لە قولەپێ بەژنی بەرزی حەماسەتی خەڵکە ڕاپەڕیوەکە تێناپەڕێت.

لە کوردستان جگە لە بەیان و بڵاوکراوەی حزب و حزبۆکەکان، نووسین و سەرچاوەیەک چنگ ناکەوێت. گۆڤارو ڕۆژنامەکانی هەندەرانیش ویرای هەندێ وتارو لێکۆڵینەوەی تیۆری، چەند بەڵگەنامەشیان بڵاوکردووەتەوە. بەڵگەنامەکان نامەی تایبەتین و لە چەند کەسێکی جیاوازەوە و بە پێی دیدو بۆچوون و زانیاری جیاوازیان لەسەر ڕاپەڕینەکە نووسراون. ئەگەر هەموو نامەکان لەبەر یەک ڕانرێن، ویرای چەندین بۆچوونی هاوبەش ئەوا چەندین وێنەی ناکۆکیشمان پیشان دەدەن و هەقیقەتی پرۆسەی ڕووداوەکان و هەڵچوون و داچوونی کێرڤی ئاڵوگۆڕەکانمان وەکو خۆی ناخەنە بەردەست. هەق وایە شارەزا و پسپۆڕانی ئەم بوارە بایەخ و گرنگیی زێتری بدەنێ.

«هەڵسوڕێنەرێکی بزووتنەوە شووراکان لە کوردستانەوە دەپەیڤێ ـ چەند بیرەوەرییەک لەمەڕ ڕاپەڕینێک سەرکەوتنێک، گلانێک» ناونیشانی نامیلکەیەکی 120 لاپەڕەیی بێ نووسەرو کات و شوێنی بڵاوکردنەوەیە و «شێرکۆ» ناوێک لە مانگی مایسی 1991دا لە پاریس بۆ زمانی فارسی وەریگێڕاوە و بەڵگەنامەکانی بە کوردی و وەکو خۆی لە پاشکۆیدا چاپ و بڵاوکردۆتەوە. وەرگێڕ لە پێشەکیەکی چەندین دێڕیدا وەهای نووسیوە:

«ئەم نامیلکەیە بیرەوەرییەکانی یەکێک لە هەڵسوڕاوانی بزووتنەوەی شوورایی کوردستانی عێراقە کە چاپە کوردییەکەی بە هەندەران گەیشتووە. ویڕاشی کۆمەڵێک بەڵگەنامە و بەیان و بڵاوکراوەی کوردی، هاوڕێی وەرگێڕانە فارسیەکە بە کوردی کراونەتە پاشکۆ ...».

وەرگێڕی فارسی لەبەر هەر هۆیەک بێت، نە ناوی نوسەری هێناوە و نە باسێکی لە شوێن و ساتی چاپ و بڵاوکردنەوەی دەقە کوردییەکە کردووە. ویڕاش مرۆ بە خوێندنەوەی دەقە فارسیەکەیش هەندەک زانیاری لەمەڕ نوسەر هەڵدەکرێنێ...

ـ نوسەرێکی بێ‌ئاگا و وەلاکەوتووی پەراوێزی ڕووداوەکان نیە و لە جەرگەیاندا ژیاوە، وردینەی پێشهاتەکان و پرۆسەی هەڵچوون و داچوونیانی زیرەکانە لە دیدی خۆیەوە تۆمار کردووە.

ـ نوسەرێکی ئامولەزیم نیە و ئەندامی کارای یەکێک لە گروپە چەپە ڕادیکاڵەکانی کوردستانی عێراقە. بۆخۆی دەڵێ: «خرۆشی ڕاپەڕین لێرە و لەوێ وەشار کەوتبوو، ئێمەی ڕادیکاڵانی گروپە جۆربەجۆرەکان، ئەوانەی لە شاردا مابووینەوە، زۆربەمان بە یەکدی ئاشنا بووینەوە، ئێمە یەکەمین دەستەی چەکداری ڕاپەڕینمان دامەزراند ... یەک ڕاپەڕین ل1». کەوایە نوسینەکەشی بێ لایەن نیە و لە دیدو بۆچوونێکی حیزبییەوە داڕێژراوە، لەگەڵ ئەوەش ناکرێ وەکو دەقێکی ئەبستراکتی حیزبی چاوی لێ بکرێ و زانیاری و سەرنج گەلێکی وردو

پاراوی لەمەڕ بزووتنەوەی شوراکان لە کوردستان‌و چۆنییەتی سەرهەڵدانی ئەو شێوازە نوێیەی خەبات‌و خاڵی لاوازو بەهێزی‌و هەڵوێستی حیزبەکانی بەرەی وەدەرخستووەوە جێگای لێڕامانن.

پێم وایە کە توێژینەوەی لەبەرگەوە بۆ بەرگی نامیلکەکە دووهێندەی قەوارەی خۆی گەرەکە و ئەمەش بۆ وەها وتارێک نەشیاوە، هەر بۆیە هەوڵی چڕکردنەوەی سەرنج‌و راکانم لە چەند خاڵێکدا دەدەم ...

1ـ راپەڕین

2ـ بزووتنەوەی شوراکان

3ـ ململانێی نێوان شوراکان‌و بەرە

4ـ هێرشی رژێم بۆ داگیرکردنەوەی کوردستان

## راپـــەڕیـن

راوەستانی جەنگ‌و بێ مەرج خۆ وەدەستدانی رژێم، شەختەی ترس‌و سامی نێو دەروونی جەماوەری توانەوە و ترسێکی مەزنتری لە ناخی تەپیوی دەستەلاتداران‌و سیخوڕانی رژێم ئاخنی. ئیدی تەنیا چەخماخەیەکی رکی پیرۆزی جەماوەر بۆ سووتاندنی سەراپای جەنگەڵی ستەم بەس بوو ... « رۆژی 6ی ئازار، خۆپیشاندان‌و هاتوهاواری لاوان‌و مێرمنداڵان، لێرە و لەوێ سەری هەڵدا. چەکداران‌و سیخوڕانی رژێم بە هەوادا تەقە دەکەن، تیشکی راپەڕین لە چاوی هەموو کەسدا بریسکەی دێ. هێزەکانی ئاسایش بۆ گەلەکوژی ئامادەن، تانک‌و زرێپۆشیان بۆ سەرشەقامەکان هێناوە ... وەلێ نازانن کە بە خۆپیشاندانی ئارام‌و بەجەماوەری دەستبەتاڵ رووبەروو نابن. ئەوان دڵنیان کە پێشمەرگە لەم ناوەنین‌و ژمارەیەکی کەمیان سنووری ئێرانیان بەزاندووە، ئەمەش مایەی دڵخۆشی هێزەکانی رژێمە ... سەر لە بەیانی 7ی ئازار، یەکەمین دەستەی چەکداری راپەڕین لە دوو قۆڵەوە، لە باکوورو رۆژهەڵاتی شارەوە بەرەو شەقامە سەرەکییەکانی نێوەندی شار وەڕێکەوتین. یەکەمین دەستڕێژی پیاوانی رژێممان بە دەست رێز وەڵامدایەوە ... لە ماوەی یەک سەعات‌دا یان کەمتر، تەواوی گەڕەکە سەرپەڕەکانی شار پاک کرانەوەو هێزەکانی رژێم لە بنکە و مۆڵگاکانیان پەستاوتن‌و سەنگەریان گرت ... هەروا راپەڕینی خەڵک، وەک ئەوەی پێشتر ساز درابێت سەراپای شاری تەنی ... راپەڕین ـ ل2،1 »

لێرەدا دەشێ ئاماژە بە دوو خاڵی گرنگ بکرێت کە یەکێکیان لە تەواوی ئەو بەڵگەنامانەی لە کوردستانەوە هاتوون دووپات کراوەتەوە ئەویش:

ـ راپەڕینەکە تەواو خۆڕسک‌و جەماوەرکردوو دوور لە هەر نەخشەو پلان‌و رابەرێتیی حیزب‌و رێکخراوەکانی ئۆپۆزسیۆنی تەقلیدی بووە.

ـ گەرچی ئەندامانی هەندێ گرووپی ژێرزەمینی شارەکان، دەستەی چەکداریان دامەزراندووە و لە هەوڵی بزواندنی خەڵکدا بوون بەڵام گڕی راپەڕینەکان لە کورەی حەماسەتی لاوان‌و مێرمنداڵانی شارەوە بڵێسەی سەندووە و پاشان بۆ خەرمانی هەستی جەماوەرەکە پەڕیوەتەوە.

« 7ی ئازار، شەقامەکان لە ژێر کۆنتڕۆڵی خەڵکی راپەڕیودان، سەربازان‌و چەکدارانی رژێم بە بەرەی خەڵکەوە پێویست دەبن، ئەو لاوانەی لە جەنگی کوێتدا چەکدار کراون، چەکەکانیان دەردێنن، ئەو چەکانەی لە رژێم گیراون دابەش دەکرێن. راپەڕینی چەکدارانە خۆبەخۆو ناڕێکخراوە. کۆمۆنیستان، تێکۆشەران، لایەنگرانی ئۆپۆزسیۆنی چەکدار لێرە و لەوێ ئامادە دەبن ... راپەڕین ل2 ». رۆژی 7ی ئازار، هێرش‌و پەلاماری دلێرانەی خەڵکی راپەڕیو تا ئێوارە درێژەی هەبووە و زۆربەی زۆری بنکەکانی رژێم گیراون. لە کاتژمێری چوارونیوی سەر لە بەیانی رۆژی 8ی ئازارەوە تا کاتژمێری سێ‌ونیوی ئێوارەی هەمان رۆژ شەپۆلی خوێناوی دەریای هێرشی جەماوەر بۆ سەر بنکەکانی رژێم بەردەوام بووە. « لە کات ژمێری سێ‌و نیودا دوا سەنگەری دژە شۆڕش کەوت ... ل3 ». کەواتە نێوانی کازیوەی راپەڕینی خەڵک‌و لە کەلەپۆ ئاوابوونی خۆری داگیرکەران لە شاری سلێمانی‌دا تەنیا 32.5 سەعات بووە. لە دوو رۆژی راپەڕین‌دا، بەشێکی زۆری خۆراک‌و دانەوێڵە و پۆشاکی نێو ئەنبارەکانی دەوڵەت، لەلایەن خەڵکەوە بەسەر خەڵکدا دابەشێنراوە.

شۆڕشێکی جەماوەریی ناڕێکخراو، بێ بەرنامەی سیاسی روون‌و دیاریکراو، بێ رێبەرو سەرکردەی بە ئەزموون‌و پێتۆڵ‌و کارامە، سەرکەوت‌و داگیرکەری رادا. ئەدی پاشی سەرکەوتن چی‌کردن؟ ... کاروباری خەڵک چۆن رێکدەخرێ‌و چلۆن بەڕێوە دەچێ؟ ژیانی کۆرپەی شۆڕش چۆن دەپارێزرێ‌و چی شەکانەوەی ئاڵای سەرکەوتن مسۆگەر دەکات؟!.

ئەمانە پرسیار گەلێکن کە بۆ تەواوی خەڵکە راپەڕیوەکەو بۆ گرووپە چەپەکانیش جێگای لێڕامان بوون‌و ئایندەیەکی رۆشنیان لەبەرچاودا نەبووە.

« ئێستا کاتی دانیشتن‌و تەگبیرکردنە ... دەبێ چ بکەین؟! ... رێکخستنی هێزی شوارو چەکدارکردنی گشتی‌و دیاریکردنی ئەرکی شوراکان، کاری ئێمەن. شورای کرێکاران‌و یاسای کار دەبێ دەست بەجێ پیادە کرێن. هەروا هەڵوێستی کرێکاران لە حیزبە بۆرژوازییەکان‌و بەرە ... جێبەجێ کردنی ئەم پلاتفۆرمە کاری گەرەکە ... ئایا جەماوەری کرێکاران لە ژێر ئاڵای شوراکان کۆوە دەبن؟!. ئەمە پرسێکە و ئێستا چ پەرسڤێکمان بۆی نیە و دەبێ کاری بۆ بکەن ... ل3 ـ 4 » گرووپە چەپەکان، یان راستر گرووپەکەی نوسەر لە روانگەیەکی تیۆری خۆڵەمێشی‌و لە واقیع دابڕاوەوە لە شۆڕش‌و پێداویستی قۆناغەکە و ئەرکەکانی دەڕوانن. دەستیان بە ئەڵقەی شورای کرێکاری‌و یاسای کارەوە گرتووە و بۆ خۆشیان لە پەتەوی هەنگاوەکەیان بە گومانن. لەمپەری نێوان کتێبەکانی خۆیان‌و واقیعیەتی بزووتنەوەی کرێکاران دەبینن. لە لاوازی‌و کەم بڕستی هێزو توانستی رێکخراوەییان دڵنیان کەچی لێنین‌و بەلشەفیەکانیان لە بن هەنگڵ ناوەو دەست‌بەجێ‌و لە هیچی نەبوو، لە کوردستانێکی وێرانەو داوەشاودا، لە هەوڵی داڕشتن‌و جێبەجێ‌کردنی بەرنامەی حکومەتی کرێکاریدان « بۆ سەلماندنی ئەم راستیە، خوێنەر دەتوانێ بگەڕێتەوە سەر بەرنامەی

حکومەتی شورایی، نوسراوەی ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنستو پەسەندکراوی کۆبوونەوەی شورای کرێکارییەکانی کوردستان!!».

پێم وایە هۆیەکی خورت نەبوونو چەمانەوەی شلکە نەمامی شوراکان لەبەر زریانی دژەدیموکراسی «بەرە»دا، بەرزکردنەوەی دروشمی شورای ڕووتی کرێکاریو زەقکردنەوەی داواکارییە کرێکارییەکانو بەکەمگرتنی مەسەلەی میللیو تێنەگەیشتن لە خواستو ویستو سایکۆلۆژیەتی جەماوەر بووە. دەرک نەکردنیان بە چەمکو حەقیقەتی ڕاپەڕینەکان وەکو:

ـ تەقینەوەی ململانێو ناکۆکی نێوان دوو دیاردەی سیاسی ـ کۆمەڵایەتی ناتەباو بە زەبر پێکەوە شەتەکراو کە تا سەر پێکەوە هەڵکردنیان مەحاڵە ئەویش بوونی ڕژێمێکی داگیرکەرو زەوتکەری خاکو مافی ژیانی میللەتێک لەلایەکو حەقیقەتی بوونی میللەتێک وەک بەشێک لە نەتەوەیەکو بزووتنەوەیەکی ڕەوای نەتەوایەتی کە لە پرۆسەیەکی گۆڕانی شۆڕشگێڕانە دایەو ڕووەو ئاسۆی ڕزگاریو مافی چارەنووس بەڕێوەیە.

ئەوان ڕاپەڕینیان وەکو پرۆسەی بەلادا کەوتنی پۆزێتیڤانەی ململانێ چینایەتی نێوان کرێکارانی کوردستانو ڕژێمی سەرمایەداری فاشستی عێراق چاولێکردووەو دامەزراندنی حکومەتی شورایی، کە لە ڕاستیدا و لە دیدی ئەوانەوە هەر دیکتاتۆریەتی کرێکارانە «بە ئەڵتەرناتیڤی سیاسی بێ چەندوچوون زانیوە مەسەلەی نەتەوایەتیو کێشەی مافی چارەنووسیان لە بازنەی تەنگی تیۆری دەرنەهاوێژتووەو بە کردەوە کاریان بۆ نەکردووە. هەر ئەمەش دەبێتە مایەی ڕووتبونەوەی جەماوەرییانو بێپشتو پەنا لەبەر شاڵاوی دکتاتۆرییەتی «بەرە»دا بە ناچاری پاشەکشە دەکەن.

ـ ئەگەرچی نکوڵیکردن لە بوونی کرێکاران وەکو چینێکی چەوساوەو هەرە شۆڕشگێڕی کوردستان، پیشەی تەنگ نەزەرانی خەباتی «کوردایەتی»یەو هەرگیز ناشێ لە خەباتو ڕۆڵی شۆڕشگێڕانەی ئەو چینە بە درێژایی بوونی خۆی لە کوردستاندا، چاوپۆشی بکرێت. وەلێ دارشتنی بەرنامەی گونجاوی خەباتی سیاسی ئەو چینە لە هەر قۆناغو سەردەمێکی جیادا، مەسەلەیەکی گرنگو حەیاتیی خودی ئەو چینەیەو زۆر لە مێژەو هەتا ئێستاش تەواوی ئەوگروپو حیزبانەی لاف لێدەری نوێنەرایەتی کرێکارانن، لە ئاست مەزنی ئەو ئەرکەدا نەبوون. کرێکارانیان پێ هۆشیار نەکراوەو بەرەو هەڵدێر ڕابەڕایەتیان کردوون. بە زۆرەملێ سواری کۆڵیان بوونو بەرنامەی ناشیاویان بۆ دارشتوون، پێشم وایە کە هۆشنکردنی کرێکاران بە هەلومەرجی کۆمەڵایەتی خودی چینەکەوە بەندەو ڕێکخستنو ڕابەری کردنیشیان، ئەرکی خۆیانەو بە هیچ دەستەو گروپێکی ڕۆشنبیر نایەتە ئەنجام.

وێڕای ئەو ڕاستیەش، ئەم گروپانە ڕێکخراوی چازانو قالبووی نێو بزووتنەوەی کرێکار نەبوون. تەمەنی سیاسی هیچیان ناگاتە 10 ساڵو لەژێر هەلومەرجی خەباتی ژێرزەمینی دژ بە ڕژێمدا، توانای چوونە ناو کرێکارانو سازدانی مانگرتنو خۆپیشاندانی ئابووریو سیاسیان نەبووە. بە حوکمی واقیعی تایبەتی وڵاتێکی نا دیمکراتی وەکو عێراق، چ ئەزموونو دەرسێکی پراکتیکیان نەبووە. مرۆ کە لە ڕواڵەتی بەرنامەی سیاسیو کۆمەڵایەتیی ئەم گروپانە دەڕوانێ (گەرچی شاکارو داهێنانێکی نوێ نیە) چ لارییەکی لێی نیەو پێی خەنی دەبێ، ئەوانە وێڕای دڵسۆزی لە ڕادەبەدەریان بۆ کرێکاران، تەلاری بەهەشتی سوسیالیزمیان لەسەر لمی خەیاڵو بە ڕووپەڕی کتێبیان ڕۆناوە. ئەوانو کرێکاران، ئاسمانو ڕێسمانن!

## بزووتنەوەی شوراکان

شورا، دەزگای هەڵبژێردراوی دیموکراتیانەی خەڵک بۆ بەڕێوە بردنی کاروباری وڵات، ئەگەرچی لە پرۆسەی گەشەکردنی خۆیدا گەلێک گۆڕانی بەسەردا هاتووەو چەمکی جیاوازی لەخۆوە گرتووە، وەلێ دیاردەیەکی نوێ نیەو تەمەنی هێندەی تەمەنی دیموکراسیەتو هەڵبژاردنی دیموکراتیانەیە. شوراو بزووتنەوەی شورایی لە کوردستاندا، بەم چەمکو فۆرمە مۆدێرنەی ئێستایانەوە، لە جەرگەی ڕاپەڕینی خەڵکدا لەدایکبوونو هەر لەوێشدا لەسەر دەستی ئۆپۆزسیۆنی ساختەدا گۆڕەو شار دران! تێک شکانی کاتیی ئەزموونی ئەم شێوازە نوێیەی خەباتی خەڵک، هەرگیز بە مانای پوچەڵیو هیچ لەبارانەبووی بزووتنەوەی شورایی بە مانا ڕاستەقینەکەی نیە...

«9ی ئازار ... بیری شورا بەربلاوتر شاری تەنیوە. پلاتفۆرمی کورتو ڕۆشن لەمەڕ ئەرکەکانی پاشی ڕاپەڕین بە سەرتاسەریشاردا پەخش کراون. هەڵسوڕاوانی بزووتنەوەی شوراکان لە گەڕەکەکاندا، سەرگەرمی کارن. یەکەمین کۆبوونەوەی جەماوەری دەستی پێکرد... ل4».

تەواوی بەڵگەنامەکان ئەوە دووپات دەکەنەوە کە جەماوەری ڕاپەڕیو پاشی سەرکەوتن، لە هەموو گەڕەکێکدا جۆرێک لە دەزگای بەڕێوەبردنی دیموکراتیانەیان بە ناوی شورای گەڕەکو لە نوێنەرانی شوراکانیش کۆمیتەی باڵای شورای شاریان دامەزراندووە. ئەم کارە لە هەردوو شاری کەرکوکو هەولێریش ئەنجام دراوە.

دەستبەجێ کەوتنە گەڕی خەڵک لە حوکمڕانی خۆیدا و چاوەنۆڕنەکردنیان بۆ حیزبەکانی (بەرە) لە داتاشینی کۆمیتەی ساختەی بەڕێوەبردن، حەقیقەتی بێ هیواییو بڕوانەبوونی خەڵک بە حیزبەکان دەردەخات. ئەم شورایانە شورای ڕاستەقینەی دەستەڵاتی خەڵک بوونو هەزاران کەس هاتنە ژێر ئاڵایانەوە (کۆبوونەوەی گشتی ڕۆژانە بەڕێوە دەچوو، لەهەر کۆبوونەوەیەکدا زیاتر لە 100 هەزار نوێنەر بەشدار دەبوون... بەڵگەنامە ـ یەکگرتن ل 34 ژمارە 13).

چ گومان لەوەدا نیە کە گروپەکان لە بلاوکردنەوەی بیری بزووتنەوەی شوراییو دامەزراندنی شوراکاندا، کەمو زۆر کارکردیان هەبووە، وەلێ زۆر ڕۆشنە کە جەماوەری سەدهەزار کەسی بە بەرنامەی گروپەکان لەمەڕ نیوەڕۆکو ئەرکی دەستبەجێی شوراکان قایل نەبوونو پێی ئاشنا نەبوون. بەڕای من پەرۆشی جەماوەر بۆ شوراکان دەکرێ لە سێ خاڵدا چڕ بکرێتەوە.

1) بەرگری کردن لە دەستەڵاتی دیموکراتیانەی خەڵک.

2) خۆ سازدان بۆ داکۆکی کردن لە سەربەخۆیی وەدەستهێنراوو نەگەڕانەوەی دەسەڵاتی ڕەشی داگیرکەران.

3) ڕێگرتن لە سەپاندنی دەسەڵاتی بیروکراتیانەی لەسەرێڕا سەپاوی حیزبەکان.

نوسەر دەڵێ « دەریایەک کارو خەڵکێکی کەم، چەندە کرێکاران و خەڵکی ڕاپەڕیو تینوی کارو پیشەو هەڵسوڕانن، چ گومان و دڵەراوکێیەکیان هەیە. نازانن چ بکەن و ئامادەی هەموو شتن. هیچ تێگەیشتنێکی ڕۆشن لەمەڕ شورا لە نێو هەڵسوڕاوانی بزووتنەوەی شوراییدا نیە، چجای خەڵکانی کرێکارو زەحمەتکێش... ل16 »

کارو پیشە هەرچەند بن بۆ جەماوەرێکی سەدەهەزارکەسی زۆر نین. پێشم وانیە خەڵک لە هەڵسوڕانی دیموکراتیانەی کاروباری خۆی نائاگاو بێئاوەز بن، بەڵام نەک خەڵک بگرە کادرانی گروپەکەی نوسەریش ـ نوسەر بە هەڵسوڕاوانی بزووتنەوی شوراییان ناوبەبا ـ بە شورای کرێکاریو حکومەتی کرێکاران نامۆن و بە کردەوە هیچی لێ نازانن و دەستەپاچەن. ساتێ گروپەکان دەیانزانی کە دەرفەتی وەها ئەرکێکی پێش وەخت نایەن، دەبوو بەرژەوەندی تەسکی ئایدۆلۆژی و گروپچیەتی خۆیان وەلا ناباو لە ئاڵتەر ناتیڤێکی دیکە گەڕابان. ئەڵتەرناتیڤێکی ئاشنا بە ئەقلیەت و خواستی جەماوەرە ڕاپەڕیوەکەو گونجاو لەگەڵ واقیعی بزووتنەوەکەدا، ئەوسا دەکرا هێزی زەبەندی مادیی و ڕۆحی جەماوەرکە بۆ سەرکەوتنی یەکجارەکی شۆڕش و بەربەست کردنی دەسەڵاتی نادیموکراتیانەی حیزبەکان وەگەڕ بخەن و پاشانیش لە ڕۆژانی هێرشی دووبارەی ڕژێمدا، ئەو سەنگەرانە بگرنەوە کە حیزبەکان لە شەوو ڕۆژێکدا و بێ بەرگری چۆڵیان کردن.

## ملمڵانێی شوراکان و بەرە

شورا، وەکو هێزی ڕێکخراوی خەڵک بۆ بەرگری لە ئازادی و دیموکراتی و هەڵسوڕانی کاروباری کوردستان، سەری هەڵدا. حەقیقەتی چەمک و نێوەڕۆکی شوراکان، وێڕای دروشم و بەرنامەی چەپڕەوانەی گروپەکانیش، لە یەکیەتی ئارەزوومەندانەی ویست و خواستی جەماوەری کوردستاندا خۆی دەنواند و تا دوا ڕۆژەکانی ژیانیشی نەبووە موڵکی چ حیزب و ڕێکخراوێک و بە شتاقیان قۆرغ نەکرا. بەرە ... یەکیەتیەکی بە شەقی زەمانە یەکگرتووی نێوان ڕێبەرایەتی هەشت حیزبی سیاسی چەکداری کوردستانە.

(بەرە) و شورا دوو دیاردەی کۆن و نوێی ناتەباو نامۆن، بەرژەوەندی سەرکردە و خەڵک، حیزب و کۆمەڵ، پاش هاتنەوەی حیزبەکان بۆ کوردستانی ئازادکراو کەوتنە جەنگی مان و نەمانەوە!

شورا دەیەوێت دەسەڵاتی دیموکراتیانەی خەڵک بەسەر خەڵکدا بسەپێنێت و (بەرە)ش گەرەکیەتی تەوقی دەسەڵاتی سەرکردە، حیزب، ڕۆیوتی چەکدار لە گردنی جەماوەر بنێ.

16ی ئازار، یادی کارەساتی ژاربارانی هەڵەبجەیە، هەزاران کەس لە شاری سلێمانیدا کۆ دەبنەوەو خۆ پیشان دەدەن... شوراکان ڕێکخەرو ڕێبەری خەڵکن ـ ( حیزبە بۆرژوازیەکان گرفت دەنێنەوەو کۆسپ لەسەر ڕێی دادەنێن وەلێ چ سودی نیە ل10 ). کارەکە لەلایەن (بەرە)وە وەخۆکەوتنی گەرەکە، پلان و نەخشەی وردی پێدەوێ. جەماوەری سەرچڵ جلەوی پساندووەو دەبێ لەغاو کرێت. ( سەر لە ئێوارەی هەمان ڕۆژ ڕادیۆی بەرە ڕادەگەیەنێت کە دەبێ شوراکان هەڵوەشێن و ئەنجوومەنی گەڕەک، ئەنجومەنێک کە لەسەرێڕا و بە کۆمەکی بەرە هەڵدەبژێردرێت، دابمەزرێت ـ ل10 ).

ئیدی نۆخەکە لە چاوی بەرەوە ڕۆشنە هێزی زۆرو زەبەندی شورا یەکگرتوو نیە، بەرنامەی ڕوونی نیە، ڕێبەرو کادری شارەزا و ناسراوو دەرکەوتووی نیە، سەنگی گروپەکان لە نێو شورادا وەکو پێویست نیە ـ ئیدی وەختیەتی ـ ساتی پلان و پەلامارە. ڕاگەیاندن پاشان پەڕوباڵ کردن و هێرشی بەکردەوە. نوێنەرانی شوراکانیش یەک دەنگ نین و لە ئاست ڕاگەیاندنی شەڕ ئەنگێزی بەرەدا، یەک هەڵوێستیان پێ وەرناگیرێ ( نوێنەران لەمەڕ هەڵبژاردنی تاکتیک و وەڵامدانەوەی هێرشی ڕاگەیاندنی بەرە سەبارەت بە هەڵوەشانەوەی شوراکان، بە تەواوی ڕێک ناکەون ـ ل11 ).

لە جەنگەی جەنگی ڕاگەیاندندا، مانۆڕی گفتوگۆ سەوداش دێتە گۆڕێ. گفتوگۆ لە دیدی بەرەوە یاریکردن بە کات و سایکۆلۆژیەتی جەماوەرو سازانی زەمینەی پەلاماری زەبرنامێزە. تەنیا سەنگەری بەرگریی شوراکانیش سەنگەری جەماوەرە، واتە ڕاکێشانە سەر شەقامی ئەو هەزاران کەسەی لەژێر ئاڵای شوراکاندا کۆوەبوون، بەڵام مەخابن ڕێبەرانی شوراکان وەکو پێویست ئەوەیان پێ ئەنجام نادرێ، پارچە پارچەو فرەدەنگن. بەرە هەوڵی داگیرکردنی قەڵای شوراکانی لە ناوەوە داوە، لایەنگرانی خۆی تێخزاندوون و کەسانی لاوازو هەلپەرستیشی دەم چەور کردوون.

گفتوگۆ لە نێوان وەفدێکی پێنج کەسی شوراکان و بەرەدا درێژەی هەیە، بەرە لە پشتی پەردەوە و بە یەک لایەنی چەند ئەندامێکی دیکەی شوراکان ـ کە لە ڕاستیدا ئەندامی خۆیانن ـ بۆ گفتوگۆ کە داوەت دەکات. ئەوجا مشتومڕو بێنەو بەرە دەکەوێتە نێوانی خودی نوێنەرانی شوراکان و کێشەکە بە قازانجی بەرە دەشکێتەوە. واتە بەشێک لە بەناو نوێنەرانی شورا ناپاکی لە شورا دەکەن و بەرەش تیشەی داپاچینی شوراکان دەخاتە گەڕ. (ڕێبەرانی شورا تاوانبار دەکەن، هاوکاری دەوڵەتن، بێڕەوشت و پووچ و ئاژاوە گێڕن)

ـ بەسەر گردبوونەوەی خەڵکی شارۆچکەی «ئەسر»و کۆبوونەوەی شوراکەیاندا تەقە دەکەن.

ـ بڵندگۆی شارۆچکەی «بازیان»و شورای گەڕەکی «مەڵکەندی» زەوت دەکەن.

ـ چەکدارەکانی بەرە دەرکی کارگەو نەخۆشخانەکانی شار دەگرن و بواری بەستنی کۆڕ و کۆبوونەوە نادەن.

ـ حیزبی شیوعی عێراقیش ژێر بە ژێر پشتگیریی مەرجداری خۆی بۆ شورا دەردەبڕێت و پاسۆکیش شورای مەرجداری گەرەکە، مەرجی قەبوڵ کۆماری کوردستان ـ ل13 )

شوراکان بە کردەوە ئابڵوقە دراون، نوێنەرانی بنکەی نێوەندی

شوراكان بێ هوده كۆبوونەوە دەبەستن و دەستە پاچەن، كۆبوونەوەكە بە هەڵوەشانەوەی كۆمیتەی نێوەندی بە ئاكام دەگات «8 نوێنەر داكۆكی سەرسەختانە لە شورا و ئامانجەكانی دەكەن، 3 نوێنەر «ئالاهەلگری سازش و پاشەكشێن لەبەردەم ئەنجومەنی داتاشراودا، 8 نوێنەر بێ هیچ هەڵوێستێك كۆبوونەوەكە جێدێڵن ... ل13 » ئاكامی كۆبوونەوەكە زایەڵەی زەنگی مەرگی شوراكانە. شوراكان ئەگەر بە یەكگرتوویی بەر پەرچی (بەرە)یان پێنەدرابێتەوە ئەوا بە كەرت و پەرتی نە هەر كارێكیان پێناكرێ بگرە جەماوەریشیان لێ دڵسارد و بێ هیوا دەبێت و لێیان تەوەلا دەبن و گەوەی ئابلوقەی بەرەش تا دێت تەنگ و تەنگتر دەبێتەوە ... « بنكەی شورای ( زەرگەتە ) دووبارە دادەخەن. دەستدرێژی بۆ سەر شورای (خەبات) دەكەن و ژوورێك لە بنكەكەدا بۆ ئاژاوەگێڕی داگیر دەكەن. چەكدارەكانی پاسۆك، پۆستەر و دروشمەكانی بنكەی مەڵكەندی دەدڕێنن. ل19 » وێرای كەرتبوونی شوراكان و هێرشی بەرە و دڵساردی خەڵكیش، شوراكان تا داگیركردنەوەی كوردستانیش بەسەر زیندوو بوون، وەلێ ئیدی بایەخ و رۆڵی گرنگی خۆیان لەدەست دابوو، ئیدی نەدەكرا وەكو بزووتنەوەیەكی جەماوەری بەرفراوان چاویان لێبكرێ. ئیدی گروپە چەپەكان بە رووتی مانەوە و لە خەوی تیۆری وەئاگا هاتن، ئیدی تێگەیشتن كە ئەركی بنەڕەتی پاراستنی دیموكراتیەت و بەرزكردنەوەی ئالای بەرگرییە لە كوردستاندا، نەك كاری فەرهەنگی و پروپاگەندەی كرێكاری. « ئیدی كاری پلەیەكی ئێمە كاری فەرهەنگی و پروپاگەندە و جێبەجێكردن نیە، بە كورتی وەكو پێشوو نیە، بەرگری لە پلەی یەكەم دایە - 29ی ئازار - ل20 »

# هێرشی فاشیەكان بۆ داگیركردنەوەی كوردستان

بەهاری ئازادیی كوردستان كورت تەمەن بوو. ئەمریكا و هاوپەیمانەكانی حیسابیان بۆ ئایندەی پاش جەنگ كردبوو. ئەوان كەلە جەنگێكی وەحشیانەی (100) سەعاتیدا تەواوی ئامانجی خۆیان وەدەست هێنا بوو، بۆ سەركوتكردنی شۆڕش و لە گۆڕنانی هیواكانی خەڵكیش هێندەیان گوێ‌وتێن بە فاشیەكان هێشتبوو لە پەلوپۆیان نەخستبوون.

رژێم پاشی لە خوێن گەوزانی راپەڕینی قارەمانانەی خەڵكی نێوەڕاست و خواروی عێراق بۆ كوردستان بایدایەوە. كەركوك كلیلی دەروازەی داگیركردنەوەی كوردستان بوو، هێزەكانی رژێم پێكهاتووە لە (16) لەشكر و (1500) تانك و بە پشتیوانی كۆپتەر و رۆكێتی دوور هاوێژی «سكۆد» پەلاماری كەركوكی دا و خوێناوی ترین و پڕ كارەساترین جەنگ لە مێژووی هاوچەرخی بزووتنەوەی خەڵكی كوردستاندا بۆ ماوەی (5) رۆژ لە گەڕ دابوو. خەڵكی كوردستان دلێرانە و چارەنووس سازانە و هێزی حیزبەكانیش ریاكارانە و دیبلۆماسیانە بەرگریان لە كەركوك كرد. لەگەڵ هەرەسی كەركوكدا، قەلای ورە و بەرگری خەڵكیش هەرەسی هێنا. كوشتاری هێزەكانی رژێم لە كەركوكدا، هەترەشی خەڵكی دانیشتوانی شارەكانی دیكەی كوردستانیشی برد و تۆقاندنی. ئیدی كۆچی چەند ملیۆنی ئاوارانی كورد، بەرەو بەستەڵەكی مەرگ رێچكەی بەست.

حیزبەكان پاش ئەوەی شێرازەی رێكخستنی دەستەڵاتی دیموكراتیانەی خەڵكیان پساند و جەماوەریان لە هەڵسوڕانی كاری دیموكراتیانە وەلا نا، بۆ خۆشیان باوەڕومتمانەی خەڵكیان پێوەرنەگیرا و هێزێكی ئەوتۆیان بۆ بەرگری بۆ ساز نەدرا. ئەوان وەك هەمیشە دووپاتیان كردەوە كە لە ئاستی رووبەڕووبوونەوەی چركە ساتی وەها مێژوویی و چارەنووس سازدا نین. شارەكان داگیر كرانەوە، بالای ئازادی لە خوێن ژەنرا، لە سەر شانۆی گەلەكۆچی بێ‌وێنە و برسییەتی و مەرگ و ژاندا، هاو زەمانی هات و هاوارو بەدەنگەوە هاتنی رای گشتی جیهان بۆ داكۆكی كردن لە كورد، كاروانی حیزبەكان بەرە و بەغدا داگەڕا!

گفتوگۆ دەستی پێكرد و تا نوسینی ئەم چەند دێرەیش بە ناتاكامی درێژەی هەیە. گفتوگۆ دەستەڵاتی دووانەی دەوڵەت و حیزبەكانی لە كوردستاندا جێگیر كرد.

رۆژانی دەستەڵاتی هاوبەش لە كوردستاندا مەسەلەیەكی گرنگیان یەك لا كردەوە، ئەویش:

كاری جەماوەر خەبات و تێكۆشان و هەڵپێچانی دەزگای تیرۆر و تۆقاندنی فاشیەكان لە كوردستان و هی حیزبەكانیش سەركوت كردنی راپەڕیوان و خنكاندنی دەنگی زوڵاڵی ئازادی و لەنگەرگرتنی لاشەی لە لێواری گۆڕ لەرزیوی بەعسیەكانە. تێڕامانی راپەڕینەكانی 17 و 18ی تەموزی شارەكانی سلێمانی و هەولێر و هەڵپێچانی تەواوی بنكە سەربازی و دەزگا فاشستیەكانی رژێم، لە لایەن جەماوەری ئەو دوو شارەوە، هاوزەمانی هالاوی گفتوگۆی نێوان بەرەی حیزبەكان و بەرەی بەغدا، فتوای ئیمامی بەرە لەمەڕ دەست بەجێ سنوور دانان بۆ «ئاژاوە گێڕە» راپەڕیوەكان و كۆنترۆڵ كردنەوەی شارەكان لەلایەن بەرە و دەوڵەتەوە، بەرە و هاوكێشەیەكی وەهامان دەبات:

جەماوەر + هۆشیاری + خەبات و راپەڕین = ئازادی + دەستەڵاتی دیموكراتیانەی خەڵك.

حیزبە چەكدارەكان + رژێم = زەبرووزەنگ + خەساندنی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی جەماوەر!

# هەلومەرجی راپەڕینی ئازار

نـــەژاد

راپەڕینی ئازار دەکرێ لە زۆر روانگەوە بدرێتە بەر باس. بۆ نموونە گەر لە روانگەی خودی جەماوەرەوە تەماشای بکەین دەبینین جیاوازییەکی تەواو دەبێ لەگەڵ باس لێوە کردنێک کە لە روانگەی حیزبە چەپە کوردییەکانەوە بێ. چونکە دەزگای فیکری ئەو حیزبانە تەواو نامۆیە بە ئێستاو پاشەڕۆژی بزووتنەوەی جەماوەر. هەمان شیکردنەوە هەمدیس راستە گەر بەراوردێک بکرێت لە نێوانی سەرهەڵدانو بوونی ئەو رەوتانەی ئیدعای مارکسیزم دەکەن، لەگەڵ رەوتی بەرەنگاری جەماوەر کە لە خراپترین حاڵەتیشدا دژی دیکتاتۆریو ئاواتەخواز بە دیموکراتیو ئازادییە. راپەڕینی ئازار بۆ چەندەمین جار ئەوەی دووپات کردەوە کە: جەماوەر بە گشتیو زەحمەتکێشان بە تایبەتی خاوەنی دەزگای فیکری تایبەت بە خۆیان نین. لەم بێ بەدیلییە دایە کە لایەنە غەیرە جەماوەریو سازش پیشەکان دەتوانن خۆیان بکەن بە نوێنەری داسەپاوو نامۆ بە داواکاریو ئاواتە سیاسیو کۆمەلایەتیو ئابوورییەکانی زۆربەی هەرە زۆری جەماوەر.

وەنەبێ جەماوەر (ناشڵێم چینی کرێکار، چونکە راپەڕینی ئازار ناکرێ راستەوخۆ بە راپەڕینی کرێکاران ناو ببرێ) دەرکی چینایەتیان بەم راستیە نەکردبێت، یان هەوڵی پێکهێنانی ریزی سەربەخۆی خۆیان نەدابێت، لە راپەڕینداو هەتاکو ئێستاش کە درێژەی رۆژانی راپەڕینە. لە شارەکانی کوردستاندا بزووتنەوەی شوراییو شوراخوازی روو لە پێشەو رژێمو (بەرە)ش هاوشان لە هەوڵی تێکشکاندنیدان، بەلام بزووتنەوەی شورایی ئێستا ئەو هێزە سیاسی–کۆمەلاتییە نیە بتوانێ لە گۆرەپانەکەدا دەوری چارەنووس سازی ببینێ.

راپەڕینی ئازار، وەلام دانەوە بوو بە دیکتاتۆرییەتی رژێم لە پێناو دیموکراتییەتو کارو ناندا. دیارە هۆکارەکانی راپەڕین لە خودی کۆمەڵگای عێراقییەوە سەرچاوەی گرتووە، بەلام جەنگی کوێت دەورێکی چارەنووس سازی بینی لە پێشخستنی راپەڕیندا. خودی جەنگ نارەزایی جەماوەر زۆرتر دەباتە پێش، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا هاوپەیمانەکان بە چەندین ئامراز راپەڕینی جەماوەریان فەراهەم تر کرد، نەک وەکو دەستگرتنی جەماوەرو یارمەتی دانی، بەڵکو بۆ تۆقاندنی رژێمو مل پێ کەچکردنی. لەلایەکی تریشەوە بانگەوازێک بوو بۆ هەموو رژێمە وابەستەو ئەڵقەلەگوێکان کە ئێمە (ئەمریکا) دەتوانین هەرچ کاتێک بمانەوێ لە دەسەلاتتان بخەین. وەکی تر دەوڵەتانی ئیمپریالیو لەسەرووی هەموویانەوە ئەمریکا وەکو زلهێزی یەکەم، توانیان ئەگەر بۆ ماوەیەکی کورتیش بێت، خەتی دژی ئیمپریالیو دژی ئەمریکایی لە زیهنی سیاسی جەماوەری عێراقدا چەواشە بکەنو تەنانەت چەندین پۆستەریش لەمەڕ ستایش بە بوشو سوپاکەیو دەوڵەتی ئەمریکا لە شارەکانی کوردستاندا هاتنە گۆڕێ. ئەم دیاردەیە نەک لەسەر ئاستی جەماوەری، برێک لە خەڵکی رۆشنبیریش دەیان ووت: ئەمریکا ئەمجارە دەوری رزگارکەری گەلان دەبینێ. ئیتر ئێزگە کانی (بەرە)ش بەردەوام گوزارشیان لە مەڕ بەهانا هاتنی ئەمریکا بۆ کوردو شتی لەم بابەتەیان بلاو دەکردەوە. لە راستیدا هەموو ئۆپۆزیسیۆنی نەتەوەیی کۆنەپەرستی کورد، دوو سیاسەتی تەواو خیانەتکارانەی لە کوردستاندا پیادە کرد:

1) چەواشە کردنی رەوتی دژی ئیمپیریالیو بە تایبەت دژی ئەمریکایی زیهنی جەماوەر کە (8) ساڵ جەنگ بۆ جەماوەری ساغ کردبووەوە.

2) هەوڵدان بۆ ئاشتکردنەوەی جەماوەری راپەڕیو لەگەڵ رژێمدا بە مانایەکی دیکە: تێکشکاندنی سەنگەری بەرەنگاریو بەگژداچوونەوەی رژێم. تا ئێستا بە سیاسەتو بە زەبری چەک خەریکی ئەم تاوانکارییەن. ئێستا لە شارەکانی کوردستاندا، ئۆپۆزیسیۆنی کوردی پارێزگاری دەزگا سەرکوتگەرەکانی رژێم دەکەت، هەرکە جەماوەر هێرش دەکاتە سەر ئەو دەزگایانە.

تێکشکانی راپەڕینی ئازار ناکرێ وەک رووداوێکی ناوخۆیی سەرنجی بدرێ، چونکە ئەو تێکشکاندنە، گەمەیەکی، ناخۆیی — ناوچەیی — نێودەوڵەتی بوو، دەبوایە هەڵگیرسێ یان راستتر «ئیمپریالیزمو هاوپەیمانەکانی» وەک پێیان خۆش بوو هەڵگیرسێ بۆ بەتاڵ کردنەوەی جامی رقو بێزاری جەماوەر، هەروەها پێشیان خۆش بوو، تێکبشکێنرێ تا نەگاتە ئەنجام. ئێستا بەعسو هاوپەیمانە چینایەتییەکانی «بەرەی کوردستانی» چەند داخ لە دڵن بەرامبەر بە جەماوەری خاوەن چەکی بە ئەزموونی راپەڕیو، ئیمپریالیزمیش زێتر داخ لە دڵە بەرامبەر خەڵکی

شۆڕشگێڕ. ئێستا گەمە نێودەوڵەتییەکە لەگەڵ:

- مانەوەی ڕژێمی بەعسدایە لەترسی ئەوەی نەوەک بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ناخۆی عێراق سەر بکات و لە دەستی نەخشەی دانراوی ئەوان بترازێ.
- چارەسەرکردنی مەسەلەی کوردی، لە ڕێی بەشداری کردنی بەرەی کوردستانییەوە لە دەوڵەتی مەرکەزیدا.
- تێکشکاندنی هەر بزووتنەوەیەک دژی دوو ئامانجەی سەرەوە بێت.

## شورایی خوازەکان کێن؟

سەرجەم ئەو ڕەوتانەی کە بە مارکسیستی خۆیان ناو دەبەن. جگە لەوەی لە تیۆریدا مارکسیزم ڕەچاو ناکەن، هیچی تر نین. دیارە لە کردەوەدا ناتوانن کۆمۆنیست بن و نە ئەو زەمینەیەش هەیە کە ئەوان بتوانن مارکسیزم بە کردەوەدا بنوێنن. خەباتی ئەوان کە بە چینایەتی ناوی لێ دەبەن. لە ڕاستیدا کۆڕی ڕۆشنفکری و خۆ پەروەردە کردنە. ئەو گۆڕانکارییە ڕووکەشە یەک لە دوای یەکانەش کە بەسەریاندا دێت و ناوی نوێ دەدۆزنەوە و لە ژێر ئاڵای نوێدا خۆیان دەبیننەوە، ناگەڕێنەوە بۆ ئاڵو گۆڕێک کە لە هەناوی کۆمەڵدا ڕوویان دابێت و سەرەنجامی خەباتێکی ڕۆژانەی بەکردەوە بووبێتن، بەڵکو گۆڕانکاری و هەڵگەڕانێکە تەنها لە فکری خۆیاندا، بە هیوای نزیک بوونەوە لە بزووتنەوەی کرێکاری و جەماوەری بوونەوە، لە میانەی ئەم هەوڵ و تێکۆشانەدا و بەتایبەت لە سەردەمی ڕاپەڕیندا، ئەزموونگا ئاسایی دوای کۆمەڵێ تاقیکردنەوە بەشێک لە سەرجەمی ئەو ڕەوتانە ڕوویان کردە کاری گشت جەماوەری و لە میانەی ئەم هەلومەرجەدا بزووتنەوەی شورایی هاتە گۆڕێ شوراخوازەکان لەڕێی شیردنەوەیەکی سیاسی – کۆمەڵایەتییەوە بە پێویستی بوونی شورا جەماوەرییەکان نەگەیشتوون (هەرچەندە واقیعی ڕاپەڕین خۆی شورای جەماوەری هێنایە دی) بەڵکو لە ئەنجامی بێ ئاکام بوونی خەباتیانەوە و نەگەیشتنی بە گرێ کوێرەی جەماوەری بوونەوە. بە واتایەکی تر، لە ڕێیەکی هەڵەوە بە سەرەنجامێکی ڕاست گەیشتن. هەڵسوڕێنەرانی شوراکان، بەشێکی زۆریان، ئەندامانی دەستە و گروپەکان و کارکردنیشیان لە ناو شوراکاندا هەوڵدانێکە بۆ جەماوەری کردنەوەی ڕێکخراوەکانیان لەڕێی کاری شوراییەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆر کەسی سەربەخۆ هەن شورا بە موڵکو ئەنجامی خەباتی خودی جەماوەر دەزانن و لە بەرپەرەکانییەکی توند دان لە دژی ڕێکخراو پەرستی.

لە ناو بزووتنەوەی شوراییدا دەتوانرێ دوو ڕێباز بکرێن بە دوو باڵی سەرەکی دژ بە یەک لە بزووتنەوەکەدا، باڵێک کە شورا جەماوەرییەکان لە خزمەت بە ڕێکخراوی خۆیاندا دەبیننەوە، هەرچی باڵی دووەمە کە تەواو لەگەڵ بزووتنەوە جەماوەرییەکە دایە، شوراکان بە موڵکو ڕیزی سەربەخۆی جەماوەر دەزانن و ڕازی نین بە دزەی ڕەوتە جۆراوجۆرەکان بو ناو شوراکان. باڵی یەکەم لە کاتێدا دروشمی ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری (لەسەر وەزنی، ئازادی بەرابەری، حوکمەتی کارگەری ح. ک. ا) و چیتان دەوێ کرێکار؟ هەفتەی 35 سەعات کار... و بەرەو ڕێکخستنی کۆمیتە کرێکارییە شۆڕشگێڕییەکان و... و هتدیان بەرز دەکردەوە شوراجەماوەرییەکان دەیان وت: نان، کار، ئازادی... حکومەتی شورایی... و هێزی شوراکان لە ڕێکخراوی جەماوەر دایە ... هتد.

مامڵەکردن لەگەڵ دوو ڕێبازی باسکراودا بەم دوو ئاکامەمان دەگەیەنێ:

1 ـ باڵی یەکەم، لە ڕێی ناچاری نەک قەناعەت، باسی شورای جەماوەری دەکەن و لە هەڵس و کەوتی ڕۆژانەیاندا پەنا دەبەنە بەر ڕیاکاری سیاسی و خۆساغ نەکردنەوە و تەنانەت لە گەرمەی وتووێژێکدا یەکێکیان وتی: شورای جەماوەری بێ سەرپەرشتی مارکسیزمی شۆڕشگێڕ (کە مەبەستی خۆیان بوو)، ئاژاوەیە. بەڵام ئەوە سیاسەتی ئاشکرای ئەو گروپە (ڕەوتی کۆمۆنیست) نیە و تەنانەت ناشوێرن بە ڕاشکاوی هەموو شتێکی خۆیان بڵێن.

2 ـ هەرچی باڵی دووەمە، ڕاپەڕین بە ڕاپەڕینی گشت جەماوەر دەزانن و ڕازی نین لەلایەن هیچ دەستە و تاقمێکەوە بقۆزرێتەوە و لە بری ڕاپەڕینی جەماوەری ناوی ڕاپەڕینی کرێکاری لێ بنرێت. لەڕاستیشدا هەق بە ڕێبازی دووەمە. چونکە ڕاپەڕینی ئازار ڕاستەوخۆ لە مەسەلەیەکی کرێکارییەوە سەرچاوەی نەگرت، ڕوونتر ڕاپەڕینی ئاویراو ئەنجامی پێکدادانێکی ڕاستەوخۆی بەرچاوی کرێکاران نەبوو لە دژی ڕژێم.

بە هەر حاڵ بزووتنەوەی شورایی هەتاکو ئێستا نەیتوانیوە ببێتە بەدیلێک بۆ جەماوەر بە هۆی تەمەنی کورتییەوە، وەک تاقیکردنەوەیەک. پاشان ئۆپۆزسیۆنی نەتەوەیی کۆنەپەرستی کوردیش چ بە دەمچەور کردن یان تۆقاندن لە هەوڵی لێک هەڵوەشاندنەوەی شوراکاندایە و ئێستاش هەر بەردەوامە لەو سیاسەتە دژی جەماوەرییەی. بەڵام لەوە ناکا بتوانن ئەو تاقیکردنەوە کۆرپەیە زیندە بەچاڵ بکەن.

1991 8 12

# پەیامنێرتان لە سلێمانی یەوە

**ڕۆزا**

شەشی ئازارە ، سلێمانی ، بێدەنگی پاش دوو ڕووداوی گرنگە :

هەرەسی لەشکرو دەوڵەتی بەعس ، ڕاپەڕینی جەماوەری باشووری عێراق . بە چپە باس لە ڕاپەڕینی خەڵکی ڕانیەو ئازاد بوونی ئەو شارە دەکرێ . دەوڵەت تەواو شپرزەیە ، پیاوانی ڕژێم مەگەر ئەوانەی بە ئاشکرا چەکیان پێیە ببینرێن ، دەنا ئەوانی دیکە لە مۆڵگاکانیاندا خۆیان قایم کردووە . چەند ڕۆژێکە خەڵکی باشوور ڕاپەڕیون و پەیکەرە پیرۆزەکەی ڕژێمیان لە بارەگا بڵندەکەی داگرتووەو فڕێیان داوەتە سەرە نوێلکەوە ، چەند شەوێکە پیاوانی ڕژێم لە سلێمانی هەر شەوی بەسەر گەڕەکێکدا دەدەن ، گوایە بە دوای پێشمەرگە دەگەڕێن ، بەڵام ڕاستیەکەی بە مەبەستی تۆقاندنی شار وا دەکەن .

لەبەردەم بارەگای « سریەی طواری »دا ، نیشانی « ممنوع المرور » لە هەردوو سەری کۆڵانەکەدا دانراوە ، بەرمیلیشی لێ ڕیزکراوە ، ژمارەی کێشک چییەکان زیادی کردووە ، سەر خانووەکەیشیان پاسەوانی لێیە ، هەموو خۆیان بەستووە .

ئێوارەیە ، مفەوەز شەماڵ بەزۆر خەڵکی دەنێرێتەوە و بەر دەرکی سەرا چۆڵ دەکات ، داوای ناسنامە دەکات . طورای و ئاسایش بە شەقامەکاندا دەگەڕێن ، ڕەشاشیان لەسەر ئۆتۆمبیلەکانیان دابەستووە ، ماسولکەکانی خۆیان نیشان دەدەن ، هەموو گانیان لە فیشەکدا زەرد دەچێتەوە . خەڵک دڵ ، پڕ لە قین و هیوا ، دەست ، خاڵی ، لەبەر گرانی شتومەک ، دەگەڕێنەوەماڵەوە .

شەو لە شەقامی بازنەیی دەوری شار طواری بۆسە دادەنێن . ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان ، بروسکە بڵاو دەکاتەوە ، پەیتا پەیتا لە فلانەوە بۆ فیسار بە شفرە نامە دەنێرێ و باس لە زەماوەند دەکا . شەو : چاوەڕوانی و بێداری و خۆ ئامادەکردنە ، ترسی دووبارە بوونەوەی کارەساتی هەڵەبجەیە . قین و بێزاری و گیانی تۆڵە سەندنەوە لای خەڵکی سەردەکات ، جام لەمێژە پڕ بووە .

حەوتی ئازارە ، ڕۆژێکی مێژوویییە ، لە هەموو ڕۆژەکان پیرۆزترە ، نەشاری سلێمانی و نە کوردستانیش ڕۆژی لەوە پیرۆزتری بخۆیەوە نەبینیوە . لە مەخفەری خانووە قوڕەکان و مەخفەری سەرکارێز بە ئار بی جی و چەکی سووکەڵە تەقەیەوە . دنیا لە خەو ڕادەبێ ، قیامەتە هەمووان زیندوو دەبنەوە . دەوروبەری سەعات شەشی بەیانییە ، تەقە وردە وردە لەبەر دەرکی سەرا نزیک دەبێتەوە ، لافاوی خەڵکی ڕاپەڕیو دەگاتە ناوەندی شارو ڕاپەڕیوەکان هێرش دەکەنە سەر سەرا ، کە پۆلیس داکۆکی لێدەکا ، پۆلیس هەڵدێن و مفەوەز شەماڵ دوای ئەوەی بە تەنیا جێی دێڵن و فیشەکی پێ نامێنێ دەگیرێ . دەست و برد دەیکوژن و لەبەر دەرکی سەرا هەڵی دەواسن .

لە گەڕەکی زەرگەتە ، ژنان و کچان شەڕواڵیان لە پێدایەو هانی کوڕان دەدەن و کۆنترۆڵی شەقام و کۆڵان دەکەن چەکی دەستیان دارو چەقۆیە ، بلۆک دادەنێن ، تایە ئاگر دەدەن ، ئەو ئۆتۆمبیلەی دێت ، ڕای دەگرن و داوای ناسنامە لە سەرنشینەکانی دەکەن ، دەبێ بە هەرا تاکو تەرا (جاش) خۆیان بەستووەو چاوەڕوانن ، کەسێکی ئازا بە دەمانچەوە ، یەکێکی دی بە تفەنگێکی ژەنگ هاوردووەوە ، هانی کوڕی گەڕەک دەدەن و پێیان دەڵێن : بۆ سەر ماڵە موستەشارەکان ، دوامان کەون ! هێرش دەبەنە سەر ماڵی موستەشار ، هاوار دەکەن ئەگەر لەگەڵمان نایەن ، چەکەکانتان بێنن . جاش لە ترسی گیانی خۆیان تەسلیمی جەماوەر دەبن ، دڵیشیان بەو ئاشتبوونەوە گشتییە خۆشە کە بەرەی کوردستانی بەڵێنی داوە .

چەک دەکەوێتە دەست جەماوەرو ڕوو لە دۆشکای سەر خانووە بەرزەکان دەکەن ، ئەو دۆشکایانە دژی هاوپەیمانەکان دانرابوون و تەقە لە لوولەیانەوە نەهات . دۆشکەکان دا دەگیرێن و دەخرێنە پشتی لۆری و پیکابەوە .

ئەمڕۆ حامیەش گیرا . با بچین حامیە بگرین . ئەمە جاران لە قسەی شێت دەچوو، بەڵام کە جەماوەر بە شێوەیەکی خۆڕسکو دوور لە کەڵەگایەتی حیزب راپەڕی، هیچ شتێک ئەستەمو گران نییە و هەموو شتێ دەکرێ. ئەو لاوانەی گوتیان: حامیە بگرین، دوای شەش سەعات گرتیانو بە لوری چەکیان لێ دەرهێنا .

گوللە دەبارێ، هەرگیز بارانی گوللە وا بەخوڕ نەباریوە، بەڵام کەس خۆی ناشارێتەوە، ئەمڕۆ مایەی شەرمە لە ماڵەوە بیتو پۆشاکی خەوت لەبەردا بێ. کەس بە کوڕو برای خۆی نالێ : مەچۆ دەرێ، یا ئاگاداری خۆت بە .

هێشتا سەعات هەشتی بەیانی نەبووە، دەست بەسەر « معسكر سلام »دا گیراوە، راپەڕیوەکان بە چەکەوە گەیشتنە شار . سەربازەکانی معسکر تانجەرۆیش چەک کراونو بەرەو شار هێنران .

لە زەرگەتەوە، سەدان خەڵکی راپەڕیوی چەکدارو بێ چەک بە گردی « رعايه الشباب »دا بە « مقاومه الطائرات »ی تازەکی گیراوەوە بەرەو بارەگای « انفال »ی بەعس سەر دەکەون، تا بیگرن. ژمارەیەکی زۆر لە « ڕەفیق »ەکان لەوێن، لەسەر گردەکە یەکەم شەهیدی ئەو ناوچەیە « ئەریوان دەوڵەت »ی هونەرمەند بوو کە لە « ژالە »دا رۆڵی جووتیارێکی ئازای دەبینی. ئەریوان بە گوللەی دۆشکای سەر ماڵی پارێزگار پێکرا، کوڕانی گەڕەک هێنایان خوارەوە. کوڕانی گەڕەک هیچیان نە دوکتۆر بوونو نە دەیشیان زانی چی لێ بکەن لە هەموو لایەکیشەوە گوللە دەبارێ، بۆ کوێی ببەن؟ دوای چەند دەقیقەیەک مەلی گیانی بۆ عەرشی سەروەری هەڵفڕی .

هەر ئەو رۆژە تەرمەکەیان لە حەوشەی مزگەوتی شێخ فەریددا ناشت، گوللەباران بوو، رێگەی گردی شەهیدا نەبوو .

لەو دیو گردەکەی « رعايه الشباب » دوو کۆپتەری دەوڵەت پەیدا بوون، چەند رێزێکیان لە جەماوەرکە کرد، خەڵکەکە ئاسمانی لێکردن بە ئاگر، ئەو هەڵاتنەی هەڵاتن ئیدی پەیدا نەبوونەوە، بەڵام لە رێی تانجەرۆ ـ سلێمانی گەلێ سەربازی چەککراویان کوشت کە بە پێ بەرەو شار دەهاتن .

ئەنفالیش دوای بەرگرییەکی کەم خۆی دا بەدەستەوە، عادلی شەباب کوژراو بە دوای ماشێندا بە کۆڵانەکاندا رایانکێشا . دەیان ئوتومبێلی « کرۆلا » کە تازەکی ڕەفیقەکان وەریان گرتبوون لە بارەگای ئەنفالدا سووتێنرا ن .

ئێستا هێرش لەسەر بارەگای « حطين »ی سەر شەقامی رزگاریی بەرامبەر مزگەوتی حاجی حەسەنی لۆکە یە، زۆری نەبرد ئەویش سەری شۆڕکردو خۆی بەدەستەوە دا . ئەمنی شارو ئیستخبارات گیرانو ئاگریان تێ بەردرا .

هەر « جیداریە »ی سەرۆکی فەرماندەیە ! هەرەس دێنێ، هەر وێنەی دیکتاتۆرە دەسووتێنرێ. طواری کە دوێنێ خۆیان دەنواند، ئەمڕۆ خۆیان دەدا بە دەستەوەو خۆیان دەشاردەوە .

لەلایەکەوە خەڵکی راپەڕیو سنگ دەباتە پێشەوەو هێرش دەباتو یەک لە دوای یەک سەنگەرەکانی رژێم تێک دەدات، لەلایەکی دیکەوە شرمخۆرو گەندەخۆر تاڵانی دەکەن. دەزگایەکی دەوڵەت نەما تاڵان نەکرێ، کارگەی جگەرە تاڵان کرا، دواتر چیمەنتۆی ئاسلووجەیش. گەندەخۆر نە یەکن نە سەد نە هەزار لەژمارە نایەن. تایەی ئوتومبێل دەردێنن. ئەمباری برنجو ئاردو رۆنو شیری وشک تاڵان دەکەن، نەخۆشخانە دەگوێزنەوە، تەنانەت کتێبخانەکانیش تاڵانکرانو سوتێنران . ژنێکی شەرواڵ لەپێ تاکێ قەنەفەی دەمەونخوون خستۆتەوە سەر سەری. پیاوێک بە پشتوێنەکەی یەخچاڵێکی بچووک رادەکێشێ، هەرزەکارێک قەرەوێڵەیەکی نەخۆشخانەی ( ئەوانەی پێچکەیان هەیە ) لە کەلو پەلی ئۆرزدی بارکردووەو رای دەکێشێ. خەڵکی گەڕەکە میللییەکان پشتی ترەکتۆر دەنێن بە دەزگایەکی دەوڵەتەوە بۆ ماڵەوەی دەگوێزنەوە .

دەمەو نیوەرۆیە ئوتومبێلێک جاڕ دەدات : « ئاوی بەلوعە مەخۆنەوە ژاریان تێکردووە »

لە قوتابخانەی ئاوات بەرامبەر مزگەوتی عەلی کەمال، جەماوەری خەڵک شوورایان پێکهێناوە و ژمارەیەکی زۆر دیلیان لایە ، ئەو دیلانە پیاوی ناسراوی رژێمن، خەڵکی داخ لە دڵ بێ دادگا کردن، بێ ئەوەی زانیاریان لێ وەربگیرێ، بە چەند هەناسەیەک دەیان کوژن. ئەی چۆن نەیانکوژن! کەم لەوانە لە دە کەس کەمتری بە دەستی خۆی کوشتووە . کەمال پشدەری دوای ئەوەی دەیکوژن بە مشار سەری دەبڕنو لاشەکەیو سەری لە پاڵیدا لەگەڵ لاشەی چەند ئەمنێکی دیکەدا لەبەر دەرکی سەرا فڕێ دەدرێن .

لە بەیانییەوە لای کەم لە دەقیقەیەکدا دوو ئار بی جی دەتەقێ، بەڵام گوللە وەستانی نییە . ئێوارەیە تەقە بۆ سەر

مالی پاریزگار گەرمە ، هێشتا پیاوەکانی بەرگری دەکەن . خەلکی دەچنە سەر « عەینە »ی بەکرەجۆ کە لەوێوە چەکو پۆشاک بە هەموو سوپای سلێمانی دەدرا ، دەڵێن شەست هەزار کلاشینکۆفی تێدا گیراوە ، جگە لە دەمانچەو جلوبەرگ .

سەعات شەش تا هەشتی ئێوارە تەقە وەستا ، پاشان بە گەرمی لە دەوری ئەمنە سوورەکە ( ئەمنی عەقاری ) تەقە دەستی پێکردەوە . لەوێ ژمارەیەکی زور لە پیاوانی رژێم خۆیان قایم کردبوو، داکۆکییان دەکرد . وردە وردە لێشاوی جەماوەر ئابلووقەی دوا قەلای رژێمی دەدا ، پیاوانی رژێم ئەوانەی لە بنکەکانی دیکە رزگاریان ببوو خۆیان گەیاند بووە ئەمنە سوورەکە . ئەمە دوا سەنگەری رژێم بوو، ئەو ئەمنەی بەرگری ئەکردایە لە دواوە خۆیان دەکوشت . بوو بە شەو، شەویش کۆتایی هات، هێشتا نە ئەمنە سوورەکە گیرا بوو، نە پێشمەرگە لە شاردا بینرا بوو.

هەشتی ئازارە ، لە کۆلانەکانی عەقاریدا ، لاشەی ئەمن کەوتووە ، سەریان پان کراوەتەوە ، ئێستا نزیکەی پێنج هەزار کەس ئابلووقەی ئەمنەکەی داوە ، جاروبار یەکێ، دووان دەست هەلدەبڕنو دێنە دەرەوە ، یەکسەر خەلکەکە دەیان کوژن .

ـ بۆ دەیکوژن با زانیاریی لێ وەرگرین .

ـ دیاری داکۆکی لێدەکەی؟ دەتەوێ لەگەلی ڕێکەوی؟

ـ با من ئەمە بکوژم چواربرام کوژراوە .

ـ بیدەن بە من پێنج ساڵە باوکم دیار نیە .

بواری گفتوگۆ نییە ، هێندەت زانی ئەمنێک برایە پەنایەکەوەو بە کلکەبێل، دەمەخاکەناز ، قەمە ، کوشتیان . هەرچی لەسەر سیاسەت گیرابێ، لێرەیە ، دزو پیاوکوژ لە بەندیخانەی سەرەوە بوون، پۆلیس بێ بەرگری دەرگای بۆ کردنەوە .

ئەمنەسوورەکە بەرگری دەکات ... گوللەی ئەمن خەلکی ڕاپەڕیو، دەپێکێ، بریندااریان دەکا، دەیانگلێنێ . گوللەی ئەمن خۆی بە مالاندا دەکات، پەنجەرە بە ساغی نەماوە ، بستێکی ئەمن نەماوە ئار بێ جیەکی پێوە نەبێ . دووکەلی لێ هەلدەستێ بەلام هەر خۆی بەدەستەوە نادا .

سەد کەس زیتر زیندانی سیاسینو کەسو کاریان لە مەراقی ئەوەدان وەک بارمتە بەکاریان بهێنن، یان بیانکوژن، ئەو زیندانییە سیاسییانە بە زۆری سەر بە ڕەوتی کۆمۆنیستن .

دەمەو ئێوارە یەک دوو سەعات تەقە رادەگیرێو دیسان تا بەیانی دەست پێدەکاتەوە .

نۆی ئازارە سەعات دووی پاش نیوەڕۆ، زیندانییەکان لاوازو ریش هاتوو رزگار دەبن، بەلام هێشتا بەشێکی ئەمنەکە تەقە دەکات. چوار پێنج عەرەب کە لەسەر قاچاخچییتی پارە گیرا بوون ئازاد کران، ژنو مندالی ئەمنەکان کە پەنایان بۆ ئەوێ بردبوو، هاتنە دەرەوە .

سەعاتی هەشتی ئێوارە بە تەواوی ئەمن گیراو دوا کەسیان کوژرا . نزیکەی دوو سەد کەسی کوژراو لەم ئەمنەدا هەبوو، لەناویاندا ئەفسەرەکان، بەڕێوەبەری ئاسایشو کاکلی پاریزگاریش دەشێ لەناو سووتاوەکاندا بووبێتن. لە رۆژی سێیەمدا پێشمەرگە رۆلێکی بەرچاوی هەبوو، سلێمانی رزگاری بوو ■

## لێکدانەوەی هەندێ وشە

سریەی طواری : دڕترین سەربازی رژێم لە شاردا .

ممنوع المرور : هاتوچۆ قەدەغە کردن .

مفوض : جێگری ئەفسەر لە پۆلیسدا .

مەخفەر : بنکەی پۆلیس لە گەرەکێکدا .

ئەمن : جاسووس، سیخوڕ، خەفیە

بلۆک : خشتێکی گەورەیە لە چیمەنۆ دەکرێ.

موستەشار : راوێژکار، بەرپرسی جاش .

حامیە : سەربازگای ناو شار .

رعایە الشباب : چاودێری کردنی لاوان

مقاومە الطائرات : فرۆکە شکێن.

رەفیق : پلەو پایەیەکی حیزبییە لەناو بەعسدا .

جداریە : وێنەی سەددام بە گەورەیی لە شوێنە گرنگەکانی ناو شاردا

ئۆرزدی : بازارێکی دەولەتییە .

عەینە : مدیریە العینە : شوێنی چەکو کەلو پەلی سەربازی

ئەمنە سوورەکە : ئەمنی عەقاری : ئاسایش، دەزگای جاسووسیتیو کوشتو بڕو ئازاردان .

## چاوپێکەوتن :

# لەگەڵ سەرۆکی کۆمەڵەی کوردی ڕۆناهی لە گورجستان

ئامادەکردن:
**مەهاباد کوردی**
و
**باقیێ بارزان**

● لە سەرەتاوە بە ناوی گۆڤاری خەرمانەوە بەخێرهاتنتان لێ دەکەین .

منیش زۆر سوپاسی گۆڤاری خەرمانە دەکەم و هیوادارم سەرکەوتوو بن لە کاروبارەکانتانا لە پێناوی خزمەتکردنی گەلی کورد دا

● پێش هەر شتێک زۆر پێ خۆشحاڵ دەبین گەر خۆتان بە خوێنەرانی خەرمانە بناسێنن؟

من « یورایێ شامل ئەبییێڤ »م ، لە بەرواری 26 10 1953 لە پایەتەختی گورجستان « تەبلیس » هاتوومەتە جیهانەوە . بابەتی فیزیکم لە زانکۆی تبلیس تەواو کردووە ، خاوەن ژن و ماڵ و دوو زارۆکم هەنە . پێش ساڵ و نیوێک بە سەرۆکی کۆمەڵەی ڕۆناهی هەڵبژێردرام .

● بۆچ هاتووی بۆ ئەڵمانیا ؟

داوەت کرا بووم بۆ کۆنگرەی دووەمی یەکێتیا ڕەوشەنبیرێن وەڵاتپارێزێن کوردستان — YRWK

● دەتوانی کەمێک لەسەر کۆمەڵەی ڕۆناهی بدوێی؟

ڕۆناهی ساڵ و نیوێکە دامەزراوە لە پێناوی پاراستن و بایەخدان بە فەرهەنگ و داب و نەریتی کوردان و پتەوکردنی پەیوەندی نێوان کوردەکان گورجستان بە تایبەتی و کوردەکانی سۆڤیەت بە گشتی . هەروەها دروستکردنی پەیوەندی لە نێوان ئێمە و کوردەکانی ئەوروپا و کوردستان . ژمارەی کوردەکانی گورجستان چەند دەبێت؟

لە گورجستان 40 هەزار کورد هەیە و 99٪ لە تبلیس نیشتەجێ بوونە .

● باری کۆمەلایەتی کوردی گورجستان چۆنە و تێکەڵیان چییە لەگەڵ کوردی شوێنەکانی تردا ؟

کوردەکانی گورجستان زۆربەی زۆریان یەکتر دەناسن ، هۆی یەکەمیش دەگەڕێتەوە بو نیشتەجێ بوونیان لە تەنیا شارێکدا . هەموویان وەک برا و پسمام لەگەڵ یەکتردا دەژین و بەشداری شین و شایی یەکترن . ئەوەی ڕاستی بێ مەسەلەی ژنهێنان و ژنخواستن کاریگەرییەکی زۆری هەیە لەسەر کاری پتەوکردنی پەیوەندییە کۆمەلاتییەکانی ئێمە لەگەڵ برا کوردەکانمان لە ناوچەی جیاجیاکانی تردا . بێ گومان گەلێک داب و نەریتی کۆنی کوردەواری هێشتا هەر ماون لە نێو کوردەکانی سۆڤیەتدا .

● دەربارەی کاری کولتووری و چاندی تایبەت بە کوردەکانی گورجستان چ بەرهەمێکتان ئەنجام داوە ؟

بێ گومان فۆلکلۆر بەشێکی هەرە گرنگی فەرهەنگی ئێمە دەگرێتەوە . گۆرانی و سترانە فۆلکلۆرییەکان تا ئێستاش هەر ماون و زۆربەشیان بە شێوەی زارەکین و لەسەر زاری ڕۆڵەکانی گەلن . بە کورتی دەتوانین بێژین ئەدەبی میللی زۆرباوە لە نێو کوردەکانی گورجستان و گشت سۆڤیەتدا . لەم دواییەدا زۆر کۆرسی شانۆ لە تبلیس سازکراوە و گەلێ شانۆگەری جۆربەجۆر پێشکەش کراوە بۆ نموونە شانۆگەری مەم و زین و چەندی تریش . چەندەها کۆم و تیپی فۆلکلۆری دامەزراوە و گەشتیان کردووە بۆ یەریڤان و کازاخستان و هەتا ئەوروپاش بە مەبەستی پێشاندانی کار و بەرهەمە هونەرییەکانیان . بێجگە لەمانە زۆر نووسەر و شاعیری گەورە گەورە هەڵکەوتوون لە ناو کوردەکانی سۆڤیەتدا . بۆ نموونە : عەزیزێ ئیسکۆ (شاعیر) ، تاهیرێ برۆ (شاعیر) ، جەرلۆیێ ئەسەد (نووسەر و فلکلۆریست) هەروەها شاعیرێکی مەزن هەبوو بە ناوی شکۆ حەسەن کە لە تەمەنی 42 ساڵیدا لەبەر خەم و خەفەتی ڕۆژگار خۆی کوشت و خاوەن چوار بەرهەمە ، پارچە شیعرێکی ئەوم کەوتەوە بیر :

ژ من پرسن
چ حەز دکی ل وێ دنیایێ کاڤ نازکی
من گۆ زارێ مەیێ کوردی
کو ملەتێ پەرتی پەرتی
دجڤینە و دکە یەک
چ قاس نییە قەزیە و شەر
چ قاس نییە تاری تاریستان
ئەوە شەمسێ کورد و کوردستان

● نیازتان هەیە لە دوا ڕۆژدا گۆڤارێک یاخود ڕۆژنامەیەک دەربکەن؟

کەرەسە و مەتریال بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە گەلێک زۆرە و نیازیشمان وایە لە گورجستان ڕۆژنامەیەکی کوردی بە تیپی لاتینی دەربکەین و بیری ئەوەشمان کردۆتەوە کە ناوی ڕۆژنامەکەش هەر ڕۆناهی بێ . لێرەدا تەنیا کۆسپێک کە دێتە پێشمانەوە بێ توانیی یاخود بە مانایەکی تر یارمەتی نەدانی دەوڵەتی سۆڤیەتییە بۆ ئەم کارە ، هەروەک خۆتان ئاگادارن دەوڵەت لەم بوارەدا نە تەنیا بۆ کورد و بەڵکو بۆ میللەتانی تریش

کەمتەرخەمی کردووە.

**● کوردی گورجستان لە ماڵەوە بە چ زمانێک دەپەیڤن؟**

هەڵبەتە ئێمە زۆر ڕێز لە کلتورو زمانی خۆمان دەگرین، ئەم شتە لەم دواییەشدا بەهێزتر بووە. پێشتر زارۆکی کوردان بە زۆری دەنێردران بۆ قوتابخانەی رووسی‌و زمانی رووسی فێردەکران. ئەم کارە زۆر کاری تێدەکردن. ئێستا بارودۆخ کەمێ گۆڕاوەو لە گورجستان 6 قوتابخانە هەن کە زمانی کوردییان تێدا دەخوێنرێ. بەڵام گیروگرفتی ئەلفوبێی کوردیش لە گۆڕێ دایە. وەک دەزانن ئێمە بە کرێلی دەنووسین ئێستاش هەوڵی ئەوە دەدەین کە بە لاتینی ئەم کارە بکەین. بە باوەڕی من ئەم شتە زۆر ئاسانە. زۆربەی زۆری کورد لە گورجستان بە زمانی کوردی لەگەڵ یەکتردا دەئاخڤن‌و لە ماڵەوەش هەر بە کوردی دەدوێن.

**● لەسەر کوردی سۆڤیەت بە گشتی دەتوانی چ بڵێی؟**

وەک ئاگادارن لە سۆڤیەتدا کوردەکان نە تەنیا لە شوێنێکی دیاریکراو دەژین، بەڵکو لە گەلێ کۆمار نیشتەجێن: ئەرمەنستان، گورجستان، ئازەربایجان، کازاخستان، تورکمانستان، ... هتد. بارودۆخی گوزەرانی کوردەکان لە جێگایەکەوە بو جێگایەکی تر جیاوازی هەیە. بو نموونە لە قەرغیزیا کە ئوزبەگی‌و قەرغیزییەکان لە یەکیان خست کورد زۆر زیانی لێ کەوت. دەبێ ئەوەش دەستنیشان بکەین کە لە بیست‌و سییەکانیشدا زۆر شتی چاکیش ئەنجام دران. «کوردستانی سوور» دامەزرابوو، بەڵام لە دواییدا و بە تایبەتی لە ساڵانی 1937 ـ 1944 زۆر کارەساتیش ڕووی دا (گوێزانەوەو کۆچ کردن)و لە ئاکامدا گەلێ مرۆڤی کورد لە برسان‌و لە سەرماندا ژیانیان لە دەست دا. بەپێی سەرژمێری رەسمی ساڵی 1989 کوردەکانی سۆڤیەت ژمارەیان 153 هەزار کەس دەبێت‌و بێ گومان ئەم ژمارەیەش ڕاست‌و تەواو نیە. بۆ سەلماندنی ئەم قسەیەم دەتوانم نموونەیەک بێنمەوە: خێزانێکی کورد لە کازاخستان دەناسم کە پێنج برانەو هەریەکەیان سەر بە میللەتێک ناو نووس کراون، یەک کازاخ، یەک ئوزبێکور، ... ! خۆ باسی کوردەکانی ئازەربایجان هەر ناکەیت، چونکە دەوڵەتی رەگەزپەرستی ئازەربایجان هەردەم دژی کوردو کوردستان بووەو هەر چیەکی لە دەست هاتبێ ئەنجامی داوە دژی کوردەکانی ئەوێ. ئیمڕۆ کوردەکانی سۆڤیەت هوشیار بوونەتەوەو بەرەو یەکگرتن هەنگاو دەنێن. هەروەها دەستیان کردووە بە دامەزراندنی زۆر کۆڕو کۆمەڵەی رۆشنبیری‌و سوورن لە سەر داواکردنی مافە ڕەواکانیان. هەر بۆ نموونە لە ئەرمەنستان دوو کۆمەڵە هەیە:

1 ـ کۆمەڵەی ڕۆ

2 ـ کۆمەڵەیەکی تایبەت بە یەزیدییەکان.

لە ئازەربیجان کۆمەڵەی یەکبوو. لە کازاخستان‌و قیرغیزیاش کۆمەڵە هەن. لە مۆسکۆ سێ کۆمەڵە هەن، یەکێکیان بە ناوی کۆمەڵەی «یەکبوون» کە سەرۆکەکەی «محەمەدی سلۆیە»یە. بە بڕوای من ئەو گواستنەوەو نوێکارییەی کە لە سۆڤیەتدا هاتۆتە ئاراوە کار دەکاتە سەر مەسەلەی کوردیش.

**● ببورن ئەم گۆڕانکارییە نوێیانە بە چ شێوەیەک کاریگەری خۆیان لەسەر مەسەلەی کورد دەبێت؟**

لە سۆڤیەت بیری ناسیۆنالیزم زۆر بە هێزو بەخێرایی بڵاودەبێتەوە لە نێو گەلاندا، بە تایبەتیش لە نێو ئەو گەلانەی کە مافەکانیان لە کاتی خۆیدا پێشێل کراون. ئێمە لە سەرەتادا زۆر لەم پرۆسێسە نەدەگەیشتین. پاشان کەوتینە بیرکردنەوە وەک هەر کەمە نەتەوەیەک‌و گەلێکی تری ناو یەکێتیی سۆڤیەت. هەستمان بەوە کرد کە پێویستە داوای مافە لەدەستچووەکانی خۆمان بکەین. وەک دەبینین ئیمڕۆ لە سەرانسەری سۆڤیەتدا گیروگرفت بڵاوبوونەتەوە. هەڵبەتە گەلێ فاکتۆر ڕۆڵ دەبینن لەم مەسەلەیەدا، بێ شک کوردی سۆڤیەتیش وەک هەر میللەتێکی تر هەقی ئەوەی هەیە داوای هەبوون‌و مافەکانی خۆی بکات. هەتا ڕادەیەکیش لە پێناوی ئەم مەسەلەیەدا هەنگاومان ناوە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە هەموو شتێکمان ئەنجام داوە. مەسەلەی هەرە گرنگ ئەوەیە کە کورد سوکڕ بێت لەسەر مافەکانی خۆی‌و هەمیشە بوونی خۆی بسەلمێنێت.

**● خەباتی سیاسی پارچە جیاجیاکانی کوردستان چ کاریگەرییەکان دەبێت لەسەر کوردەکانی سۆڤیەتدا؟**

پێش هەر شتێک ئێمە خۆمان بە پارچەیەکی بچووکی میللەتی گەورەی خۆمان دەژمێرین. گیروگرفتی هەر پارچەیەکی کوردستتان بریتیە لە گیروگرفتی ئێمە. ئەوەی ڕاستی بێ هۆیەکانی ڕاگەیاندنی سۆڤیەت زۆر بە کەمی، بەڵکو بە هەڵەیش زانیاری‌وو دەنگوباس لەسەر کورد بڵاودەکەنەوە. ئێمە لە ڕێگەی تەلەفزیۆنەوە کەمێ ئاگاداری ئەم کارەساتە جەرگبڕانەی کوردستانی ژێر دەسەڵاتی عێراق بووین. بەڕاستی کوردی سۆڤیەت گەلێک داخدارو خەمگین بوون بەم ڕووداوانەو چەندەها نامەو بروسکەی ناڕەزاییان بۆ زۆر لە ڕێکخراوە جیاجیاکانی جیهانی ناردو ئەم کردەوە نامرۆڤایەتییەیان پرۆتێست کرد. بۆ نموونە نزیکەی دوو هەزار کورد لە تبلیس خۆ پیشاندانێکیان دژی کارە دڕەندەکانی ڕژێمی عێراق بەرپا کردو ناڕەزایی خۆمان دەربڕی. هەروەها ئێمە پارەو دەرمانمان کۆکردەوەو ناردمان بۆ ئاوارەکان لە کوردستانی ژێردەسەلاتی ئێراندا. شتێکی بەڵگە نەویستیشە کە خەباتی پارچەکانی تری کوردستان بە هەر شێوەیەک بێ کاریگەری خۆیان دەبێت لەسەر کوردی سۆڤیەتدا. ئیمڕۆ دەنگی کوردی سۆڤیەت زیاتر بڵند دەبێتەوە لە جاران‌و ئەوەی لە دەستیشمان بێ ئەنجامی دەدەین بە مەبەستی هاوکاری کردن لەگەڵ میللەتەکەماندا لە نێوخۆی کوردستان. هەروەک ووتمان هۆیەکانی ڕاگەیاندن زۆر جار بە ئەنقەست شتی خراپیان لەسەر کورد بڵاوکردۆتەوە. هەر بۆ نموونە دەربارەی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لە کوردستانی باشووردا بە هەڵە هەواڵیان بڵاوکردبۆوە. خۆتان ئاگادارن کە عێراق‌و سۆڤیەت هەمیشە دوستی یەکتر بوونە. کوردەکانی سۆڤیەت دەتوانن دوو کاری گرنگ ئەنجام بدەن.

یەکەم ناساندنی گەلی کوردو خەباتە ڕەواکەی بە گشت گەلانی سۆڤیەت‌و تێگەیاندنیان دەربارەی کێشەو گرفتەکانی

میللەتەکەمان.

دووەم پاراستن‌و بڵاوکردنەوەو بایەخ پێدان بە فەرهەنگ‌و کەلەپووری دەوڵەمەندیی گەلەکەمان‌و ئەنجامدانی زۆر کارو کردەوەی تر لەم بوارەدا. ئاواتەخوازم کە ڕۆژێک بێ چەکیش بگرینە دەست لە پێناوی یارمەتیدانی بر کوردەکانمان لە پارچەکانی تری کوردستاندا.

● بیستمان رادیۆی کوردی هەیە لە گورجستان؟

لە ڕاستی‌دا ئێمە رادیۆی کوردیمان نیە، بەڵکو لە حەفتەی تەنیا 15 دەقیقەمان هەیە. لە کاتژمێری 6 تا 6.5ی ئێوارە ڕۆژی یەک شەممە، لەسەر شەپۆلی ناوەندیی. ئەم 15 دەقیقەیەش بریتی دەبێت لە هەواڵ‌و گۆرانی‌و مۆسیقا تەنیا بۆ کوردەکانی گورجستان (ناوخۆیی). ئەم کارە بەر لە 12 ساڵ تا ئێستا بەردەوامە.

● چ دەزانن دەربارەی رادیۆی کوردی لە یەریڤان؟ ڕۆژنامەی ڕێیا تازە دەخوێننەوە یان نا؟

بەشی کوردی لە رادیۆی یەریڤان لەناو کوردا زۆر ناسراوەو ئێمەش زۆرجار ووتارو نووسراو بۆ ڕۆژنامەو رادیۆش رەوانەدەکەین. هەموو کەس باسی ئەم رادیۆیە دەکات. تەنانەت گەر کوردیش بیەوێ رادیۆ بکڕێت، پێش هەر شتێک بیری ئەوە دەکاتەوە ئاخۆ رادیۆکە ئێزگەی یەریڤان وەردەگرێت یان نا! ڕۆژنامەی ریا تازە ڕۆژنامەیەکە ڕۆڵی خۆی هەبووەو هەیە لە خزمەتکردنی کوردی سۆڤیەت‌داو هەوڵیش دەدرێ کە لە داهاتوودا بە پیتی لاتینی بڵاوبکرێتەوە.

● دەتوانی کەمێک باسی «ئێزیدیاتی»مان بۆ بکەی؟

ڕاستە کوردەکانی ئەرمەنستان‌و گورجستان زۆربەیان لەسەر ئایینی یەزیدین، وەک ئاشکرایە ئەم دوو کۆمارەش کریستیانن. ئێمە لەم دوو شوێنەدا زۆر بەخۆشی ژیان بەسەر دەبەین. بە داخەوە لە ئەرمەنستان شتێکی خراپ ڕووی دا، چەند هەزار کوردێکی مسوڵمان لە کاتی کێشەی ناگۆرنە کەرەباخ کۆچ پێ کران. لە ئەرمەنستان یەزیدی هەوڵی ئەوە دەدات خۆی وەک میللەتێکی سەربەخۆ بژمێرێت، هەڵبەتە ئەم کارە لە زەرەری کورد دەبێت. دەزانین کوردی یەزیدی زۆر ڕۆڵیان بینیوە لە مێژووی گەلەکەمان‌دا، بەڵام دیسان ئەم شتە هەر بە قازانجی ئێمە نابێت. کورد گەر مسوڵمان بێت یان یەزیدی هەر کوردە. ئێمەی ڕۆشنبیرانی کوردی سۆڤیەت زۆر بەم کارە دڵتەنگ دەبین. یەزیدی کوردی هەرە ڕەسەن‌ن‌و زمان‌و مێژوو‌و داب‌و نەریتیان شایەدی ئەم ووتەیەن. ئێمە هەرگیز نامانەوێت گیروگرفتی ئایینی لە نێوان کوردی مسوڵمان‌و یەزیدی بێتە ئاراوە، بەداخەوە ئەم شتە دروست بووەو هیواداریـن ئەمێنێت سیاسەت زۆر جار دەستی دەبێت لە ئانەوەی ئاکۆکی‌و لەیەکدابڕینی میللەتێکدا، بەڵام ئێمە میللەتێکین بەر لە هەر شتێک.

● کلتوری کوردی لە ئەورووپا چۆ دەبینن؟

وەک دەزانن کورد لە گەلێ وڵاتانی ئەورووپا بڵاوبوونەتەوە. ئەم کارە دوو لایەنی هەیە. لایەنی یەکەم: دەتوانن مەسەلە و دۆزی کوردان بە میللەتان بناسێنن. لایەنی دووەم: پاراستنی فەرهەنگ‌و کولتوری کوردی‌و پەرەپێدانی. کورد میللەتی سێیەمە کە دوای جوو‌و ئەرمەنی بڵاوبوونەتەوە لە جیهاندا. لە ئەورووپا زۆر شت ئەنجام دەدرێت. ئەم کوردە ئاوارانە دەتوانن ڕۆڵێکی چاک بگێڕن لە ئێستاو پاشەڕۆژی میللەتەکەماندا. ووتەیەکی ڕووسیش هەیە دەڵێت: قنجی‌و ڕێک‌و پێکی بێ خراپی نابێت.

● چ پەیامێکت هەیە بۆ کوردی ئەورووپا؟

کوردی سۆڤیەت‌و ئەورووپا پێکەوە دەژمێرم، چونکە بواری ئەوەمان هەیە کە پێکەوە زیاتر پەیوەندی لەگەڵ یەکتردا دروست بکەین‌و هاوکاری یەکتر بکەین. هیوادارم دوای چەند ساڵ هەرکەس بگەڕێتەوە سەرماڵ‌و خاکی خۆی لە کوردستانێکی ئازادو سەربەخۆدا. من زۆر شادومان بووم بەم هاتنەم بۆ ئەورووپاو گەلێ لە دڵسۆزانی کوردم ناسی.

● بەناوی گۆڤاری خەرمانەوە دووبارە زۆر سوپاستان دەکەین‌و سڵاوی خۆمان دەنێرین بۆ برا کوردەکانمان لە سۆڤیەت.

منیش دووبارە سوپاسی ئێوە دەکەم و ئاواتەخوازم هەر بژین بۆ ڕاژەی گەلی کوردی ستەمدیدە.

بۆن/ ئەڵمانیا
1991 6 23

# بەرهـــەمی نـــوێ

ئەنیا
ئەو بەرهەمانە بەسەر دەکەینەوە
کە بە دیاری دەگەنە خەرمانە .

**<< لێرکای شاعیری گەورەی کورد مەولەوی >>**
لێکۆڵینەوەیەکە سەبارەت شیعری مەولەوی.
ئەنوەر قادر محەمەد، ستۆکهۆڵم 1990، 289 لاپەڕە .

**<< رابـــوون >>**
گۆڤارێکی گشتی کولتوورییە ، ژمارە یەک بەهاری 1991 . شاعیری ناسراو رەفیق سابیر سەرنووسەریتی، د. کەمال میراودەلیو برایان ماشم کۆچانیو کاروان عەبدوڵلا، دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکەنو بەرپرسیاری هونەرییەکەشی کاک دیلان دەرسیمە .

**<< میری شەپقە لەسەر >>**
شانۆنامەیەکی منداڵانە
نینە ئۆلسۆن نووسیویتیو
هونەرمەندی ناسراو
کاک فازیل جاف لە سوێدییەوە کردوویە بە کوردی. ستۆکهۆڵم 1991 .
66 لاپەڕەیە .

**<< بۆنی هەوری وڵاتەکەم Doften av mitt lands moln >>**
هەڵبژاردەیەکە لە شیعری هاوچەرخی کوردی
تەرجوومەی زمانی سوێدی کراوە ،
بە پلەی یەکەم کاک فەرهاد شاکەلی رای پەڕاندووە . ستۆکهۆڵم 1991 .
99 لاپەڕەیە .

**<< درامدی بر شعر معاصر کردی >>**
هەڵبژاردەیەکە لە شیعری هاوچەرخی کوردی
رێبوار سیوەیلی تەرجومەی زمانی فارسی کردووە . دانمارک 1990 .
140 لاپەڕەیە .

**<< بیرەوەری رۆژانی ژیانم >>**
ئەحمەد دڵزار، بەشی یەکەمو دووەم.
چاپخانەی سارا ستۆکهۆڵم 1991
188 لاپەڕەیە .

**<< گەشتێک بۆ باکووری کوردستان >>**
مەهاباد کوردی زستانی 1991 سوێد . لە بڵاوکراوەکانی رۆژنامەی بەرخۆدان 2 . 138 لاپەڕەیە .

**<< چیاو کۆچ و چەمەر >>**
شیعر
جەعفەری شێخولئیسلامی (ئاشتی) 106 لاپەڕەیە . ساڵی 1991 .

**<< دیـــلان >>**
شیعر
هێدی. 77 لاپەڕەیە لە ئەڵمانیا لە چاپدراوە

**<< ژاڕک >>**
شیعر
پشکۆ. 86 لاپەڕە ، سوێد چاپخانەی هەڵەبجە .

**<< پەریـــخان >>**
چیرۆک
پشتیوان 72 لاپەڕە ، سوێد چاپخانەی هەڵەبجە .

**<< چەمکی میتۆلۆژیاو جیهانبینیی مەلاخدری نالی >>**
رێبوار سیوەیلی ، 82 لاپەڕە دانمارک 1991 .

**<< زیـــراب >>**
چیرۆک
ئارام کاکەی فەلاح 52 لاپەڕە بنکەی سارا ، ستۆکهۆڵم 1991 .

**<< بۆ بازرگانانی رێگەی سوور >>**
شیعر
بینایی 52 لاپەڕە، 1991 .

# ▪ نامەی دۆستان ▪

شەوە، ئەستێرە بە زریوەن لە سەرمان
لە مانگی رووت هەناسەم بۆتە خەرمان
تکەی ئاونگی کزڵت تەڕ دەکا لێو
گەزۆ باری لە شەرمان و لەگەرمان
هەژار

بەڕێزان ئەوانەی بە دەرکردنی گۆڤاری خەرمانەوە ماندوو دەبن:
وێڕای سلاوی گەرمم، داوام سەرکەوتنتانە لە پێناو دەرکردنی گۆڤاری «خەرمانە»دا. بەو هیوایەی «خەرمانە» لە مانگی رووی تاسەباران ببێتە خەرمان و لە تریفە نەکەوێ. حەز دەکەم لەوەی بەولاوە بە ناردنی «خەرمانە» خەنیم بکەن.

داخوازی سەرکەوتنتان
هێدی
ئەلمان
1991.6.13

---

بۆ: دەستەی نووسەرانی خەرمانە
رێزو سلاوو خۆشەویستیم بۆتان.
لەم ماوەیەدا ئەو (10) ژمارەیەی «خەرمانە» کە ناردبوتان بۆم گەیشتە دەستم و پاش دوو رۆژ هەمووی لە لایەن خوێنەرانەوە ماشرایەوە، ئینجا ئێستاش خوێنەری تر هەیە کە دەیەوێت دەستی بکەوێت. ئینجا داواکارم لێتان کە (10) ژمارەی ترم بۆ بنێرن بۆ ئەوەی بۆتان بگەیەنم. لەگەڵ سەرف بوونی وەجبەی دووهەم پارەکانتان بە یەکەوە بۆ دەنێرم.

هیوا
ئەمسا
1991.7.23

---

برایانی بەڕێز دەستەی نووسەرانی خەرمانە!
بەختیاریتان بەختیاریمە...
هیوادارم سلاوو رێزم پەسەند بفەرموون...
پیرۆزبایی گۆڤارە نازیزەکەتان لێ دەکەم، هیوادارم هەمیشە قەلەمتان دیار بێ..دەستتان خۆش بۆ ئەو کارە پیرۆزەی لە ئاوارەییدا بەرهەمتان هێناوە، نیشانەی ئەوەیە کە هەمیشە خەمخۆری ووشەی بێ گەردو رەسەنن.

دلسۆزتان
هـ. پ.
1991 05 21

---

ئەم کاتەتان باش
بەهیوای سەرفرازیتان
بەهیوای دیدارتان
ئێمە ئەم چەند برادەرەی کە لە شاری بانەین هیوای سەرکەوتنی گەورەتان بۆ دەخوازین و خزمەتی ووشەی کوردی پیرۆز، لە ئەورووپا، لە ئێوەی دلسۆز چاوەڕوان دەکەین.
لەگەڵ رێزو سلاومان

س
بانە
1990.5.22

---

بۆ بەڕێزان دەستەی نووسەرانی گۆڤاری خەرمانە
رۆژتان باش و سلاوی برایانەتان لێ بێ، هەرکە ژمارەیەکی گۆڤاری «خەرمانە»م بە دەست گەیشت بەبێ سێ و دووکردن یەکسەر دەستم کرد بە خوێندنەوەی و هەتا تەواوم نەکرد وازم لێ نەهێنا.
لە کانگای دڵ و دەروونمەوە جوانترین پیرۆزبایتان لێ دەکەم و دەستتان دەگوشم و ئاواتی سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم. هیوادارم وێنەتان هەر لە زۆربووندا بێت.
بەراستی بابەتە هەمەجۆرەکانی ئەم گۆڤارە جۆرە تام و چێژێکی تایبەتیان هەیە و جیاوازن لەگەڵ گۆڤارو رۆژنامەو بلاوکراوە کوردییەکانی تر لە دەرەوەی ولاتدا.

براتان
مەهاباد کوردی ـ سوێد
1991.3.2

---

«گراو» لە دەسەبۆلفی ئەلمانیاوە دەڵێ:

وێبن، بڕێن!
تازە لێویشتان لە (ماچی سەددام) بسڕنەوە
ریشی پاسدارەکانی هاوڕێشتان
بە تف بخووسێنن
ئابرووی تکاویشتان بکڕنەوە...
هەڵەبجە لێتان خۆش نابێ
کوردستان لێتان خۆش نابێ.

هەواڵنامەی کتێب

## ڕوونکردنەوەیەک

لە گۆڤاری هەڵوێستی ژمارە (5)دا پارچەنووسینێک بە ناوی «دووچلی ووشکی دارێک و دوو شتی هێندێ شتی تریش» (ل91 - 102) لەلایەن کەسێکەوە بلاوکراوەتەوە.
ئەوەی بەلای منەوە گرنگە کە وەلامی بدەمەوە، نووسینی ناونیشانی دیوانەکە و ناوی شاعیرە ئەو کەسە نووسیویەتی: حەمە سەعید (ناوی خۆی لەسەری سەرەوە بە درشتی نووسیوە ل95).
«هەڵەبجە غەززەی خەمناکە» دیوانی شیعری کاک حەمەسەعید حەسەنە و من هەم تایپ و مۆنتاژم کردووە و هەمیش خەتەکانی ناوە و سەر بەرگم بۆی نووسیوە.
بەر لە هەموو شتێ لەبەر ئەوەی شاعیر چاونەترسانە بەرەنگار بۆتەوە و (ئەو بۆرژوایانەی ل101) ئەو کەسە داکۆکییان لێ دەکا و بە دالدەی رزگارکەری کوردستانیان دەزانێ و ئەوانیش دوژمنی بۆ ماچ باران دەکەن، لەلای شاعیر حەمەسەعید تەنیا رسواکردنیان پێ رەوا بینراوە و هەر بۆیەش من لە دلەوە شانازی بەوە دکەم کە هاوبەشییەکی بچووکم لە بلاوکردنەوەی ئەم دیوانەدا کردووە.
لە نووسینی خەتەکاندا من ستیلی خەتەکان و قەبارەیانم هەلبژاردووە و کاک حەمەسەعید ئاگای لێ نەبووە، کاتێ داوام لێ کرد کە خەتەکان ئامادەن، ئەگەر بکرێ سەیرێکیان بکا، بەلام ئەو لە وەلامدا گوتی لەبەر ئەوەی تۆ شارەزای چۆنیت پێ پەسندە وای لێ بکە.
من بۆ ناونیشانی کتێبەکە قەبارەی 8 ملم هەلبژارد و بۆ ناوی شاعیریش 5 ملم، جا ئەوەی رۆژێ چاوی بە بەرگی کتێبێک کەوتبێ دەزانێ خەتەکانی سەر بەرگ دەبێ گەورەتر بن لە ناوەوە و ناوی شاعیر یا نووسەریش بەزۆری لەسەرەوە دەنووسرێ و نووسینی خەت بە زلی یا بە ووردی هیچ کاری بە خۆبەزلزانییەوە نییە.
بەرای من ئەو جۆرە نووسینانە رەخنە نین بەلکو کوێرە پلارن و یان لە نەزانییەوە دێن یانیش لە دەرکردنی رقێکی کوێرانەوە و بەس.
«سەلاح رێبوار»

## کتێبی کوردی

بنکەی خەرمانە بۆ بلاوکردنەوەی چاپەمەنی کوردی
ئەم پەرتووکانەی لای خوارەوەی بە نرخێکی هەرزان لا دەست دەکەوێ.
داواکاریەکانتان وێرای نرخەکەی و هەقی پۆست بە ناونیشانی خەرمانە بنێرن. تا بتوانن بۆتانی رەوانە بکەین.

| | | | |
|---|---|---|---|
| میر | و. کەمال مەزهەر | 50 | کرۆنی سویدی |
| رشتەی مرواری | علاالدین سجادی | 35 | " |
| هەمیشە بەهار | علاالدین سجادی | 35 | " |
| هەندێک مەحاکەماتی مەزن لە مێژوودا | جمال بابان | 40 | " |
| دیوانی نالی | رازی | 20 | " |
| پەندی پێشینانی کورد | علی معروف شارەزووری | 20 | " |
| پەندەکانی پیرەمێرد | کاکەی فەلاح | 20 | " |
| ئەدەبی بیگانان | عەزیز گەردی | 20 | " |
| کچانی کورد | هێنی هارۆلدهانسن | 20 | " |
| | | 40 | " |
| ژیانی کوردەواری | ئاواز زەنگەنە | 20 | " |
| حیکایەتی مەلای مەشهور | | 15 | " |
| فەرهەنگی کوردی ـ ئینگلیزی | شوکت اسماعیل حسن | 75 | " |
| شیعری کوردی و ژیان و بەرهەمی شاعیرانی | د. عزالدین مصطفی رسولْ | 40 | " |
| گێلە پیاو | عەزیز نەسین | 30 | " |
| کەلیلە و دیمنە | و. توفیق | 20 | " |
| بالندەکانیش کۆچیان کرد | یەشار کەمال | 35 | " |
| دیوانی بێکەس | حەمەی مەلا کەریم | 40 | " |
| دیوانی مەحوی | حەمەی مەلا کەریم | 60 | " |
| شار | حسێن عارف | 25 | " |
| کلاڤەیەک ژانی تورە | حسێن عارف | 20 | " |
| دیوانی شوکری فەزلی | | 20 | " |
| حیزبی کەرامەت و حیزبی سەلامەت | عەزیز نەسین | 15 | " |

# KHARMANA

Literary and cultural kurdish journal

N 3
september
1991

Editor in chief
Hamasaeid Hassan

Editorial Board
Fazil Karim
Pishko

Tecnical Editor
Abbas Hamad

هەوالنامەی کتێب

ESKILSTUNA
91. 11. 29
Stads- o Länsbiblioteket

Adress :
*Kharmana*
Box 8
641 21 Katrineholm
Sweden

Postgirot : 6222726 - 9

# kHARMANA

Literary and cultural kurdish journal

BTJ2000
800 00 71 8664 16

N 3
september
1991